تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5668) چوارشەممە 9ی کانوونی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

فرسەت سۆفی: هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەت درێژەیان هەیە

هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان درێژەیان هەیە و ئەندامێکی شاندی دانوستانکاری پارتییش دەڵێت، لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان لەسەر هێڵن و لە دانوستان بەردەوامن.

فرسەت سۆفی، لە ئەندامانی شاندی دانوستانکاری پارتی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: گفتوگۆکان لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا بەردەوام دەبن، هەوڵەکانیش بۆ پێکهێنانی حکوومەت جیددین و پارتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا لەسەر هێڵە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای چەندین سەردان بۆ لای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان، لە هەوڵی جیددیدایە بۆ پێکهێنانی حکوومەت و لە 2018/12/3 سەرکردایەتیی پارتی، مەسروور بارزانی بۆ سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم و، نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێم دەستنیشان کرد.

کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکەی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک شکستیهێنا

ڕێبوار تاڵەبانی: هەر کۆبوونەوەیەک پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ بێت کۆبوونەوەیەکی نایاسایی دەبێت



عیرفان کەرکووکی: هەتا میلیشیاکان دەرنەکرێن و دۆخی کەرکووکیش ئاسایی نەکرێتەوە ئەنجوومەن کارا ناکرێتەوە

دوێنێ سێشەممە 2019/1/8 ژمارەیەک ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە یەکێتی و هەندێ لایەنی دیکە، هەوڵیاندا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکە ئەنجامبدەن بۆ لادانی ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بەڵام بە هۆی نەبوونی ڕێژەی یاسایی ئەو لایەنانە نەیانتوانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەکە ئەنجام بدەن بۆ لادانی ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی شەرعی ئەنجوومەنەکە. نوێنەری پارتی گەلی تورکمانیش دەڵێت، تاوەکو دۆخی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە و میلیشیاکان دەرنەکرێن، ئەستەمە بتواندرێت ئەنجوومەن کارا بکرێتەوە.

لەمبارەیەوە ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە خەباتی ڕاگەیاند هەر کۆبوونەوەیەک پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی پارێزگا بێت، ئەوا کۆبوونەوەیەکی نایاسایی دەبێت و پێچەوانەی یاساشە، بۆیە هەر کۆبوونەوەیەکی لەو جۆرە ئۆتۆماتیکی بەتاڵە و هەر شتێکیشی لەسەر بنیات بنرێت، باتڵە . لەبارەی هەوڵە یەک لە دوای یەکەکانی یەکێتی بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و شەرعیەتدان بەو کۆبوونەوانە، تاڵەبانی گوتی نەدەبوو ئەم حاڵەتە ببێت، چونکە لە لیستی برایەتیدا پێکەوە بڕیار دەدەین کە کۆبوونەوە بکرێت؟ چۆن بێت؟ هەر کەسێکیش پەیڕەوی ناوخۆ پێشێل بکات ، دواتر دەبێت خۆی تەحەمولی بەرپرسیارێتییەکەی بکات.

ڕوونیشیکردەوە کە هەموو لیستەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا دەبێت پەیوەست بن بە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکەوە، نەک تەنیا یەکێتی، بەڵکو لایەنەکانی دیکەش کە هەوڵی بەشداری لە کۆبوونەوەکە بدەن، ئەوەش هەڵەیە و دەبێ چارەسەر بکرێت.

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە



بانگخوازێکی مۆریتانی بۆ خەبات: ئەگەر خۆمان ئازایانە ریفۆرمێکی ئایینی نەکەین داعش لە جیهاندا دەبێتە نوێنەری ئیسلام

د.محەمەد خورشید: یەکێتی بۆ کۆبوونەوەکەی کەرکووک تەواوی ئەندامەکانی خۆیشی بۆ کۆنەکرایەوە



بڕیار بوو دوێنێ سێشەممە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە سەرۆکی ئەنجوومەنەکە ڕێبوار تاڵەبانی بەڕێوەبچێت. بەڵام دواتر بە هۆی تەواونەبوونی ڕێژەی یاسایی نەتواندرا بەڕێوەبچێت. بەشێک لە لیست و لایەنەکانیش بڕیاریان دابوو کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بەڕێوەبچێت و دەنگ لەسەر ئەندامێکی ئەنجوومەن بدرێ بۆ ئەوەی لە شوێنی سەرۆکی ئێستای ئەنجوومەن ڕێبوار تاڵەبانی دەستبەکاربێت.

د.محەمەد خورشید بەرپرسی لقی 3ی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ماڵپەڕی کوردستان تیڤی ڕاگەیاندووە، هەوڵەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکێکی نوێ شکستیهێناوە. ڕاشیگەیاند، یەکێتی ئەندامەکانی خۆشی بە تەواوی پێ کۆنەکرایەوە، محەمەد خورشید ڕاشیگەیاند، سوپاسی هەڵوێستی لایەنی عەرەبی و تورکمانی و مەسیحی و یەکگرتوو و بەشێک لە لایەنەکانی دی دەکەین کە بەدەم بانگەوازی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتن.

بەرپرسی لقی 3ی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاشیگەیاند: هیوادارین یەکێتی لە چوار چێوەی کاری نیشتمانی و پێکەوەبوون دەرنەچێت، کارکردمان بە هەموو لایەک پێکەوە بوون بێت لەپێناو کەرکووک و کوردستان بێت نەک بڕیاری گۆڕینی ڕێبوار تاڵەبانی بدرێت کە سەرۆکی شەرعی ئەنجوومەنەکەیە.

د.محەمەد خورشید ڕایگەیاند: گۆڕینی ڕێبوار تاڵەبانی نایاسایە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شکستیهێناوە لە کۆبوونەوەکە بۆ ئەوەی سەرۆکێک هەڵبژێرن. بەرپرسی لقی 3ی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاشیگەیاند، لە کۆبوونەوەکەی ئەنجوومەندا لە کۆی 40 ئەندام تەنیا 10 ئەندام کۆبووبوونەوە.

پسپۆڕێکی زانکۆی قاهیرە: کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگیی سیاسی و سەقامگیریی هەیە

2

هەنگاوێکی دڕەنگ بەڵام بەجێ

سەلام عەبدوڵلا

یەکێک لەو هۆکارانەی کە پارتە کوردییەکانی باکوور نەیاندەتوانی سوود لەو مۆڵەتە دیموکراتیەی نێو تورکیا وەربگرن، مەسەلەی پەرتەوازەییان بوو کە هەر حزبەو بەجیا بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی دەکردو بەوپێیەش دەنگی پێویستی نەدەهێنا کە بچێتە نێو پەرلەمان و بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکات و داخوازییەکانی گەلی کورد لە ڕێگەی مۆڵەتی دیموکراتییەوە دەستەبەر بکات.

بەوپێیە بەربەستی چوونە نێو پەرلەمانی تورکیا تا ڕادەیەک سەخت بوو، چونکە دەبوو ئەو پارتانەی کەمتر 10%ی دەنگ دەهێنن نەتوانن ئەو بەربەستە ببڕن و بچنە نێو پەرلەمانەوەو تا بۆ یەکەمین جار پارتی دیموکراتی گەلان توانی ئەو بەربەستە ببەزێنێ و بە سەنگێکی باشەوە بچێتە نێو پەرلەمان، ئەگەرچی هەدەپە وەک پارتێکی کوردی خۆی ڕانەگەیاند، چونکە لە ڕاستیدا تەنیا کورد دەنگی بەو پارتە نەدا، بەڵکو جگە لە کورد، تورک و لەناو پێکهاتەکانی تری تورکیاشدا دەنگی پەیدا کردو بەوپێیەش توانی بچێتە نێو پەرلەمانەوە.

ئێستا کە پارتە کوردییەکان و هەدەپەش لەو ڕاستیە گەیشتن کە هۆکاری لاوازبوون و بێهێزیان لە پەرتەوازەیی خۆیاندا بووە، بۆیە ئەم ڕێکەوتنەی ئێستا کە پارتە کوردییەکان پێکەوە واژۆیان لەسەر کردووە بۆ بەشداربوونی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا بە هەدەپەشەوە بە هەنگاوێکی زۆر بەجێ و پێویست دەزانرێ کە دەتوانرێ گەرەنتی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا بە گەلی باکوور بدات و ئەمجارە وەک کورد بەشداری هەڵبژاردن بکات نەک وەک حزب، بۆیە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە دەنگێکی باش مسۆگەر بکات بەتایبەتی کە خەڵکانێکی زۆر هەن بێ لایەنن و سەر بەهیچ پارتەک نین، بەڵام دەنگ بەو بەرەیە دەدەن، چونکە دەتوانێ پێکەوە داکۆکیکارێکی بەرچاو و بەسەنگ بن لە داخوازییەکانی گەلەکەیان و بەوپێیەش ئەو بەرەیە دەتوانێ هەموو ئەو شارەوانیانەی لە دەستیان داوەو دراوە بە (قەیوم) جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ کورد و نوێنەری ڕاستەقینەو هەڵبژێراوی خۆیان.

گرنگ ئەوەیە ئەم بەرەیە یان ئەم هاوپەیمانیەتە بەردەوام بێت و ئەمجارە ئەو هێزە یەکگرتووە بخرێتە خزمەت هەڵبژاردنەکانی داهاتووەوەو بەوپێیەش ژمارەیەک کورسی بەرچاو بۆ گەلی کورد لە پەرلەمانی تورکیا دەستەبەر بکات. کورد دەمێکە دەڵێ هێز لە یەکگرتندایەو پەرتەوازەیی لاوازیی دەخولقێنێت، پیرۆزبایی لەم یەکگرتنە دەکەین و هیواداربن سوود لەو مۆڵەتە دیموکراتیە ببینرێ و داخوازییەکانی گەلی کورد لە باکوور لە ڕێگەی دیموکراتییەوە دەستەبەر بکرێت.

نووسینگەکانی جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە مووسڵ و کەرکووک دەکرێنەوە

3



مانەوەی پەکەکە لە چیاکان بووەتە هۆی شەهیدبوونی 18 کەس بە بۆردوومانی تورکیا

قایمقامی ئامێدی: لە ماوەی ڕابردوو بە هۆی پەکەکە و تورکیا نزیکەی 20 کەس شەهید و بریندار بوون

ئیسماعیل مستەفا قایمقامی شارۆچکەی ئامێدی بە ماڵپەڕی وشەی ڕاگەیاندووە: تۆپباران و بۆردوومانی سوپا و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە پاساوی بوونی بنکە و بارەگای پارتی کرێکارانی کوردستان لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی بەردەوامی هەیە و خەڵکی ناوچەکە دەبنە قوربانی. ئەوەشی گوتووە: وەک قایمقامییەتیی ئامێدی لە نزیکەوە سەردانی هەموو ناوچە بۆردوومانکراوەکانمان کردووە و دواتر ڕاپۆرتی تایبەتمان لەسەر قەرەبووی ئەوان ئامادە کردووە و بۆ لایەنی پێوەندیدارمان ڕەوانە کردووە، بەتایبەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دەرەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکمان پێ نەدراوەتەوە.



ئاوەدانییەکانی ئامێدی دوور بگرن، بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکە نەبێتە قوربانی.

گوتیشی: پێویستە پەکەکە و تورکیا ڕێز لە سەروەری هەرێمی کوردستان و عێراق و خودی هاوواڵتیانیش بگرن، چونکە ئێستە بەهۆی ئەوانەوە ڕاستەوخۆ مەترسی بۆ سەر ژیانی هاوواڵتیانی ناوچەکە و گوندنشینان دروستبووە، لە ماوەی ڕابردووداو بە هۆی پەکەکە و تورکیا نزیکەی20 کەس شەهید و بریندار بوون، ئەمە جگە لەوە کە سەدان ملیۆن دۆلار زیان بە ڕەز و باغات و موڵکی هاوواڵتیان گەیشتووە و ژینگە تێکدراوە.

دەیان جار خەڵکی ئەو ناوچانە داوایان لە حکوومەت کردووە، بە فەرمی داوا لە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بکەن ناوچەکانیان چۆڵ بکەن، چونکە ژیانیان کەوتووەتە مەترسییەوە و زۆر جار بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، جیاوازی لە نێوان گوندنشینان و گەریلایان پێ ناکرێ و دەکەونە ژێر تۆپبارانەوە.

قایمقامی شارۆچکەی ئامێدی لە درێژایی قسەکانیدا ڕاشیگەیاندووە کە ئەوان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە چەندان جار داوایان لە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان کردووە خۆیان لە ناوچە هەڵەکە بکێشنەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکیان پێ نەدراوەتەوە.

ئێستا لە ناوچەکە گیانبەختکردن بە پەکەکە بە ئەرکێکی نیشتمانی دادەنرێت و ئەوانەی کە لە ئاکامی بۆردوومانەکانی تورکیا و پەکەکە گیانیانلەدەستداوە بە پێی یاسا وەک شەهید لە ماوەی سالێ ڕابردوو، مامەڵە لەگەڵ کەیسەکەیان دەکرێت.

کادیرانی پارتی لە سنووری سلێمانی لەژێر هەڕەشەی هێزە ئەمنییەکاندان

عەتا شێخ حەسەن: لیژنەی ئەمنیی سلێمانی بەرپرسیارن لە پاراستنی ژیانی کادیران و بارەگاکانمان



بەرپرسێکی پارتی: ژیانی کادیرانمان لە سنووری سلێمانی پارێزراو نییە

کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی سلێمانی بەشێوەیەکی بەردەوام لەژێر هەڕەشە و گوشاردان و بەرپرسێکی پارتیش ڕایدەگەیەنێت کە ژیانی پارتییەکان لە سلێمانی پارێزراو نییە.

بەگوێرەی باسنیوز هێزە ئەمنییەکانی سلێمانی لە ماوەی ڕابردوودا بە جۆرێک بەرامبەر بە کادیرانی پارتی زیاتر بوو.

پێشتریش دەزگا ئەمنییەکانی سلێمانی ئەزموونێکی تاڵیان بە کادیرانی پارتی نیشانداوە، دروست کردووە، وەک ئەوەی بەردەوام لەژێر هەڕەشەی هێزە ئەمنییەکاندا بن. بەتایبەتیش پاش ئەوەی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی سەرخێڵ ئەکبەر حاجی ڕۆستەم، ئەندامی لقی 4ی پارتی، لە لایەن دژە تیرۆری یەکێتییەوە بۆ ڕفاندنی و بە سیاسیکردنی کەیسەکەی قۆستراوەتەوە، ئەم هەستەی کادیرانی پارتی زیاتر بوو.

هەروەک لە مانگی ئاداری 2017، نەشمیل محەمەد، پەیامنێری کەناڵی کوردستان تیڤی، لە کاتی ڕوومالکردنی خۆپیشاندانی مامۆستایانی نارازی، لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی سلێمانییەوە بەشێوەیەکی ناشارستانی ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجە دەبنەوە و هێزە ئەمنییەکانیش کامێراکەی کەناڵەکەیان دەشکێنن.

هەروەها ئەیوب عوسمان، ناسراو بە (ئەیوبە ڕیشە) کە پێشمەرگەیە لە هێزەکانی 80ی هێوا، پەیامنێری کەناڵی کوردستان تیڤی و دابان سەروەر، کامێرامانی کەناڵەکە، لە کاتی ڕوومالکردنی خۆپیشاندانی مامۆستایانی ناڕازی، لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی سلێمانییەوە بەشێوەیەکی ناشارستانی ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجە دەبنەوە و هێزە ئەمنییەکانیش کامێراکەی کەناڵەکەیان دەشکێنن.

هەروەها ئەیوب عوسمان، ناسراو بە (ئەیوبە ڕیشە) کە پێشمەرگەیە لە هێزەکانی 80ی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە لایەن ئاسایشی سلێمانی تۆمەتێکی بۆ دروستکرا و دەستگیرکرا، بەڵام کادیرەکەی پارتی هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەبوو و دوای ماوەیەک ئازاد کرا.

لەبارەی ئەو هەڕەشانەوە، عەتا شێخ حەسەن، گوتەبێژی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی سلێمانی-هەڵەبجەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: هێزێکی باڵادەستی سلێمانی، سالانێکە هەوڵی ئەوە دەدات کە دەست بەسەر فەزای سلێمانیدا بگرێت، بەڵام شاری سلێمانی بەڕێژەی 12%ی زیاتر جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستانی تێدایە، بۆیە هەر دەستدرێژییەک بۆ سەر کادیرێکی ئێمە، پێمان وایە کە دەستدرێژییە بۆ سەر 12%ی شارەکە، بێگومان ئێمە تەمەنای ئەوە دەکەین کە سیمای شاری سلێمانی، هیچ هێزێکی سیاسی تێکی نەدات.

هیوای ئەوەشی خواست کە بارودۆخەکە لە قۆناغی ئێستادا بوەستێت، تاوەکوو تەنگەژەی زیاتر ڕوونەدات و ئەوانەی پێشتر ڕوویانداوە، دووبارە نەبنەوە، چونکە لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێک نییە و خزمەتی ڕەوشی کوردستان و ئەم قۆناغە هەستیارەی کوردستان ناکات.

جەختیشی لەوە کردەوە کە دەستگیرکردنی کادیرەکانی پارتی، سەرەتایەکی خراپە کە خزمەتی پێکەوەژیان و ئەم قۆناغەی ئێستای هەرێمی کوردستان ناکات، بۆیە هیوادارین لەم ئاستەدا کۆتایی بەو تەنگەژانە بهێنرێت .

عەتا شێخ حەسەن نەیشارددەوە کە ڕووداوەکانی پێشتر ئەوە دەسەلمێنن، ژیانی کادیرەکانی لە سنووری پارێزگای سلێمانی، زۆر پارێزراو نییە، چونکە چەندینجار تەقە لە بارەگای ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە، بەڵام هەر حاڵەتێکی لەو شێوەیە ڕووبدات، لیژنەی ئەمنیی شاری سلێمانی، بەرپرسیارن لە پاراستنی بارەگاکانمان، هەروەها پاراستنی سەر و مااڵی کادیرەکانمان، بەڵام بەداخەوە، چەند جارێک تەقە لەبارەگاکانمان کراوە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە هێزە ئەمنییەکان بەرامبەر بە بارەگاکانیشمان خەم سارد بوون.

پسپۆڕێکی زانکۆی قاهیرە: کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگیی سیاسی و سەقامگیریی هەیە

بەگوێرەی زانیارییەکان ئەنقەرە رازی بووە بە دواخستنی بڕیاری هێرشکردنە سەر ڕۆژهەڵاتی فورات، بەڵام هێشتا ڕوون نییە کە ئایا ببڕۆکەی هێرشکردنە بە تەواوی هەڵوەشاوەتەوە یان تەنیا دواخستنە. بە گوێرەی دەنگی ئەمەریکا، دکتۆر موستەفا علوی، پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی قاهیرە ڕایگەیاند: تورکیا وەک ئەندامێکی هاوپەیمانێتی ناتۆ، وڵاتێکی گرنگە بۆ ئەمەریکا و بۆ ئەوروپای ڕۆژئاواش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیە ئاڵۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرانبەریشدا کورد وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی لە سووریادا و تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا هەمان ئەو گرنگییە سیاسییەی هەیە بۆ سەقامگیریی لە ناوچەکەدا و هەروەهاش بۆ چارەسەرکردنێکی سیاسییانەی قەیرانی سوریا و دەشڵێت هەر پەرەسەندنێک لە ڕەوشی سیاسی و ئاسایشی سووریادا ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێ بەسەر دۆزی کوردەوە، نەک هەر لە سووریادا بەڵکو لە ناوچەکەشدا. دکتۆر علوی جەخت دەکاتەوە کە باشترین بژارە لە نێوان کورد و تورکیادا، ڕەخساندنی زەمینەی لێکتێگەیشتنی هاوبەشە و ئەوجاش هەنگاونان بەرەو ڕێککەوتنێکی هەمیشەیی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی یەکتر.

دکتۆر مستەفا علوی ئاماژەش بەوە دەکات لە کۆتاییدا نەخشەی سووریا دەگۆڕدرێت وەک دوا بەرەنجامی ئەو ململانێیانەی لە سووریادا هەن و دەڵێت ململانێکان لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەییدا بوونەتە هۆکاری سەرەکی گرێکوێرەی ئەم قەیرانە لەو سۆنگەیەوەی بۆ نموونە ئێستا دوو بەرنامە هەن بۆ چارەسەری سیاسی، یەکێکیان لە ژنێڤەوە و ئەوی تریشیان لە ئەستانەی کازاخستانەوە، وەک دەڵێت پێکدادانی ئەو دوو پرۆسەیە بۆ ئاشتی جۆرێکە لە شەڕێکی تری بەرژەوەندییەکان، نەک هەوڵێکی ڕژد بۆ چارەسەرکردن و هێنانە ئارای سەقامگیری.

کۆشکی سپی: سەرۆک ترەمپ کشانەوەیەکی پارێزراوی دەوێت بۆ هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا

کۆشکی سپی ڕایگەیاند: سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ گرەنتی پارێزراوی هێزەکانی ئەمەریکای دەوێت لەگەڵ کشانەوەیان لە سووریادا و هەروەها دەشڵێت: هەڵوێستیی خۆی سەبارەت بە کشانەوەکە نەگۆڕیوە. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ڕاوێژکاری ئاسایشی ئەمەریکا جۆن بۆڵتن کۆمەڵێک مەرجی بۆ کشانەوەکە دانا کە پێدەچێت چەند مانگێک بخایەنێت. بە گوێرەی دەنگی ئەمەریکا، گوتەبێژی کۆشکی سپی مەرسیدس شلاب بە کەناڵی فۆکس نیوزی ڕاگەیاندووە کە سەرۆکی ئەمەریکا هەڵوێستەکەی خۆی نەگۆڕیوە، ئاماژەشی بەوەداوە ئامانجی سەرەکی ئەو پارێزراوی هێزەکانمان و پارێزراوی هاوپەیمانەکانمانە. گوتیشی: لەبەر ئەوە وەزارەتی بەرگری پلانێک پێشکەشدەکات بۆ کشانەوەی هێزەکانمان بە ئاشتی.

ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا جۆن بۆڵتن ڕۆژی یەکشەمە مەرجێکی نوێی دانا بۆ کشانەوەی ئەمەریکا لە سووریا و گوتی دەیێت تورکیا ڕازی بێت لەسەر پاراستنی کورد کە هاوپەیمانی ئەمەریکان. ڕۆژی یەکشەمە سەرۆک ترەمپ دووبارە جەختی لەوە کردەوە ئەمەریکا هێزەکانی لە سووریادا دەکشێنێتەوە، بەڵام ئامانجی بەوەدا ئەم هەنگاوە لەوانەیە بەخێرایی جێبەجێ نەکرێت.

بانگخوازێکی مۆریتانی بۆ خەبات: ئەگەر خۆمان ئازایانە ڕیفۆرمێکی ئایینی نەکەین داعش لە جیهاندا دەبێتە نوێنەری ئیسلام



خەبات-مەریوان نەقشبەندی:

بەپێی بڕچوونی بانگخوازێکی مۆریتانی کە لە شاری بریتۆریای باشووری ئەفریقا دادەنیشێت، لەم 20 ساڵەی دواییدا بە هۆی گرووپ و تاقمە چەکدارە ئیسلامییە تووندڕۆکانەوە، بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە کیشوەری ئەفریقیا بە گشتی زۆر لاواز بووە و بەراورد ناکرێت بە گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە هیچ کیشوەرێکی دیکەی جیهان، مەعاویە محەمەد ولداوی کە بانگخوازێکی ئیسلامی مۆریتانییە و لە شاری بریتۆریای باشووری ئەفریقیا دادەنیشێت و لە ساڵی2009 لە یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری بریتۆریا بۆتە وتاربێژ، سەبارەت بە گەشەکردنی ئایینی ئیسلام لە باشووری ئەفریقیا و شەڕی نێوان ئیسلامی و مەسیحییەکانی ئێستای نەیجیریا چەند پرسیارێکم لە ڕۆژنامەی خەباتەوە ئاراستە کرد و ئەویش لە وەڵامدا گوتی: نەک هەر لە نەیجیریا، بەڵکو لەسەرتاسەری کیشوەری ئەفریقیاش گەشەکردنی ئایینی ئیسلام لەناو خەڵکی غەیرە موسڵماندا زۆر لاوازە و ئەویش زیاتر بۆ تووندڕۆیی و فەتوا و هەڵسوکەوتی ئەو کەسایەتی و گرووپە تووندڕۆیانەی ئەم کیشوەرەوەیە کە بە ناوی ئیسلامەوە هەڕەشە و کاری تووندوتیژی دەکەن و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانی ئەم کیشوەرە حەزەر لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکەن و گوتیشی بە هەموو توانایەک هەوڵ دەدەین ئەم ترسە لە لای ئەفریقیەکان بڕەوێنینەوە و تێیان بگەیەنین کە ئایینی ئیسلام ئایینی ئاشتی و پێکەوەژیانە.

لە درێژەی لێدوان و وەڵامەکانی ئەم بانگخوازە مۆریتانیە گوتیشی: پێویستە ڕیفۆرمێکی ئیسلامی هاوچەرخ لە ئەفریقا بکرێت بۆ ئەوەی داعش نەبێتە واجیهەی ئیسلام و موسڵمانان لە جیهاندا، ئەم ڕیفۆرمەش دەبێ خۆمان بیکەین ئەگەرنا گۆڕانکارییەکانی دنیا و عەولەمە و زانست پێمان دەکات کە ڕەنگە ئەوکات هیچ بەهایەک بۆ بانگخواز و پیاوی ئایینی نەمابێتەوە.

ڕۆژانە بە سەدان تانکەر نەوتی کەرکووک بۆ ئێران دەگوازرێنەوە



بە گوێرەی کوردستان24 ڕۆژانە سەدان تانکەری نەوت لە شاری کەرکووکەوە ڕەوانەی ئێران دەکرێن، بەتایبەتی لە ڕێگەی باشماخ و شاری مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕۆژانە سەدان تانکەر نەوتی کەرکووکی پێدا دەگوازنەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە ئەمەریکا کوردی ئاگادارکردووەتەوە کە نابێ نەوت بە ئێران بفرۆشن.

ئەگەرچی بە هۆی بواری ئەمنی، شوفێری تانکەرەکان ناوێرن بە ئاشکرا قسە بکەن، بەڵام دەڵێن لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە بە بەردەوامی نەوتی کەرکووک بە تانکەر ڕەوانەی ئێران کراوە. وەک خۆیان باسی دەکەن، ڕۆژی واهەبووە 30 هەزار بەرمیل و هەندێ جاریش ڕۆژانە 60 هەزار بەرمیل لەو ڕێگەیەوە ڕەوانەی پاڵاوگەکانی تەورێز و کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراون.

ئەو کاتەی دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا گوتی: کورد هەندێک نەوتیان هەیە و بە ئێرانی دەدەن و ئەوەش دڵخۆشیان ناکات، هەموو سەرنجەکان بۆ نەوتەکەی کەرکووک چوون، چونکە پێشتر ئاژانسی ڕۆیتەرز ڕایگەیاندبوو کە ئێران بۆ کەمکردنی گوشاری گەمارۆکانی ئەمەریکا کەڵک لە نەوتی کەرکووک وەردەگرێت، هەفتەی پێشتریش ڕێک پێچەوانەی ئەمەریکا سەردانی هەولێری کردبوو، بۆ ئەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان هەموو بازرگانییەکی وزە لەگەڵ ئێران ڕابگرن، لێدوانەکەی ترەمپ دەریخست کە هێشتاش نەوتی کەرکووک ڕەوانەی ئێران دەکرێت.

لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر گرووپێک لە دەرەوەی یاسا و بە بێ گەڕانەوە بۆ هەرێمی کوردستان و حکوومەتی بەغدا بەشێک لە نەوتی کەرکووک بە قاچاغ هەناردەی ئێران دەکەن، ئەو نەوتە جگە لەوەی خەریکە ئەمەریکا لەدژی کورد هان دەدات، هاوکات ڕێگەوبانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی وێران کردووە هیچ سوودێکیشی بۆ کوردستانیان نەبووە.

هەسەدە لەبارەی کشانەوەی سوپای ئەمەریکا داوای ڕوونکردنەوە لە ئیدارەی ترەمپ دەکات

هێزەکانی سووریای دیموکراتی کوردستان (هەسەدە) لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا داوای ڕوونکردنەوە لە ئیدارەی ترەمپ دەکات. لەبارەی لێدوانەکەی ئەم دواییە جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، سەبارەت بە نەکشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاندبوو، تا ئەو کاتەی داعش لەناوەدچێت و دڵنیابنەوە لەوەی کورد پارێزراو دەبێت، هەسەدە ڕایدەگەیەنێت هیچ شتێکی فەرمیان پێ نەگەیشتووە و چاوەڕێی ڕوونکردنەوەی ئیدارەی ئەمەریکا. بە گوێرەی کوردستان 24 بەدران چیا کورد، ڕاوێژکاری سیاسی بەڕێوەبەری خۆسەر ڕایگەیاندووە: تائێستا هیچ شتێکی فەرمیمان لەبارەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا پێنەگەیشتووە، بەڵکو ئەوەی بیستوومانە تەنها لە میدیاکان بووە لە زاری بۆڵتن، ئێمە ناتوانین بە فەرمی مامەڵە لەگەڵ ئەو لێدوانە بکەین، چاوەڕێی هەڵوێستی فەرمی ئیدارەی ئەمەریکاین کە ڕوونکردنەوە بدات. بۆڵتن گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە تورکیا دەیەوێت کورد بسڕێتەوە، بۆیە داوای گەرەنتی دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە ئێستا شاندێکی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی جۆن بۆڵتن ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لە تورکیایە و بڕیارە لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا و ژمارەیەک بەرپرسی دیکە کۆبنەوە و دۆخی سووریا و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتە گفتوگۆی لە بارەوە دەکرێت.

کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکەی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک شکستیهێنا

رێبوار تاڵەبانی: هەر کۆبوونەوەیەک پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ بێت کۆبوونەوەیەکی نایاسایی دەبێت

عیرفان کەرکووکی: هەتا میلیشیاکان دەرنەکرێن و دۆخی کەرکووکیش ئاسایی نەکرێتەوە ئەنجوومەن کارا ناکرێتەوە



دوێنێ سێشەممە 2019/1/8 ژمارەیەک ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە یەکێتی و هەندێ لایەنی دیکە، هەوڵیاندا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکە ئەنجامبدەن بۆ لادانی رێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بەڵام بە هۆی نەبوونی رێژەی یاسایی ئەو لایەنانە نەیانتوانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەکە ئەنجام بدەن بۆ لادانی رێبوار تاڵەبانی سەرۆکی شەرعی ئەنجوومەنەکە. نوێنەری پارتی گەلی تورکمانیش دەڵێت، تاوەکو دۆخی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە و میلیشیاکان دەرنەکرێن، ئەستەمە بتواندرێت ئەنجوومەن کارا بکرێتەوە.

لەمبارەیەوە رێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە خەباتی ڕاگەیاند هەر کۆبوونەوەیەک نوێنەری پەیڕەوی ناوخۆی پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ بێت و پێچەوانەی یاساشە، بۆیە هەر کۆبوونەوەیەکی لەو جۆرە ئۆتۆماتیکی بەتاڵە و هەر شتێکیشی لەسەر بنیات بنرێت، باتاڵە . لەبارەی ئەنجوومەنی پارێزگا بێت، هەوڵە یەک لە دوای یەکەکانی یەکێتی بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و شەرعیەتدان بەو کۆبوونەوانە، تاڵەبانی گوتی نەدەبوو ئەم حاڵەتە ببێت، چونکە لە لیستی برایەتیدا پێکەوە بڕیار دەدەین کە کۆبوونەوە بکرێت؟ چۆن بێت؟ هەر کەسێکیش پەیڕەوی ناوخۆ پێشێل بکات ، دواتر دەبێت خۆی تەحەمولی بەرپرسیارێتییەکەی بکات.

ڕوونیشیکردەوە کە هەموو لیستەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا دەبێت پەیوەست بن بە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکەوە، نەک تەنیا یەکێتی، بەڵکو لایەنەکانی دیکەش کە هەوڵی بەشداری لە کۆبوونەوەکە بدەن، ئەوەش هەڵەیە و دەبێ چارەسەر بکرێت.


هەر لەمبارەیەوە نوێنەری پارتی گەلی تورکمانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، عیرفان کەرکووکی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: هەفتەی ڕابردوو لە کەرکووک کۆبوونەوە لەنێوان چەند لایەنێکدا کرابوو بۆ ئەوەی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕۆژی سێشەممە کۆبوونەوەی ئاسایی بکرێت، بەڵام ئەوانەی ئیمزایشیان کردبوو، بەشداریان نەکرد، ئێمەیش هەر زوو هەڵوێستیی خۆمان دەربڕی و باسمان لەوەکرد کە سەرکەوتوو نابێت، چونکە تەوافوق نەبوو، بۆیە بەو شێوە ناتواندرێ ئەنجوومەن کارابکرێتەوە.

کەرکووکی گوتیشی: تاوەکو لیستی برایەتی تەوافوق لەنێوان خۆیدا نەکات، ئەستەمە بتواندرێت ئەنجوومەن کارابکرێتەوە، بۆیە پێویستە سەرەتا دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، ئاوارەکان بگەڕێنەوە، دۆخەکە کێشەی نەبێت و هێزە میلیشیاکان لە کەرکووک دەربکرێن، ئینجا ئەنجوومەن کارا بکرێتەوە، ئەگەر نا ناتواندرێت ئەنجوومەن کارا بکرێتەوە. دەشڵێت: لە کەرکووک بارەگاکان داگیرکراون و ناو شار هەمووی میلیشیایە، بۆیە بەوجۆرە ناتواندرێت ئەنجوومەن کارا بکرێتەوە و ئەگەر بەو شێوەیە بێت، چارەنووسی هەر کۆبوونەوەیەک، وەک کۆبوونەوەی دوێنێ دەبێت و شکست دەخوات.

پێشتر رێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاندبوو کە کۆبوونەوەکە ئەگەر بشکرێت نایاسایە و چاوەڕوانی هەڵوێستی سەرۆک بارزانی دەکەین، چونکە سەرۆک بارزانی بە باشی ئاگاداری ڕەوشی کەرکووکە.

مەیادە نەجار: بەپێی شایستەی هەڵبژاردن دەبێ پارتی وەزارەتێکی دیکەی عێراقی پێ بدرێت

سەرۆکوەزیرانی عێراق سێ کاندیدی بۆ سێ وەزارەتی عێراقی پێشنیاز کرد کە تاوەکو ئێستا یەکلانەکراونەتەوە. لە نووسراوێکدا کە واژۆی لەسەر کردووە، عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق سێ کاندیدی پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە و داوای کردووە بخرێنە بەردەم پەرلەمانی عێراق، تاوەکو متمانەیان پێ بدرێت. بەپێی نووسراوەکە، عادل عەبدولمەهدی هەریەک لە فالح فەیازی بۆ وەزارەتی ناوخۆ، سەلیم جبووری بۆ وەزارەتی بەرگری و دادوەر رزگار محەمەدئەمینی بۆ وەزارەتی داد کاندید کردووە، بەڵام تاکو ئێستا نووسراوەکە بە فەرمی لە لایەن نووسینگەی سەرۆک وەزیرانەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، پۆستی وەزیری داد وەربگرێت. لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستانیش پێداگری لەسەر وەرگرتنی وەزارەتێکی دیکە دەکات و بۆ ئەم مەبەستەش بەیانیی دوێنێ سێشەممە، مەیادە نەجارِ، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند، پارتی پێیوایە بەپێی شایستەی هەڵبژاردنی خۆی، دەبێت پۆستی وەزارەتێکی دیکەی عێراقی بە عەبدولمەهدی لە هەر سەرکردەیەکی تری وڵاتانی عەرەبی بەپەلەتربێت بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ئیسرائیل. هەر لەسەر ئەم لێدوانە چەند پەرلەمانتارێکی عەسائیبی ئەهلی حەق و شیعەکانی نزیک لە ئێران داوایان لە عادل عەبدولمەهدی کردووە وەڵامی ڕاشکاوانەی وەزیری دەرەوەی عێراق بداتەوە تا بزانین ئەوە ڕای شەخسی خۆی بووە یان بەناوی حکوومەتی عێراقیشەوە قسەی کردووە و دەڵێن ئەگەر عادل عەبدولمەهدی هەڵوێستی روونی نەبێت ئەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە کار دەکەین بۆ ئەوەی متمانە لە وەزیری دەرەوە بسەنرێتەوە.



نووسینگەکانی جێبەجێکردنی ماددەی140 لە مووسڵ و کەرکووک دەکرێنەوە

بڕیارە ئەمساڵ نووسینگەکانی ماددەی 140ی دەستووری عێراق لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکرێنەوە و پەرلەمانتارێکیش دەڵێت، لە ناوچەکانی دیکەی عێراق قەرەبووی ماددەی 140 بەردەوام بووە و تەنیا کەرکووک و مووسڵ نووسینگەیان داخرابوو و خەریکی کردنەوەیانن.

شیروان دووبەردانی، ئەندامی لیژنەی هەرێم و پارێزگان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای کرد: ئێمە، وەک لیژنە، بە فەرمی نووسراومان کردووە بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بە ڕەزامەندیی سەرۆکی پەرلەمان بۆ کردنەوەی نووسینگەکانی ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ناوچەکانی مووسڵ و کەرکووک تا ئەو هاوواڵتییانەی ماددەکە دەیانگرێتەوە سوودمەند بن لە قەرەبووی حکوومەتی عێراق، چونکە سااڵنی ڕابردوو قەرەبووی ماددەی 140 لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بەردەوام بووە و تەنیا نووسینگەکانی کەرکووک و نەینەوا داخرابوون، ئێستا ژمارەی ئەو هاوواڵتیانەی لە سنووری هەردوو پارێزگای نەینەوا و کەرکووک زەرەرمەند بوونە، دیار نییە، بەاڵم لە دیالە سێ هەزار و 500 خێزان ماون. ئەندامەکەی لیژنەی هەرێم و پارێزگاکان بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتیشیەتی: ماددەی 140 هەموو عێراق دەگرێتەوە، بەداخەوە غەدرێکی زۆر لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی نەینەوا و کەرکووک کراوە، لەبەر ئەوەی قەرەبووی ماددەی 140 لە هەموو عێراق بەردەوام بووە و تەنیا لەو سنوورانەی باسم کرد، نەبووە. ئێمە ژمارەیەک پەرلەمانتارین کە عەرەبی سوننەشمان لەگەڵە لەهەوڵداین ئەمساڵ نووسینگەکانی140 لە کەرکووک و نەینەواش بکرێنەوە و دەستبەکارەکانیان بکەن. شیروان دووبەردانی ڕوونیکردەوە: ئەمساڵ نووسینگەکان دەکرێنەوە و هەر خەڵکێک لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو تا کاتی لەناوچوونی ڕژێمی بەعس زیانی پێ گەیشتبێت ئەوە بەپێی یاسا و دەستوور مافی قەرەبووکردنەوەی هەیە، بەتایبەتی هەندی ناوچە هەن لەگەڵ قەرەبووکردنەوە، ڕەوشەکەیان ئاسایی دەکرێتەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان، ئێمە پێشتریش و ئێستاش جدیین لەسەر ئەوەی دەبێ ماددەی 140ی دەستوور وەک خۆی جێبەجێبکرێت.

لێدوانێکی وەزیری دەرەوەی عێراق لەبارەی دانان بە ئیسرائیل کاردانەوەی لێ دەکەوێتەوە



خەبات- مەریوان نەقشبەندی:

دوای ئەوەی محەمەد عەلی حەکیم، وەزیری دەرەوەی عێراق لە لێدوانێکدا لەبەغدا ڕایگەیاند کە لە لای عێراق مەسەلەی فەلەستین مەسەلەیەکی میحوەریە و دروستکردنی دوو دەوڵەتی بۆ ئیسرائیل و فەلەستینی بە پەسەندزانی کاردانەوەیەکی زۆری شەقامی عەرەبی و عێراقی و تەنانەت ئیقلیمیشی لێکەوتەوە لە کاتێکدا بەشێک لە عێراقییەکان ئەم لێدوانەی وەزیری دەرەوەی عێراق بە هەنگاوێکی ژیرانەی حکوومەتی عادل دەزانن بۆ دەربازبوون لەو کۆتوبەندییە ئیقلیمی و تائیفیەی ئێستا عێراق دوچاری بووە، بەاڵم لە بەرامبەریشدا ژمارەیەک لەپەرلەمانتار و هێز و لایەن و نووسەری عێراقی و عەرەبی ئەم عەبدولمەهدی دەزانن بۆ ئیسرائیلدا دەنێن و بەوەڵانانی هەستی شەقامی عەرەبی و عێراقی لەم دۆسێیەی دەزانن. سەلیم ئەلحەسەنی نووسەری عێراقی لە سایتی سکای پرێس نووسیوێتی: لە کاتێکدا هێشتا عادل عەبدولمەهدی وەزیرەکانی کابینەکەی تەواو نەکردوە وەزیری دەرەوەی عێراق کە پێویستە بەناوی عێراقەوە قسەی کردبێت لە گفتوگۆیەکدا لە ناو جەرگەی بەغدا باس لە زەرووڕەتی دروستکردنی دوو دەوڵەت لە فەلەستین دەکات، یەکێکیان بۆ ئیسرائیل و ئەوی دیکەش بۆ فەلەستینیەکان کە ئەمەش دانپێدانانێکی خێرا و پێشوەختەیە بە ئیسرائیل و ئەوەش جێگەی سەرنجە عادل عەبدولمەهدی سەرەک وەزیران هیچ وەڵامێکی بۆ وەزیری دەرەوە نەبووە کە ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە کە هەڵوێستەکەی وەزیری دەرەوەی عێراق هەڵوێستی خودی عادل مەهدیش بێت ئەم نووسەرە هەروەها دەشڵێ: پێدەچێ عادل عەبدولمەهدی دەزانن بۆ دەربازبوون لەو کۆتوبەندییە ئیسرائیلدا دەنێن و بەوەڵانانی هەستی شەقامی عەرەبی و عێراقی لەم دۆسێیەی دەزانن. سەلیم ئەلحەسەنی نووسەری عێراقی لە سایتی سکای پرێس نووسیوێتی: لە کاتێکدا هێشتا عادل عەبدولمەهدی وەزیرەکانی کابینەکەی تەواو نەکردوە وەزیری دەرەوەی عێراق کە پێویستە بەناوی عێراقەوە قسەی کردبێت لە گفتوگۆیەکدا لە ناو جەرگەی بەغدا باس لە زەرووڕەتی دروستکردنی دوو دەوڵەت لە فەلەستین دەکات، یەکێکیان بۆ ئیسرائیل و ئەوی دیکەش بۆ فەلەستینیەکان کە ئەمەش دانپێدانانێکی خێرا و پێشوەختەیە بە ئیسرائیل و ئەوەش جێگەی سەرنجە عادل عەبدولمەهدی سەرەک وەزیران هیچ وەڵامێکی بۆ وەزیری دەرەوە نەبووە کە ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە کە هەڵوێستەکەی وەزیری دەرەوەی عێراق هەڵوێستی خودی عادل مەهدیش بێت ئەم نووسەرە هەروەها دەشڵێ: پێدەچێ عادل عەبدولمەهدی لە هەر سەرکردەیەکی تری وڵاتانی عەرەبی بەپەلەتربێت بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ئیسرائیل. هەر لەسەر ئەم لێدوانە چەند پەرلەمانتارێکی عەسائیبی ئەهلی حەق و شیعەکانی نزیک لە ئێران داوایان لە عادل عەبدولمەهدی کردووە وەڵامی ڕاشکاوانەی وەزیری دەرەوەی عێراق بداتەوە تا بزانین ئەوە ڕای شەخسی خۆی بووە یان بەناوی حکوومەتی عێراقیشەوە قسەی کردووە و دەڵێن ئەگەر عادل عەبدولمەهدی هەڵوێستی ڕوونی نەبێت ئەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە کار دەکەین بۆ ئەوەی متمانە لە وەزیری دەرەوە بسەنرێتەوە.

پەیوەندیی بە کەیسی کورد لە سووریا هەیە

ئەردۆغان هێرش دەکاتە سەر ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا

K24/ دوێنێ سێشەممە 2019/1/8 ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا هێرشی کردە سەر جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا و لێدوانەکانی بەرانبەر بارودۆخی سووریا بە هەڵەی کوشندە ناوبرد. سەرۆک کۆماری تورکیا دەڵێت: جۆن بۆڵتن، لە لێدوانەکانیدا بەرانبەر ڕەوشی سووریا هەڵەی کوشندەی کردووە و تورکیاش ئامادەکارییەکانی بە کۆتاهێناوە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە سووریا. ئەردۆغان دەشڵێت: ناتوانین لێدوانەکانی جۆن بۆڵتن کە لەبارەی سووریاوە لە ئیسرائیل داونی قەبوڵ بکەین، ئەو هەڵەی کوشندەی کردووە لە لێدوانەکانی ئەم دووانییەیدا.

سەرۆک کۆماری تورکیا دەشڵێت: سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا، بەاڵم کەسانی دیکە لە ئیدارەکەیدا هەن هەڵوێستی جیاوازیان هەیە. ئەردۆغان گوتوویەتی: تەواوی ئامادەکارییان کردووە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و بەمزووانەش دەستپێدەکات، ئامانجی پرۆسەکەش بۆ پاراستنی دانیشتوان و یەکێتی خاکی سووریایە. ئەردۆغان جارێکی دیکە هێرشی کردەوە سەر پارتی کرێکارانی کوردستان و گوتی: پەکەکە ناتوانێت نوێنەری کورد بێت، یەکینەکانی پاراستنی گەلیش لەگەڵ پەکەکە دوو ڕووی دراوێکن. هەروەها گوتوویەتی: ئەو قسانەی دەڵێن هێزەکانی سووریای دیموکراتی بەرەنگاری داعش دەبێتەوە لە سووریا، جگە لە درۆیەکی گەورە هیچی دیکە نییە. ئەوە لە کاتێکدایە ئێستا جۆن بۆڵتن و شاندێکی ئەمەریکی، بە سەردانێک لە تورکیان و ئامانجی سەرەکییان باسکردنی چەندین پرسی تایبەتە بە ڕەوشی سووریا..

شکستی هەوڵێکی ڕژێمی بەعس بۆ تیرۆرکردنی سەرۆک مسعود بارزانی لە ڤیەننا..

ڕێبوار شوانی

دوژمنانی کورد بەدرێژایی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان هەموو جۆرە شێوازی دڕندانە و چەک و ئاسنییان بۆ ڕێگریکردن لە کاروانی خەباتی گەلی کورد گرتە بەر ، یەکێک لەو شێوازە دزێو و ترسنۆکانە ، تیرۆرکردن بوو..

پارتی دیموکراتی کوردستان کە قوتابخانەی کوردایەتیی و کۆڵنەدانە و بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە بارزانیی ڕابەر و ڕێنیشاندەرە بە هۆی پاشگەزنەبوونەوە و پێداگری لە سەر بەدەستهێنانی مافەرەواکان و دۆزی کورد بە شێوەیەکی گشتی هەمیشە لە نێو سێرە و پیلانگێڕی ناحەزانی کوردبوو ، بۆیە ، چەندین جار ڕووبەڕووی تیرۆر کردن بۆتەوە . یەکێک لەو هەوڵە نەزۆکانە هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک مسعود بارزانی بوو لە ڕێکەوتی 1/8/ 1979 لە ڤیەننا ، پایتەختی نەمسا هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی درا ، کە ئەو کات ڤیەننا ناوەندێک بوو بۆ کۆبوونەوەی تێکۆشەرانی پارتی پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول.لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ دەزگا بەناوەکانی موخابەراتی ڕژێمی لەناوچووی بەعس بەمەبەستی تیرۆرکردنی سەرۆک مسعود بارزانی تاوانێکی تیرۆریستیان بەئەنجام گەیاند ، لەورۆژەدا سەرۆک مسعود بارزانی لەوکاتەیدا بەنیازبووە لە ڤیەناوە بەرەو پاریس بچێت لەلایەن موخابەراتی عێراقییەوە لەدەرەوە ڕووبەڕووی هەوڵێکی تیرۆریستی ناکام بووەوە، لەو ڕۆژەدا سەرۆک مسعود بارزانی و ژمارەیەک لە هەڤاڵەکانی سەرقاڵی کۆبونەوەی نێودەوڵەتی خۆیان هاتوونەتە دەرەوە ژمارەیەک تیرۆریستی سەربە دەزگای موخابەراتی ڕژێمی بەعسی ڕوخاو دەسڕێژیان لێکردن ، لە ئەنجامی ئەو هێرشە دوو هەڤاڵی سەرۆک بارزانی بریندار بوون کە هەڤاڵان ئازاد بەروازی و دکتۆر پیرۆت ئەحمەدبوون ، سەرچاوە میژوویەکان بەبەڵگەوە سەلماندوویانە کە خودی بەرزان تکریتی زۆربەی سەدامی دیکتاتۆر لەودەمەدا لە نەمسابووەو هەرخۆشی داڕێژەرو سەرپەرشتی ئەوکارە تیرۆریستیەی کردووە،چونکە کاتێک سەرۆک مسعود بارزانی و هەڤاڵانی لە نەمساوە گەڕاونەتەوە لە فڕۆکەخانەی ئەسینا خۆیان بەرزان تکریتی و شەش لە پیاوانی موخابەراتی عێراقیان دیوە کە جانتایەکیشیان پێ بووەو گومانی ئەوی لێکراوە چەکەکانیان تیادا شاردبێتەوە، ئەوکات ئەوانیش پاش ئەوەی تاوانە تیرۆریستیەکەیان ناکام بووە لە ڤیەناوە بۆعێراق گەڕاونەتەوە، جێی باسە لەسەر هەموو ئەوتاوانانەی کە دەرهەق بەگەلانی ئێراق کردویەتی بەرزان تکریتی لە سێدارەدرا، جێی بەبیرهێنانەوەیە کەئەوکات ڕژێمی بەعس لە قۆناغێکی وادابوو کە زۆربەی وڵاتانی جیهان لە بلۆکی ڕۆژهەڵات و بلۆکی خۆرئاوا پشتیوانییان لێدەکردو سەرۆک مسعود بەرزانیش سەرکردەی میللەتێک بوو کەچەند ساڵێک بوو بە هۆی گەلەکۆمەکییەکی نێودەوڵەتییەوە شۆڕشە مەزنەکەی دەورەدرابوو ، ئەنجامدانی ئەو کارە تیرۆریستیەش کەئامانجە بااڵکەی گیانی سەرۆک مسعود بارزانی بوولەکاتێکدا بوو کەسەرۆک بارزانی و هەڤاڵەکانی سەرقاڵی ڕێکخستنەوەو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی ئەوسای شۆڕشی گەلی کوردستان بوون بۆ پتر گەشانەوەی ئەو شۆڕشە تێدەکۆشان. هەموو هەوڵی ڕژێمی بەعس ئەوە بوو کە سەرۆک بارزانی تیرۆر بکەن، کە ئەو کات سەرۆک بارزانی لە ئەمریکا گەیشتە ڤیەننا ، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە کوردستان و دەست بە خەباتی چەکداری بکات، کە شۆڕشی پێشکەوتنخوازی گوڵان ئەو کات دەستی پێ کردبوویەوە و لە گەرمەیدا بوو .دەنگدانەوەی هەوااڵی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی دوای سەرنەگرتنی هەوڵەکە، هەواڵەکە هەر زوو بااڵوبوویەوە و ڕووداوەکە بووە بابەتی ڕۆژنامەوانیی، هەروەها ئەو دەنگدانەوەیە بۆ ئەو کات زۆر گرنگ بوو ، ئەو ڕووداوە وای کرد کە سەرۆک بارزانی زیاتر بناسرێت، هەر چەندە کوڕی بارزانیی نەمرە و ناسراوە، بەاڵم بەهۆی ئەو هەوڵەوە زیاتر ناسێنرا بەتایبەتی لە جیهانی دەرەوە.ڕژێمی عێراق ئەو کات زۆر چاکی دەزانی، ئەو کەسەی خزمەتی گەلی کورد دەکات و شۆڕش بەرپا دەکات بۆ کوردستان، سەرۆک بارزانییە لە ئایندەدا، هەر لەبەر ئەوەش هەوڵی تیرۆرکردنی درا. کە ئەو هەوڵەی ڕژێم لە بەغداوە بە سەرپەرشتی بەرزان تکریتی، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە کوردستان و دەست بە خەباتی چەکداری بکات، کە شۆڕشی پێشکەوتنخوازی گوڵان ئەو کات دەستی پێ کردبوویەوە و ئەوانی لێبوون، دیارە کەشفیان بۆ کردبوو، کە هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو سەرۆک بارزانی تیرۆر بکەن، بەاڵم هەوڵی ڕژێمی بەعس بۆ شارندنەوەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش سەری نەگرت. ڕژێمی بەعسی ڕووخاو ئەو کاتی هەوڵیدا ڕەمز و سیمبوڵی گەلی کورد، بەتایبەتی یەکێک لە کوڕەکانی بارزانیی نەمر تیرۆر بکات، بۆ ئەوەش هەموو هەوڵێکی خۆیدا، ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە جارێکی دیکە گەلی کورد شۆڕش بەڕیا نەکاتەوە و لەناو بچێت، بەاڵم ئەو پیلانگێڕییە شکستی خوارد و سەری نەگرت، پێش ئەوە زۆر هەوڵی دیکەدرا بوون، بەتایبەتی لە حاجی ئۆمەران کە لە ڕێگەی مەاڵکانەوە هەوڵدرا بارزانیی نەمر تیرۆر بکەن، بەاڵم ئەو هەوڵەش سەری نەگرت، ئەوەش هەموو بۆ ئەوە بوو کە شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی پارتی و بە ڕێبەرایەتی بارزانیی نەمر دروست

با یەکڕیز بین



کەنعان خەیلاتی

میژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پڕە لە ناکۆکی و ململانێی مرۆڤەکان، بە تایبەتی ئەو ناکۆکییانەی کە بە جەنگ یەکلابوونەتەوە و باجی ئەم جەنگانەش بێگومان خوێنی بە ناهەق ڕژاوی مرۆڤەکان و وێرانکاری و دابڕان و دواکەوتنەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بووە.

ئەوەی گرنگە هەندێ لە کۆمەڵگا مرۆییەکان پەندی باشیان لە شەڕ وەرگرت و نەفرەتیان لە شەڕ کرد، ئیستاش لە بەهەشتی ئارامی دەژین. کەچی بەداخەوە ئێمە خەریکە تەجروبەی شەڕ و ناکۆکییە دەرکی و ناوخۆییەکانمان لە یاد دەچێتەوە، هەرچەندە عەقڵییەتی ئەو ناوچەیە پێویستی بەبەرخۆدانە، بەاڵم ئەوەی من مەبەستمە کە ئێمە سەرەتا نەفرەت لە شەڕی ناوخۆ بکەین هیچ هەڵوێستێک نەنوێنین بۆنی فتنەی لێ بێت و بگرە بە یاسا ڕێگەری لێ بکەین.

خۆ ئەگەر ئێمە یەک نەبین سرووشتی ناوچەکە بۆ خۆی وایە، گورگە هارەکان کەڵک و دەرفەت وەردەگرن، ئەوەی لە ئاشتی بەدەستهاتووە و بنیاتمان ناو، دەیانەوێ بە شەڕ لێمان بسەنن. بۆیە یەکڕیزی بۆ ئێستای کوردستان زۆر پێویستە.

تۆڕی پاراستنی نیشتمان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی خەاڵتی ڕێزلێنانیان بە دکتۆر فرسەت سۆفی بەخشی



بە ئامادەبوونی ساسان عەونی و دڵشاد شەهاب ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، هەروەها ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و کوردستان و ڕێکخراوە مەدنییەکان، تۆڕی پاراستنی نیشتمان بە هەماهەنگی دەستەیی ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێورەسمێکی شکۆداریان سازکرد. وەک ڕیزگرتن لە هەڵوێست و کارە باشەکانی دکتۆر فرسەت سۆفی ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان. مەراسیمێکی شایستەی بۆ ڕێزگرتن لە هەڵوێستی د.فرسەت سۆفی بە ڕەتکردنەوەی مووچەی خانەنشینی پەرلەمان و گەڕانەوەی بۆ کاری ئاسایی خۆی، کە ئەوە بۆ یەکەمینجارە لە میژووی پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستیی لەو چەشنە لە لایەن پەرلەمانتارێکەوە بنوێندرێت.لە ڕێورەسمەکەدا چەند وتارێک پێشکەشکران و سەرجەمیان ستایشکردن بوون لەو کارەی کە دکتۆر فرسەت سۆفی لە ماوەی ڕابردوو نواندوویەتی، هیواشیان خواست کە ئەم هەڵوێستەی ناوبراو ببێتە کولتوور و سەرجەم پەرلەمانتاران هاوشێوەی ئەو مووچەی خانەنشینی ڕەتبکەنەوە.

ئەفسەرێکی هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە سنووری ورمێ کوژرا

بەپێی زانیاریی میدیا فەرمییەکانی ئێران، ئەفسەرێکی کوردی خەڵکی مەهاباد لە ئەنجامی شەڕ و تێکهەڵچوون لە سنووری ورمێ کوژراوە. هاوکات لەمبارەوە ماڵپەڕی مافی مرۆڤی (هەنگاو) باڵاوی کردووەتەوە، ئەو شەڕ و پێکدادانە دووشەمە لە ناوچەی سنووریی (زێوە)ی سەر بە ورمێ ڕووی داوە و تێیدا ئەفسەرێکی کورد بەناوی مەیسەم نەژادوەلی خەڵکی گوندی قوپی باباعەلی کوژراوە. میدیا فەرمییەکانی ئێرانیش پشتڕاستیان کردووەتەوە کە لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ گرووپێکی چەکدار کوژراوە، بەاڵم هەتا ئێستا شوناسی ئەو گرووپە ئاشکرا نەبووە و هیچ گرووپ و لایەنێکیش بەرپرسیارێتیی ئەو هێرشەی لە ئەستۆ نەگرتووە.



شەڕی هەسەدە و داعش لە گوندەوارەکانی ڕۆژهەاڵتی دێرەزوور بەردەوامە

هاوکاتە لەگەڵ بڕیارەکەی ئەمەریکا بە کشانەوە لە سووریا

ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش هێرشێکی فراوان دەکاتە سەر هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) و دەیان قوربانی هەیە. ئەم شەڕوپێکدادانەش هاوکاتن لەگەڵ بڕیارەکەی ئەمەریکا بە کشانەوە لە سووریا. دوێنێ سێشەممە، ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندووە، لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردووەوە چەکدارانی داعش بەردەوام هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی هەسەدە. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی ڕوانگەی سووری، داعش لە میحوەرکانی شەعفە، سوسە، مەراشیدە و سەحرا لە گوندەوارەکانی ڕۆژهەاڵتی دێرەزوور هێرشی کردووەتە سەر هەسەدە. بە هۆی هێرشەکانی داعشەوە، هەروەک ڕوانگەی سووری ڕایگەیاندووە،23 شەڕڤانی هەسەدە گیانیانلەدەستداوە و 30ی دیکەش بریندار بوون و نۆ چەکداری داعشیش کوژراون. هەسەدە هێزێکی سەربازییە و بە پشتیوانیی ئەمەریکا بۆ ڕزگارکردنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا لەڕێردەستی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، پێکهاتووە، یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ی باڵی سەربازیی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ڕۆژئاوی باڵی سەرەکیی ئەو هێزەیە.



شاندی تورکیا و ئەمەریکا کۆبوونەوە

هەردوو شاندی تورکیا و ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی گوتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا ، ئیبراهیم کاڵن و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی، جۆن بۆڵتۆن کۆبوونەوەکە دوور لە چاوی کامێراکان لە کۆشکی کۆماری لە ئەنقەرە بەڕێوەچوو و دوو کاتژمێر و 10 خولەکی خایاند.

شاندی تورکیا بە سەرۆکایەتی کاڵن لە جێگری وەزیری دەرەوە، سەدات ئۆنااڵ و جێگری وەزیری بەرگریی، یونس ئێمرە کارائۆسمانئۆغلۆ و جێگری سەرۆکی میت، جەمالەددین چەلیک و ژمارەیەک بەرپرسی پەیوەندیداری دیکە پێکهاتبوون.

شاندەکەی ئەمەریکاش بە سەرۆکایەتی بۆڵتۆن پێکهاتبوون لە سەرۆک ئەرکانی سوپا ، جۆزیف دەنفۆرد و نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا ، دۆناڵد ترەمپ لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، جێمس جیفری و ژمارەیەک بەرپرسی پەیوەندیداری دیکە.

یەکێتیی ئەوروپا گەمارۆ دەخاتە سەر ناوەندێکی ئەمنیی ئێران



وەزیری دەرەوەی دانیمارک لە تویتێکدا ئاشکرای کردووە یەکێتیی ئەوروپا بە هۆی داڕشتنی پلانی تیرۆر لە ئەوروپا لە لایەن ئێرانەوە ، ڕازی بووە گەمارۆ بخرێتە سەر ناوەندێکی ئەمنی و هەواڵگریی ئێران.

ئاندرێس سامونێلسۆن، لە ئەکاونتی خۆی لە تۆڕی کۆمەاڵیەتیی تویتەر نووسیویە: یەکێتیی ئەوروپا ڕازی بووە بەوەی گەمارۆ بخرێتە سەر یەکێک لە ناوەندە ئەمنی و هەواڵگرییەکانی ئێران و ئەویش لەبەر داڕشتنی پلانی تیرۆر لەناو خاکی یەکێتیی ئەوروپا. وەزیری دەرەوەی دانیمارک ئاماژەی بەوەش کردووە: ئەمە ڕۆژێکی گرنگە بۆ سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا ، چونکە ئێمە هیچ کات ڕەفتاری لەو چەشنە لە لایەن ئێرانەوە قبوڵ ناکەین.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا لە وڵاتەکانی دانیمارک، بەلجیکا و ئەڵمانیا و فەرەنسا چەندین هاوواڵتیی ئێرانی دەستگیرکران کە بەتەمای تەقینەوە و کوشتنی چاالکوانانی سیاسیی دژبەری ئێران بوون، کە ئەمەش بووەتە ساردیی پەیوەندییەکانی ئێران و چەند وااڵتێکی ئەوروپی.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/1/9 ژمارە (5668)

سەبارەت بە ئەشکەنجەدانی میٚردمندالاٚنی داعش

حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەلامی رێکخراوی هیومان رایتس ووچ دەداتەوە



د.دیندار زێباری:

ئەو کەسانەی تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە وەک قوربانیی دەستی داعش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت نەک تاوانبار

رێکخراوی هیومان رایتس ووچ راپۆرتێکی بەناوی (هەرێمی کوردستانی عێراق: ئەشکەنجەدانی میٚردمنداڵانی بەندکراو) و تێیدا باس لە میٚردمنداڵانە ئەشکەنجەدەدات کە دەستگیرکراون و گومانیان لێ دەکرێت پەیوەندییان بە تیرۆریستانی داعشەوە هەبێت بۆ ئەوەی ئیعتیراف بکەن. لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکە باس لەوە دەکات ئەو دەستگیرکراوانە مافی یاساییان وەک پێویست نییە بەتایبەتی لە بواری بوونی پارێزەر و ئاگادار کردنەوەی کەسوکاریان و مانەوەیان بۆ ماوەیەکی زۆر بەر لە دادگایی کردنیان.



لەمبارەوە د.دیندار زێباری رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا رایگەیاند بە هیچ شێوەیەک رێکخراوی ناوبراو سەردانی ئەو شوێنەی نەکردووە، هەروەها هیچ کەسێک بەبێ بڕیاری دادگا دەستگیر ناکرێت و دوای دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی و داواکراوان بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، لە هەمان کاتدا تۆمەتبار مافی هەیە پارێزەرێک ئامادە بکات، بەڵام ئەگەر نەیتوانی ئەوا لەسەر دادگا پێویستە پارێزەری بۆ دابین بکات و ئاگاداری کەسوکاری دەکرێتەوە کە ناوبراو گیراوە دواتر کەیسەکە ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت بۆ یەکلایی کردنەوەی بەپێی یاسا.

زێباری ئەوەشی ڕاگەیاند ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە18 ساڵ کەمترە و گومانیان لێ دەکرێت پێشتر پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووبێت بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان لە کاتێکدا رێکخراوی هیومان رایتس ووچ راپۆرتێکی بەناوی (هەرێمی کوردستانی عێراق: ئەشکەنجەدانی میٚردمنداڵانی بەندکراو) و تێیدا باس لەوە دەکات کە دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان ئەو ئەشکەنجەدەدات کە دەستگیرکراون و گومانیان لێدەکرێت پەیوەندییان بە تیرۆریستانی داعشەوە هەبێت بۆ ئەوەی ئیعتیراف بکەن بەوەی پەیوەندییان بە تیرۆریستانی داعشەوە هەیە، لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات ئەو دەستگیرکراوانە مافی یاساییان وەک پێویست نییە بەتایبەتی لە بواری بوونی پارێزەر و ئاگادار کردنەوەی کەسوکاریان و مانەوەیان بۆ ماوەیەکی زۆر بەر لە دادگایی کردنیان.

دەڵی لێدوانی د. دیندار زێباری رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

ڕۆژی 2019/1/8 رێکخراوی هیومان رایتس ووچ ڕاپۆرتێکی بەناوی (هەرێمی کوردستانی عێراق: ئەشکەنجەدانی میٚردمنداڵانی بەندکراو) و تێیدا باس لەوە دەکات کە دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان ئەو ئەشکەنجەدەدات کە دەستگیرکراون و گومانیان لێدەکرێت پەیوەندییان بە تیرۆریستانی داعشەوە هەبێت بۆ ئەوەی ئیعتیراف بکەن بەوەی پەیوەندییان بە تیرۆریستانی داعشەوە هەیە، لە بەشێکی ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات ئەو دەستگیرکراوانە مافی یاساییان وەک پێویست نییە بەتایبەتی لە بواری بوونی پارێزەر و ئاگادار کردنەوەی کەسوکاریان و مانەوەیان بۆ ماوەیەکی زۆر بەر لە دادگایی کردنیان.

سەبارەت بەم ڕاپۆرتەی رێکخراوی هیومان رایتس ووچ د.دیندار زێباری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم گوتی: لە دوای ساڵی 2014 هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان لە ئەنجامی ئەو هێرشە سەدان هەزار کەس لەو ناوچانە کە کەوتبوونە ژێردەسەلاتی داعش و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، لەو کاتەدا جیاکردنەوەی هاووڵاتیانی ئاسایی و ئەوانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە کارێکی ئاسان نەبوو و ئاستەنگی زۆری بۆ پێشمەرگە و لایەنە ئەمنییەکان دروست دەکرد، بۆیە چەند ڕێووشوێنێکی ئەمنی دەگیرایە بەر بۆ پاراستنی سەلامەتی هاووڵاتیان و خودی ئاوارەکان و ڕێگانەدان بە دزە کردنی تیرۆریستان بۆ نێو هاووڵاتیان بۆ پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیانی هەرێم بە ئاوارەکانیشەوە، بەڵام بەردەوام لە چەند سەرچاوەیەکی نێودەوڵەتی و ناوخۆییەوە تۆمەتی مامەڵەی نەشیاو لەگەڵ دەستگیرکراوان دەخرێتە پاڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک ئەشکەنجەدان و ڕێوشوێنەکانی دەستگیرکردن.

زێباری گوتی: هیچ کەسێک بەبێ بڕیاری دادگا دەستگیرناکرێت بە هیچ تۆمەتێک و گشت ڕێوشوێنەکانیش بە بڕیاری دادگا ئەنجام دەدرێن، هەروەها دوای دەستگیرکردنیشی مافە یاساییەکانی خۆیان هەیە بەپێی بنەما و یاسا نێودەوڵەتییەکان، بۆیە ڕێگری لە هیچ کەسێک ناکرێت و هەموو کەسێک کە دەستگیر دەکرێت، دوای دەستگیرکردنی تۆمەتباران و داواکراوان بەپێی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی (قانون اصول محاکمات الجزائیە) ژمارە (23) ساڵی (1971) هەموارکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ.

ڕێکارەکانیش بریتین لە سەلماندنی کەسایەتی داواکراو و گومان لێکراو و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکان. زێباری تیشکی خستە سەر مافی ڕاگیراو و سزادراوان ڕایگەیاند: ئەو میٚرد منداڵانە هەمانە مافی ڕاگیراوانی دیکەیان هەیە وەک بوونی پارێزەر، بەڵام ئەگەر نەیتوانی ئەوا لەسەر دادگا پێویستە پارێزەری بۆ دابین بکات و لەم ڕووەوە ڕێکخراوی یونیسێف بەم دوایە پارێزەرێکی ڕاسپاردووە بۆ بەدواداچوونی کەیسەکانی ڕاگیراوان لە چاکسازی هەولێر و لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکارییەکی زۆری ئەو پارێزەرە دەکەن و بەم دواییە (6) لە گیراوان لە ڕێگای پارێزەرەکەوە ئازادکراون، هەروەها دەتوانن تەلەفۆن بەکاربهێنن و پەیوەندیی بە کەسوکارییانەوە بکەن بەشێوەیەکی ئاسایی، تەنیا لەو کاتانەدا نەبێت کە لەژێر لێکۆڵینەوەدابن. لە لایەکی دیکەوە پرۆگرامێکی تایبەت دانراوە بە ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی بۆ ئەوەی ئەم دەستگیرکراوانە سوودمەند بن لە پرۆسەی خوێندن بە زمانی عەرەبی و بڕیار وایە بەم زووانە ئەم پرۆسەیەی دەستپێبکات بۆ ئەوەی گیراوان لە پرۆسەی خوێندن بێبەش نەبن.

زێباری ئاماژەی بە مانەوەی دەستگیرکراوان کرد بەر لە دادگایی کردنیان و گوتی: هەر کەسێک لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر بکرێت بۆ ماوەی (24) کاتژمێر دەمێنێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە دواتر بەپێی ئەنجامی لێکۆڵینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و دەنێردرێن بۆ دادگای تایبەت بۆ یەکلاکردنەوەی کەیسەکانیان، بەڵام زۆر جار بە هۆی زۆری ژمارەی ڕاگوێزراوان ئەوا ڕێکارە یاساییەکان ماوەیەک دەخایەنێت بۆ یەکلاکردنەوەی کەیسەکان. لە لایەکی دیکەوە وەزارەتی ناوخۆ مانگانە بە لیست ناوی ئەو ڕاگیراوانەی پەڕاوەکانیان یەکلایی نەکراوەتەوە ڕەوانەی سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی پارێزگاکان دەکات بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان و ئەنجامدانی پرۆسەی دادگایی کردنیان بەپێی یاسا.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ئەشکەنجەدان لە بنکەکانی ڕاگرتن و لە کاتی لێکۆڵینەوەدا وتی: بەپێی یاسا ئەشکەنجەدانی تۆمەتبار و سزادراوان بەشێوەیەکی گشتی بۆ وەرگرتنی ئیعتراف و زانیاری بە تاوان دادەنرێت بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادرێت کە ئەفسەر و کارمەندانی پۆلیس ڕاگیراوان ئەشکەنجە بدەن بەپێی ماددەی (333) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموارکراو و هەر تۆمەتبارێک لەکاتی لێکۆڵینەوە ئەشکەنجە درابێت لەڕووی یاساییەوە مافی هەیە سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام هۆکاری پێکنەهێنانی لێژنەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە تۆمەتی ئەشکەنجەدان میٚردمنداڵانی داعش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئێستا هیچ سکاڵایەک دژی دەزگا ئەمنییەکان لەلایەن گیراوانەوە نەبووە، و لە چاکسازییەکان هیچ ئاسەوارێکی ئەشکەنجەدان لەسەر جەستەی دەستگیرکراوان بەدی نەکراوە وەک لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ناوبراودا هاتووە.

دیندار زێباری سەبارەت بەو کەسانەی کە تەمەنیان لە18 ساڵ کەمترە و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان و گومانیان لێدەکرێت پێشتر پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووبێت وتی : تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە دەستگیرکراون کە پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە و لە ئەنجامدا هەندێکیان سزا دراوان و سزاکەشیان بەپێی ئەو تاوانەیە کە ئەنجامیانداوە، لەوانە ژمارەیەکیان تەمەنیان لە خواروو 18 ساڵە و لە چاکسازییەکان دەستبەسەرن.

ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە 18ساڵ کەمترە و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردوە و گومانیان لێدەکرێت پێشتر پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووبێت، ئەوا وەک قوربانی دەستی داعش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت نەک تاوانبار و گرنگییەکی تایبەتییان پێدەدرێت ئەم پرۆسەیەش بە هەماهەنگی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە ناحکومییە بیانییەکان ئەنجام دەدرێت.

هەروەها هەر میٚرد منداڵێک بەبێ دایک و باوک بێتە هەرێمی کوردستان زۆر بەباشی لەلایەن بەڕێوەبەرانی کەمپەکان و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە. مامەڵەی منداڵی بێ سەرپەرشتیاریان لەگەڵ دەکرێت و شوێنی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکرێت.

لە کۆتاییی لێدوانەکەیدا د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێم گوتی: ئەو میٚردمنداڵانەی کە دایک و باوکیان دەستگیر کراوە، یان گومانلێکراون بە پەیوەندیکردنیان بە تیرۆریستانەوە، بە شێوەیەکی ئاسایی و لە ڕوانگەیەکی مرۆڤییەوە لایەنە پەیوەندارەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، وەک گشت منداڵی ڕاگوێزراوەکان بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی تایبەتیان. بە شێوەیەکی گشتی دەزگا پەیوەندیدارەکان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ چارەسەرکردنی کەیسی ئەو منداڵانە و ئەو کەیسانەی یەکلا کراونەتەوە چ بە ئازادکردن، یان سزای زیندانیکردنیان وەرگرتبێت.

لە بارەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانەوە بەندکراوەکان لە کاتی پێویستدا ڕەوانەی نەخۆشخانەکان دەکرێن و ئەو ڕاگیراوانەش کە نەخۆشیی دڕێژخایەنیان هەیە لە لایەن بەشەکانی گرتن و گواستنەوە ڕەچاوی باری تەندروستییان کراوە و بڕیان هەیە خواردنی تایبەت بۆ خۆیان دروست بکەن. ئەم جۆرە بەندکراوانە بەردەوام لە لایەن پزیشکەکانی بنکەکانی تەندروستییەوە لە بەشەکانی گرتن و گواستنەوە چاودێریی باری تەندروستییان دەکرێت.



ئەمەریکا و تاڵیبان لە قەتەر دانوستان دەکەن

بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە نوێنەرانی گرووپی تاڵیبان و ئەمەریکا گەڕێکی دیکەی دانوستان لە قەتەر دەستپێبکەنەوە. ئەم گەڕەی دانوستانی نێوان نوێنەرانی ئەمەریکا و تاڵیبان لە کاتێکدا لە قەتەر بەڕێوە دەچێت کە بڕیار بوو ئەو دانوستانانە بە نێوبژیوانیی سعوودیە و لە ڕیاز بەڕێوە بچێت و سعوودیەش جەختی لەسەر بوونی نوێنەرانی ئەفغانستان کردووە و بەهۆی بەشدارینەکردنی ئەفغانستان، ئەمجارە لە قەتەر بەڕێوە دەچێت.

ئەم هەوڵە لە لایەن تاڵیبانەوە پشتڕاستکراوەتەوە، بەڵام تاکو ئێستاش وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هیچ کاردانەوەیەکی بەم هەوڵە نەبووە. ئەم گەڕەی دانوستانەکان کە چوارەمین خولە لەگەڵ نوێنەرانی تاڵیبانە بەڕێوە دەچێت، زەلمای خەلیل زاد سەرپەرشتیی دەکات. نوێنەرانی حکوومەتی ئەفغانستان سەردەڕای پێداگریی ئەمەریکا، ئەمجارەش لە دانوستانەکاندا بەشداری ناکەن.دیداری نێوان نوێنەرانی ئەمەریکا و گرووپی تیرۆریستیی تاڵیبان بۆ ئاشتی لەگەڵ ئەفغانستان لە کاتێکدایە کە دە ڕۆژ لەمەوبەر عەلی شەمخانی سکرتێری ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران سەردانی ئەفغانستانی کرد و لەگەڵ گرووپی تاڵیبان کۆبووەو و دوای چەند ڕۆژێش نوێنەرانی تاڵیبان سەردانی تارانیان کرد و لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنی و سیاسیی ئەو وڵاتەش کۆبوونەوە.

لە هەناسەکەوتنی بەهاری عەرەبی لە سووریا و دەستکەوتی ئێران



شاهۆ حوسێنی

پێشەکی:
ڕۆژهەڵاتی ناوین وەک ناوەندێکی ژێئۆپۆلەتیکی، بەرهەمی کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و تێکقرمانی ئیمپراتوری عوسمانی بوو بەپێی بڕیاری دوو زلهێزی جیهانی بریتانیا و فەرانسا کە دەسەڵاتی هێژمۆنیان هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەپێی بەرژەوەندیکانی خۆیان ئەو وڵاتانەیان سنووربەندی کرد، بەڵام دەرکەوتنی یەکێتی سۆڤییەت وەک جەمسەرێکی نەزمی دوو جەمسەری و لێکەوتەی پاش شەڕی دووهەمی جەهانی، بوو بەهۆی بلاوبوونەوەی کلتوور و ئایدۆلۆژی لێنینیستی و لەئاکامدا لە میسر، عێراق، سووریا و یەمەن بزاف گەلێکی چەپ سەریان هەڵدا کە بەرهەمەکەی دەسەڵات گەلێکی نزیک لە یەکێتی سۆڤییەت و دژبەری جیهانی ڕۆژئاوایی بوو، بەڵام ئەوەی هیچ ئالۆگۆڕێکی بەسەردا نەهات، گەڕانی جۆری دەسەڵات بوو کە هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەشێوەی پاوانخوازنە و دیکتاتۆرانە لەلایەن دەسەڵاتە حاکمەکانەوە دەستی بەسەردا گیراو و مەجالەکانی ئازادی سیاسی زەوت کران، دیارە سەرتا و دەسپێکی خەباتی دژ بە دیکتاتۆرییەت و پاوانخوازێتی لەلایەن نەتەوەی کوردەوە بوو کە لەنێوان چوار وڵاتا پارچە کرابوو، لەهەمان کاتیشا لەناو نەتەوە بالادەستەکانیش بەدژ ڕەوتی دیکتاتۆرییەت بزاڤی کۆمەڵاتی- سیاسی بەشێوەگەلی جوراوجۆر سەری هەڵدا، یەکێک لەو دژکردەوە بەربلاو و گرینگانەی کە پەرەی گرت بەهاری عەرەبی بوو.

بەهاری عەرەبی:
بەهاری عەرەبی لەراستیدا نارزایەتی و شۆرش گەلێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی بوو کە لەباکووری ئەفریقا و لەساڵی 2010 سەری هەڵدا و بەشێکی زۆر لە وڵاتانی عەرەبی گرتەوە، ئەو نارزایەتی و شۆرشانە توانیان دەسەڵاتەکانی تونس، میسر، لیبی و یەمەنی لەسەر کار لابەرن و بۆ ماوەی هەشت ساڵ شەڕێکی خوێناویشی لە سووریا بەرهەم هێنا، ئەو نارزایەتیانە ئەگەرچی بەبیانووی ئازادی و دیموکراسی سەریان هەڵدا، بەڵام ئازادی و دیموکراسی بەرهەم نەهینا، لەگرینگ ترین هۆکارەکانیشی لەتەنیشت هۆکار گەلی دەرەکی وەک بەشداری نیزامی و پشتیوانی سەربازی دەرەکی، ئەوە بوو کە هیچ هزر و ئەندێشەیەکی دیموکراتیک و بەستێنێکی کۆمەڵایەتی کە لەسەر ئاستی ئەو دیموکراسی بەرهەم بێت بوونی نەبوو.

سووریا یەک لەو وڵاتە عەرەبیانە بوو کە کەوتە بەر شاڵاوی بەهاری عەرەبی، نارزایەتیکان ئەگەرچی بەبیانووی ئازادی و دیموکراسی دەستی پێ کرد، بەڵام لە غیابی هەرجۆرە ئەندێشەیەکی دیموکراتیک و بەستێنەکانی پێویست، بەهۆی دەست تێوەردانە دەرەکێکان بوو بەهۆی ئالۆزبوون و چەند پارچەبوونی نارزایەتیکان لە سووریا، لەکاتێکا بەشێک لە نارزایەتێکان لەلایەن ناسیونالیستەکانەوە ڕێبەری دەکرا، بەڵام ڕەنگ و بۆی ئایینی و هێژمۆنی هزری ئیخوانی زیاتر باڵی بەسەردا کێشاو و لەدەرێژەشدا ڕێککراوە جیهادیکانی وەک ئەلقاعیدە و داعش توانیان ئەو نارەزایەتیانە لە دوانەی دیکتاتۆریەت و دیموکراسیخوازی بگوازنەوە بۆ دوانەی شەڕی جیهادێکان بە تایبەت داعش و دژە جیهادی، ئەوە بەستێنەکانی پێویست، بەهۆی دەست تێوەردانە دەرەکێکان بوو بەهۆی ئالۆزبوون و چەند پارچەبوونی نارزایەتێکان لە سووریا، لەکاتێکا بەشێک لە نارزایەتێکان بەرێتە پەراوێزەوە، ئەوە لەکاتێکا بوو کە بەهاری عەرەبی لە میسر هەر زوو لە هەناسە کەوت، دەسەڵاتی ئیخوانێکان کە بەرەبەرە خەرێک بوو دیاردە ئایینێکانی زەقتر دەکردەوە و حەولی پاوان کردنی بەردەوامی دەسەڵاتی دەدا بەڵام بە کۆدەتای نیزامی لە دەسەڵات کەوت، لە لیبی ڕووخاندنی دیکتاتۆرییەتی قەززافی و بۆشایی دەسەڵاتێکی حکومی بەهێز، بەستێنی ڕەخساند بۆ پەرەی بناژۆیخوازی ئایینی و دەسەڵات گرتنی داعش و ئەلقاعیدە و دەسکەوتەکەی شەری ناوخۆیی و دوو دەسەڵاتی بوو، لەتونێسیش ڕووخاندنی دەسەڵاتی بێتن عەلی نەیتوانی بەرهەم هێنی دێموکراسی و ژیانێکی ئاسوودە بێت.

ئاکامی بەهاری عەرەبی لە سووریا و دەسکەوتی ئێران:
لە سوریا لەپاش هەشت ساڵ شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی و مااڵوێرانکەر، لەکاتێکا لەسەرەتا ڕەوتەکان ئاماژەیان بە ڕووخانی دەسەڵاتی ئەسەد و سەرکەوتنی بەهارەکەی عەرەبی دەکرد، بەاڵم لەپشت دەرگاکانی دەسەڵاتی سووریا، بەهاری عەرەبی لە میسر زوو لە هەناسە کەوت، دەسەڵاتی ئیخوانێکان کە بەرەبەرە خەرێک بوو دیاردە ئایینێکانی زەقتر دەکردەوە و حەولی پاوان کردنی بەردەوامی دەسەڵاتی دەدا بەاڵم بە کۆدەتای نیزامی لە دەسەڵات کەوت، لە لیبی ڕووخاندنی دیکتاتۆرییەتی قەززافی و بۆشایی دەسەڵاتێکی حکومی بەهێز، بەستێنی ڕەخساند بۆ پەرەی بناژۆیخوازی ئایینی و دەسەڵات گرتنی داعش و ئەلقاعیدە و دەسکەوتەکەی شەری ناوخۆیی و دوو دەسەڵاتی بوو، لەتونێسیش ڕووخاندنی دەسەڵاتی بێن عەلی نەیتوانی بەرهەم هێنی دێموکراسی و ژیانێکی ئاسوودە بێت.

ئاکامی بەهاری عەرەبی لە سووریا و دەسکەوتی ئێران:
لە سوریا لەپاش هەشت ساڵ شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی و مااڵوێرانکەر، لەکاتێکا لەسەرەتا ڕەوتەکان ئاماژەیان بە ڕووخانی دەسەڵاتی ئەسەد و سەرکەوتنی بەهارەکەی عەرەبی دەکرد، بەاڵم لەپشت دەرگاکانی دەسەڵاتی سووریا، بێگومان دەوری دەسەڵاتە ناوچەییەکانی وەک ئێران، تورکیا و عەرەبستانیش لەئاکامدا لەخزمەت بەرژەوەندی دەسەڵاتی ئەسەد تەواو بوو، ئێران و ڕووسیا بەرەی لایەنگران و پارێزەرانی دەسەڵاتی ئەسەد بوون، تورکیا بەرەی دژبەرانی کورد بوو، تورکیا هیچ گەاڵڵەیەکی بۆ ڕووخان یان مانەوە ئەسەد نەبوو، بەپێچەوانە دەسەڵاتی مسۆگەری بەبێ کورد، دۆخی دڵخوازی تورکیا بوو، عەرەبستان و وڵاتانی عەرەبی کەنداویش لە قەیران و عەرەبی ناوچەی کەنداو خەریکن باڵوێزخانەکانیان دەکەنەوە و بەگشتی هەر لەسەرتای سەر هەڵدانی نارەزایەتێکان، ڕۆژئاواییەکان هیچ گەاڵڵەیەکی تۆکمە و کار بۆ کراویان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو دۆخە نەبوو، دۆخی ناوخۆیی سووریا وەک بریتێکی ئاوااڵ لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە وێڵ کرا، ئەوان لەجیات ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی تۆکمە، دەرگاکانیان کردوە بۆ هاتنی سوورییەکان وەک پەنابەر بۆ ڕۆژئاوا، بێگومان دەوری دەسەڵاتە ناوچەییەکانی وەک ئێران، تورکیا و عەرەبستانیش لەئاکامدا لەخزمەت بەرژەوەندی دەسەڵاتی ئەسەد تەواو بوو، ئێران و ڕووسیا بەرەی لایەنگران و پارێزەرانی دەسەڵاتی ئەسەد بوون، تورکیا بەرەی دژبەرانی کورد بوو، تورکیا هیچ گەاڵڵەیەکی بۆ ڕووخان یان مانەوە ئەسەد نەبوو، بەپێچەوانە دەسەڵاتی مسۆگەری بەبێ کورد، دۆخی دڵخوازی تورکیا بوو، عەرەبستان و وڵاتانی عەرەبی کەنداویش لە قەیران و بەرەی دژبەرانی کورد بوو، تورکیا هیچ گەاڵڵەیەکی بۆ ڕووخان یان مانەوە ئەسەد نەبوو، بەپێچەوانە دەسەڵاتی مسۆگەری بەبێ کورد، دۆخی دڵخوازی تورکیا بوو، عەرەبستان و وڵاتانی عەرەبی کەنداویش لە قەیران و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی قوڵدا لەگەڵ ئێران لە یەمەن بوون و مەجالی بوون لە سووریایان زۆر پێ نەدرا، بە واتایەکی تر سێکوچکەی ڕووسیا، ئێران و سووریا، بەهاری عەرەبیان لەپشت سنووردکانی دەسەڵاتی سووریا چاڵ کرد، ئەو سەرکەوتنەی ڕووسیا، ئێران و سووریا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هۆکاریکی گرینگ بوو کە پێشی بە هێژمۆنتر بوونەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین گرت، لە الیەکی تریش داڕمانی ئاواتەکانی کوردی لە ڕۆژئاوا و هێژمۆنتر بوونەوەی تورکیایی لێکەوتەوە، ئەوە لەکاتێکدا بوو کە پارتی کرێکارانی حاکم لە ڕۆژئاوا جگە لە بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیکی و حاکم کردنی سیستمی سیاسی حاکم بەسەر جوغرافیای ئەندێشەی خۆیدا، مەجالی دەرکەوتنی هیچ بیرۆکەیەکی نەتەوەیی و تری نەدا، بێ گومان پڕ دەسکەوتترین دەسەڵات لەونوادا ئێران بوو، شکەستی پرۆژەی ئالۆگۆڕی لەوڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوینی و جیرانی ئێران بەهۆی دەست تێوەردانی زلهێزەکانی جەهانی و ناوچەیی کە بە هێرشی ئەمریکا لەپاش هێرشە تیرۆریستێکەی 11 سپتێمبەر بۆ سەر دەسەڵاتی تالیبان لە ئەفغانستان دەستی پێکرد و لەدرێژەشدا ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەددام حوسێنی لیکەوتەوە، بەر لەهەموو حکوومەتێک، کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی لەرزۆکی ئەوی خۆشحاڵ کرد، چوون بێ گومان لەپاش ڕووخانی سووریا، پرۆژەی دوایی بۆ ئالۆگۆڕی دەی توانی ئێران بێت، بەاڵم ئەو گەاڵڵەیە لەپشت سنووردکانی سووریا لەهەناسە کەوت. شکەستی ئەو ڕەوتە دەتوانێ کارتێکەری نەگەتیوی ڕەوانی لەسەر نارزایەتێ ناوخۆییەکانی ئێران هەبێت و خولقێنەری کەشیکی ڕەوانی ئەهوەن بۆ دەسەڵاتی حاکم بەسەر ئێرانا بێت کە وزەی شەپولی ئالۆگۆڕێکانی کە لە 2010 را دەستی پێ کردبوو، ئیتر کەوتوە و ناگاتە سنووردکانی ئێران. ئەوەیکە ئاخۆ چ گەاڵڵەیەکی تر دێتە ئاراواە و ئالۆگۆڕێکانی ناوخۆیی چەندە دەتوانن کۆماری ئیسلامی بەچۆک دا بێنن یان نا باسێکی تەرە، بەاڵم ئەزموونێکی گەورە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کە بەهاوکاری ڕووسیا و بە پشتیوانی کردن لە سووریا، توانیان شکەست بەو ڕەوتە بێنن و ئێران جارێ بۆی دەربچێت.






خالد ئەحمەد بادی

هەیف دناڤ ستێران دا دیارە

سیاسەتمەدار وزانا و دامەزرێنەرێ هندێ ماهاتما غاندی دبێژیت: (بێن لدور دەستهەلاتی دزۆرن، لێ بێن لدور وەلاتی دکێمن). دکاروانێ ژیانێ دا ئەڤە بوو مە ڕوهن بوویە کو تو مەزن نابی ئەگەر نە ب ئێش و ئازاران بی وتو نا فێر بی وزانا بی ئەگەر شاشیا نەکەی وتو نا سەرکەڤی ئەگەر تو فاشل نەبی وتو حەژێکرنێ نا کەی ئەگەر بەرزە نەکەی و ئەڤە یە سیستەمێ ژیانێ ئانکو دێ بێ گەشبین بی وخو رادەستی شکەستنێ ناکەیی و دێ هەر سەرکەڤی. هەمی دەما بەرامبەر دوژمنێ خو بێ سەربلند بە وبێ ب هەیبەت بە و بەلکو ب سەر بەرزی و بێ ترس دبەرا هەرە و ببورە و هیچ دەمەکی هزرەکێ بو نەکە و چ جاران نەشێتە تە و پەنجەکێ لتە بدەت یان زیانەکێ بگەهینیتە تە. زۆر جاران ئەم بهایێ کەسان نزانین و ئەگەر ئەم ب چاڤلێکرنا وەلاتێن بیانی بکەین کەسایەتی و سەرکردە وم ەزنێن وانان کێم کریە لێ ئەو وەلات و وەلاتی بهایەکێ مەزن ددەنە وان سەرکردە و مەزن و کەسایەتی یان پتر ژوێ خزمەتێ یا وانان بو مللەتێ خو کری ئەم بەروڤاژی وانان کار و هزر دکەین مە ژی ب هزاران سەرکردە و زانا و شارەزا و سیاسەتمەدار هەنە، لێ ئەم وی بهایی نا دەینێ وەکو پێتڤی، چونکە مللەت میژوویا دروست دکەن و مللەت کەسان دکەنە د وێ میژوویێ دا و ئەو کەسێن دچنە دوێ میژوویێ د ا ژی بێگومان ب هەلویستێن خو یێن وەلاتپارێزی و نیشتمانی ناڤێن وانان دفەرهەنگا دیروکێ دا دهێنە تومارکرن. بویەرێن لڤێ داویێ دروست بووین و ب سەر روژهەلاتا ناڤەڕاست دا هاتین و وەلاتێ مە ژی کەفتیە بەر پێلا وان بویەران و هەوا و باروفا وان بویەران کوردستان ژی گرتی مینا هاتنا بوهارا عەرەبی و دیاربوونا دیمەنێن کوژمک و بریندار ل عیراقا گەنی و هاتنا قاعیدە و رێکخراوێن تیرورستی و هاتنا داعشا تیرۆریست و هاتنا حەشدا شیعی یا هەمەج و ئەڤ بویەرە ب سەر دەڤەرا مە دا هاتن و مللەتێ مە یێ کوردێ بەلەنگاز کەفتە بەر ڤان پێلێن نەخوش و دژوار و بەرگریەکا موکوم و ب هێز ودژوار ژ پێشمەرگێن کومارا کوردستانێ پێشمەرگێن بارزانی و پێشمەرکێن قەهرەمان دیت و گورزێن گران و مەزن ل رێکخراوا ناڤئینای دان کو ئەو رێکخراو بو یا تیرۆریستی کو وەلاتێن مەزن شکاندین و پیچ کرین و نەشیان خو لبەر سینگێ وان درندە و هەمەجا بگرن لێ پێشمەرگێن چاڤنەترس و شێر و شورەشگێر خو لبەر سنگێ وانان رکباندن و چوک ژ چەپەران نە هەلاندن و ئەو پێشمەرگە بوون یێن کو داعشا گەنی و هەمەج شکاندین و ئەڤە هەمی ب سەرکردایەتیا کەسەکی بوو کو هەیڤە و لناڤ ستێران دا دیارە. هەمی دەما ب هیمەتا کەسانێن ب هێز و ب ئیرادە و ب سەربور و جوامێر وەلات ئاڤا بووینە و هاتینە پاراستن. هەلویستێن بەرێ و ئەڤ هەلویستێن بهێزێن نیشتمانی یێن ڤێ داویێ کو بەرگریا تیروستان و حەشدێ و ئەنجام دانا ریفراندومێ کو بوویە بەلگەک و سەنەد بۆ گەلێ کورد کو بارزانی ئەنجام داینە و بدەستڤە ئینانە و لەوما دبێژم هەیڤ لناڤ ستێرا زۆر دیارە و ئەڤ هەیڤە دێ رۆژ بو رۆژێ گەشتر لێ هێت و ئومێدێن بهێزتر دێ دەتە مە ژبۆ دەربازکرنا گەشتا مە لناڤ دەریایا هار و ب پێل و زڤرۆک کو بگەهینتە کەنارێن ئارام.

کورد و گەمەی نەتەوەکان



عەدنان فاخیر

گەمەی نەتەوەکان (لعبة الأمم) لەهەمو گەمەو قومارە دووقۆڵی و چوارقۆڵیەکانی تر جیاوازترە چونکە چ جەنگی گەرم یا سارد یا جەنگی بازرگانی و ئابووری بێ بەشداربووان زۆرن و گەورەو بچووکیشیان هەیە، لە الیەکی ترەوە لەم جۆرە مللمانێ و جەنگانەدا لەسەر داببەشکردنی دەسکەوتەکان ڕێک دەکەون، واتە نە کەسیان دۆڕاون و نە کەسیشیان براوەن.

ئاستی بەدەست هێنانی دەسکەوت تاکە پێوەری سەرکەوتنە لە جەنگەکەدا، کاتێ دەوڵەتێک لەهەر گۆشەیەکی جیهاندا بێ وەکو گیاندارێکی لەڕو لاوازی بێ تاقەت دەردەکەوێ، بۆ نمونە وەکو عێراق و لیبیاو سوریا چەندانی ترلە نەزانین یا غروریدا دەچن (نانی شوانی دەخۆن) دەوڵەتە زلهێزەکانیش کە پێکهێنەری یاساو ڕێسای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن بە داڕشتنی پرۆژەو بڕیار لەناو ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکاندا و هەندێکیشیان مافی (ڤیتۆ)ی ڕزاندن و ڕەت کردنەوەی پرۆژە بڕیارەکە بەکار دێنن و سەرەنجام دەبێتە مللمانێیەکی هێندە توند دوکەڵ و تەپ و تۆز بەری ئاسمانی دەگرێ و دەوڵەتە کێشە لەسەرەکەش تەنها ناوی دەمێنێ قاپێلک و ناوەرۆکی خۆشی هەر لەبیر دەچێتەوە، ئینجا دوای لەبەریەک هەڵوەشاندنی وڵاتەکەو سووتماک کردنی هەموو بنەماکانی ژێرخانی ئابووری و هەناسە تەنگ کردنی سەرخانیش... هێزە زەبەلاحەکان لەسەر کەاڵکی ئەم وڵاتە دەنیشنەوەو لەسەر دابەش کردنی دەسکەوت ڕێک دەکەون بەو جۆرەی خۆیان دەزانن، وەکو: کێ دادگایی بکرێ و کێ بکوژرێ و ببردرێ و کێ لە بڕی چی و لە بڕی کێ بۆکێ بێ تا لەسەر سنوورو قەڵەم ڕەوی یەکتر ڕێک دەکەون و مافی گەلان و مافی مرۆڤ و چارەنووس و بەندو باڵوەرکانی ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان و چەمکەکانی دێموکراسی و جیهانگیری و ئازادیش ئاوو ئاو چوون و خۆیان خۆشن..!! نمونەیەکی زیندوو لەسەر دۆخی سوریا هەیە کە لەناو ئەنجومەنی ئاسایش دا ڕووی داوە لەنێوان هێزێکی زەبەلاحی وەکو ڕوسیا و قەزەمێکی وەکو وڵاتی قەتەر: لە ساڵی 2012 کاتێ ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا پرۆژە بڕیارێکیان لەسەر چارەنوسی سوریا ئامادە کردبوو تا سوریاش وەکو عێراق و لیبیای لێ بکەن و (سەری لە تەنیشت قالبی دابنێن) لەو کێبوونەوەدا سەرۆک وەزیری قەتەر (حەمەد بن جاسم) وەکو ئەو بزنەی ئەجەلی هاتبێ بە مەندووبی ڕووسیا دەڵێ (ئاگادارت دەکەمەوە) ئەگەر ئیتۆ بەکار بهێنی لە دژی ئەو بڕیارەی تایبەتە بە سوریا ئێوەی ڕووس هەموو دەوڵەتە عەرەبیەکان لەدەست دەدەن بۆیە پێویستە بە بڕیارەکە ڕازی بیت، دیارە ناوبراو خۆی بەسەرۆکی هەر 22 وڵاتە عەرەبیەکە زانیوە یان کورد گوتەنی (هێشتا جانیە بەرێزان سەرکردەو بڕیار بەدەستەکانی لایەنە سەرەکییەکان... ئیتر گەلی کوردستان هێندەی لۆمەو گلەیی لە ئێوە هەیە هێندە لۆمەی وڵاتە ئیقلیمی و نێو دەوڵەتییەکان ناکات چونکە ئەوان بەرژەوەندیخوازن و هیچی تر لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیان پشتیوانیمان دەکەن و هەر لەو پێناوەشدا جێمان دێڵن بۆیە دەبێ ناوخۆمان ڕێک خەنەوەو لە ژێر کاریگەری وڵاتانی داگیرکەران و بەرژەوەندیخوازاندا بێنە دەرو دەست لەناو دەست و شان بەشان هێزو توانەکانی یەک بخەن و کابینەی نوێ پێک بێنن و بە ئیرادەیەکی هاوبەش پلان و بەرنامەیەکی هاوبەش داڕێژن و گیرو گرفتە الوەکییەکان وەلا بنێن... بۆ ئەمرۆ سەرەکیترین دەسکەوتی هاوبەشی هەموو الیەنەکان حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆیە دەبێ لە پێشی پێشەوە بێ و نابێ بەهیچ شتێکەوە ببەسترێتەوە، تێکەاڵ کردنی لەگەڵ کێشەی کرکوک و بەغدا واتە پێداگرتنە لەسەر دەستەواژەی (یان هەمووی یان هیچ) ئەمەش کارێکی زەحمەتەو ڕەنگە زیانی زۆرتر بێ لە قازانج، لەم سەردەمەشدا تەنانەت لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستانیش دا بەم ئاوازو بەم تێکستە گفتوگۆ ناکرێ هەموو جیهان لەگەڵ شتی (ممکن) و دەسکەوتی ممکن دایە و بۆ ئامانجە سەخت و مەحاڵەکانیش کۆڵ ناداو لە هەوڵدا ن بەردەوام ئەبن... تۆ ئەگەر لەگەڵ براو هاوەدەنگ و هاوخەبات و هاوەدەردی خۆت ئامادە نەبی بەپێی (استحقاقی) دەنگدان و هەڵبژاردن کابینەی نوێی حکومەتێکی هەرێمی پێک بێنی ئەدی سبەی دەسکەوتی لەوە گەورەترت لە جنگ بێ چۆن و بە چ ڕێکەوتنێک قایل دەبی.. ئەی کوردایەتی.. میژوو.. خوێنی شەهیدان.. ئەنفالەکان.. دەیان و سەدان و هەزاران قوربانی و بێسەروشوێنبووان چییان لێ هات و لە کام الپەرەی میژوودا تۆمار دەکرێن. وارسەکانیان چی بکەن و بچنە الی کێ و کێ نازەکانیان هەڵ دەگرێ... بەچاوی خۆمان ئەبینین لە ڕۆژئاوای کوردستان چۆن وەک چۆلەکەیەکی ناو دەستیان سەودا بە چارەنووسی میللەتی کورد دەکرێ... چۆن وڵاتانی خاوەن پێگەو ڕێگەی یاسای نێودەوڵەتیش دەکرێنە هاردی نێوان بەرداشەکانی گەمەی نەتەوە زلهێزەکان. لە میژووشدا هیچ شتێک حەتمی نییە.

دوو هێزی کارا بەرەو کوردستانێکی بەهێز



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

لە ماوەی رابردوو هەرێمی کوردستان ڕووبەرووی چەندین کێشەی گەورە لەنێویاندا "شەڕی تیرۆر، هاتنی لێشاوێی ئاوارەکان، قەیرانی دارایی و گەمارۆیی دارایی و دابەزینی نرخی نەوت و پیلانی سڕینەوەی ولاتانی ئیقلیمی و نێو خۆیی بۆوە "، کە ئەگەر بە حیکمەت و سەرکردایەتی سیاسی کورد و بەتایبەت بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان نەبووایە دەرباز لەو هەموو کێشە و بەربەستانە مەحاڵ بوو، لە ماوەی داهاتوودا، هەرێمی کوردستان لەلایەن ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و مەسروور بارزانییە بەردە قۆناغێکی تر دەوڵەتداری هەنگاو دەنێ و هەموو چاوەڕوانییەکان بەو ئاراستەیە دەڕوات کە حکومەت و کوردستانێکی بەهێز لە گشت بوارەکاندا بونیات بنرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕابەرایەتیی پێشمەرگە، سەرۆک مسعود بارزانی، ڕووبەرووی چەندین پیلانگێڕی گەورە و قڕژێر بۆوە کە ئەگەر بە حیکمەت و کاریزمایی بەرێزیان نەبووایە، دەربازبوون و پوچەڵکردنەوەی لوغم و پیلانگێڕییەکان مەحاڵ بوو، لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو، کە سەرەڕای هەموو ئەو نەهامەتی و کێشە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد، پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی حزبەکانی تر، کەوتە ژێر بەرپرسیاریەتێکی یەکجار گەورە، چونکە زۆربەی حزبەکان کە بەشدار بوون لە پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوانی پێشوو، پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتیان لە نیوە ڕێگای تونێلێکی تاریک و سەختدا بەجێهێشت و ڕوویان لە گەلی کورد وەرگێڕا، کە گەیشتن بە ڕووناکی و سەرکەوتن بەسەر دۆخەکەدا تا ڕادەیەکی زۆر ئەستەم بوو، هەر بۆیەش گەلی کورد لەم ساتەدا تاکە ئومێدیان بۆ دەربازبوون لەو هەموو کێشە ئاڵۆزانە دا پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە دواتر پارتی توانی بەهەوڵی گەلی کورد و جەنابی سەرۆک و هەروەها سەرۆکی حکوومەت، ئەم قۆناغە سەختە تێپەڕێنێ و دیسانەوە ببنە جێگای متمانەی گەلی کورد، بۆیە لە ئێستادا پارتی دەیەوێت لە پێکهێنانی حکوومەتی ئایندەدا ئەم ئەزموونەی پێشوو کە حکوومەتی بنکەفراوان و شان تەکاندنی حزبەکان بوو لە بەرپرسیاریەتی دووبارە نەکاتەوە، بۆیە پارتی ئەم جارە لە پێکهێنانی حکوومەتی ئایندەدا زۆر جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە کە ئەو حزبانەی بەشدار دەبن لە حکوومەت، دووبارە پارتی و حکوومەت لە نیوەی ڕێگا بەجێنەهێڵن و خۆیان لە بەرپرسیاریەتی میللەتێکی ماندوو نەدزنەوە، هەروەها پێویستە هەروەک چۆن لە قۆناغێکی ئارام و بێ کێشەدا، بەردەوامن لە حکوومەت بەوشێوەیەش ئەگەر هەر کۆسپ و تەگەرەیەک هاتە بەردەم حکوومەتی ئایندە، پێویستە بە گوێرەی حەجم و قەبارەی خۆیان بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن و لە حکوومەت بەردەوام بن تاوەکو دۆخەکە تێدەپەڕێت، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت چوارساڵی داهاتوو قۆناغێکی ئارام و خۆشگوزەران بێت و، هەروەها کوردستانێکی بەهێزلە هەموو سێکتەرەکان بوونیات بنرێت، بەهەموو لایەک خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەن، چونکە خەڵکی کوردستان لە چوار ساڵی ڕابردوو نەهامەتی و ماندووبوونی زۆری چەشت و زۆر خۆڕاگر و بەرپرسیارانە مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکەدا کرد، بۆیە پێویستە چوار ساڵی داهاتوو قۆناغێکی جیاواز بێت و گەلی کورد بگاتە کەنارێکی ئارام و لەنگەر بگرێت، کە ئەمەش بە هەوڵی کوردستان و حکوومەتێکی بەهێز و بەرپرسیار دێتەدی. هەرێمی کوردستان دوای هەڵبژاردنەکانی 2018/9/30 پێی نایە قۆناغێکی نوێ بە شێوەیەک کە گەلی کورد و پارتییەکان بە هیواوە دەروانە ئایندە و دوارۆژیان. بەتایبەت ئاستێی هەموو چاکسازی و گۆڕانکارییەکانی ئایندە لە هەرێمی کوردستان لە هەنگاوی داهاتووی پارتی دەبینەوە، بە تایبەت لە دروشمی سەرەکی پارتی دا هاتبوو، پارتی بەهێز بێت، کوردستان بەهێز دەبێت، لە کارنامەی حکومڕانی داهاتوودا، چەند یاسا و پرۆژەی چاکسازی و گۆڕانکاری و دەستووری و کۆمیسیۆن و سەرۆکایەتی هەرێم و کۆمەڵێک بابەتی دیکە کە پەیوەست بە سێکتەرەکانی سیاسی و ئابووری و دەربازبوون لە قەیران و دۆخی ژیان و خزمەتگوزاری و حکومڕانی هەرێمی کوردستان لە ئەولەیەتی کاری خۆی دانا بوو، تا ئەوانەی ڕێیان تێ دەچێ لە چوار ساڵی داهاتوودا جێبەجێیان بکات، بەو پێیەی پارتی خوێندنەوەی بۆ دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراق و هەرێمایەتی هەیە، لەخولی پێشوودا ئیستقراری پەرلەمان نەبوو، هەم لەڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیشەوە، بۆیە ئەو شێوازی مامەڵەیەی پێویست بوو بکرێت و لە بەرژەوەندی هەموو کوردستاندا بێت، لە هەموو ڕوویەکەوە نەکرا، لە لایەک هەرێم لە دۆخێکی شەردا بوو لەگەڵ داعش، لە لایەکی دیکەشەوە گرفت و ناکۆکی و مللمانێی نێوان هەولێر و بەغدا، کوردستان دووچاری قەیرانێکی دارایی گەورە ببوەو، لە بریتی بودجە و مووچەی هەرێم لە سەرەتای ساڵی 2014 وە ، دواتر شەڕ و هەڕەشەکانی داعش و ئاوارە بوونی زیاتر لە دوو ملیۆن مرۆڤ و پەنابوون لە هەرێمی کوردستان، ناکۆکی نێوان حزب ولایەنە سیاسییەکان ، بەردەوامی ململانێ بۆ ناو دام و دەزگا حکومییەکان، بەتایبەت دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان بە دەنگدان بە ماف و چارەنووسی خۆی، دوژمن و ناحەزانی کورد بە هەموو شێوەیەک دژایەتی خۆیان بە پیلان و فشار و هەڕەشە و هێز و سنووربەند و ئابلۆقەدانی خاکی کوردستان زیاتر کرد، بەتایبەت دوای پیلانە خیانەتکاری 16ی ئۆکتۆبەر و ڕادەستکردنی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان و هاندانی هەندێ حزب و لایەنی سیاسی کورد بۆ ناکۆکی و ڕکابەری پارتی، ڕاکردن لە بەرپرسیاریەتی و بەرگری نەکردن لە خەڵک و خاکی کوردستان، بێ هەڵوێستیان نواند، هاوکات لەکابینەکانی پێشوودا وەک بینیمان هەندێ لە هێزەکان لە نیوەی ڕێگە حکومەتیان جێ هێشت و ئامادەنەبوون لەو قۆناغە سەختە بەرپرسیاریەتی هەڵگرن، شان بدەنە بەر و بەردەوامی بە حکومەت بدەن، بەڵکو کەوتنە دژایەتیکردنی حکومەت و بە بەکارهێنانی میدیا بۆ دژایەتی کردنی پارتی، هەموو هەوڵێکیان خستەگەر، بۆ ئەوەی پارتی بخەنە ژێر بەرپرسیاریەتی، ئەو هەموو گرفت و قەیران و کێشانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوددستان دەبوونەوە، شەڕێکی نیوە ڕێگا بوون لە ناو حکومەتدا، تەنها پارتی بەرپرسیاریەتی و ئەرکی بنیادنانەوەی حکومەت و دام و دەزگا خزمەتگوزارییەکانی گرتە ئەستۆ، لەو دۆخە سیاسییەدا، پارتی بە دانانی چەند پرۆژەیەکی گۆڕانکاری و چاککردن و چاکسازیکردن لە سێکتەرەکان، بەرووی قەیرانەکان و باشترکردنی دۆخی ئابووری و سیاسی هەنگاوی نا، هەموو ئەگەر و پلان و بۆچوونانەی پوچەڵکردەوە، کە گرەو و هەڕەشەیان لە سەر نەمانی قەوارە سیاست و حکومەتی هەرێم دەکرد پێچەوانە کردەوە، توانی بە خۆڕاگری و سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی بەرگەری ئەو هەموو ئەو فشار و هەڕەشانە بوەستێتەوە، خۆی بە خاوەنی هەڵگری پرۆژەی نەتەوە و نیشتمان و ماف و چارەنووسی کوردستان زانی، سەر لە نوێ هەنگاوینا، بەرپرسیاریەتی ئەو دۆخەی گرتەئەستۆ، دوای تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە تا ڕادەیەک بارودۆخەکە بەرەو ئاسایی بوونەوە چوو، بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 2018/9/30دا، پارتی توانی بە 45 کورسی زۆرینەی پەرلەمان بەرێژەیەکی زیاتر لە جاران متمانەی خەڵکی کوردستان بە پلەی یەکەم بەدەست هێنا ، بەمەش ئەنجامی هەڵبژاردن نەخشەی سیاسی گۆڕی، پێگەی پارتی لە لایەنەکانی دیکە جیاکردەوە، پارتی لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، بە ڕێنمایی سەرۆک بارزانی بۆ کاندیدان و کارنامەکەی خۆی لە بەڵێنی بێ بنەما بەخەڵک نەدا، کە پێیان جێبەجێ نەکرێ، ڕاستگۆیی لەگەڵ دروشمەکانیان، بەدەنگدان بە لیست و کارنامەی پارتی لەو چوارچێوەیەشدا دەکرێ بڵێین بەدەنگدان بە لیست و کارنامەکەی، پارتی سەرپشک کراوەتەوە، بە کارنامە و پاکێجێکی پڕ لە گۆڕانکاری و خزمەتگوزاری وەک براوەی یەکەمی هەڵبژاردن، بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئامادەی بکا، لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو کوردستان تا ڕەنگی سیاسی بگۆڕێ، کە بێ گومان حکومەتێکی بێ ئاستەنگ نابێ، بەڵام ئەو وڵاتە پێویستی بە هەندێک ڕاپەڕاندنی ئەرکی تایبەتە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێدا پێویستی بە چەندین بڕیار و یاسای تایبەتە بۆ لێکجیاکردنەوە و گۆڕانکاری و چاکسازی، لە هەندێ کەرت و سێکتەری خزمەتگوزاری، وەک لە پێش هەڵبژاردن لە کەرتی تەندروستی چەند هەنگاوێکی چاکسازی نا ،بە تایبەت کە هەر دوو بەرێزیان نێچیرڤان بارزانیی و مەسروور بارزانیی ئەزموونێکی باشیان لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسی و ئەمنییەوە هەیە و کە ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان بەرەو قۆناغێکی نوێی و پێشکەوتوو هەنگاو دەنێ، بۆیە چوار ساڵی ئایندە ئەرکێکی قورس و سەختی لە سەر شانە ـ چونکە هەموو هەنگاوەکانی کوردستانی بەهێز هەوڵ و ماندووبوونی زۆری پێویستە بە تایبەت کە ناوچەکە لەبەردەم گۆڕانکاریی گەورە دایە. پارتی دیموکراتی کوردستانیش وەک هەمیشە وەک هەمیشە خۆی بەرامبەر کورد وکوردستان بەرپرسیار زانیووە لەپێناو گەیاندنی بە کەناری دڵنیایی.



پارتی دیموکراتی کوردستانی و پێشبینییێن داهاتی

سالح محەمەد تەیرۆ / ئەلند ئاکرەیی

خویایە پارتی دیموکراتی کوردستانێ وەکو پارتەکا پێشرەو ژ ئالیێ گەهاندنا دەنگ و ڕەنگێ کوردستانیان و پێشبینیێن پێکئینانا حکومەتا هەرێما کوردستانێ کابینا نەهێ، هەلگرێ لبەر پرسگرێکەکا دیرۆکێ و نەتەوەیی و نیشتمانی دایە نەمازە پشتی کو بویە ئێکەم حزبا براوە لسەر ئاستێ عیراقێ و هەرێما کوردستانێ دهەلبژارتنێن سالا بوری دا، هەروەتوث بۆ جێبەجێ کرنا هیڤی و خاست و ویستێن جادەیا کوردستانی و لدویڤ دا عیراقێ ژی و بوویە سەنگەکا محەک دسیاسەتا ڕۆژهەلاتا ناڤین دا ب گشتی و نەمازە دسیاسەتا عیراقێ دا.



ژبەر ڤێ چەندێ هەر پشتی ڤێ سەرکەفتنا مەزن کەفتیە ددان و ستاندنەکا تێروتەسەل دگەل تەڤایا لایەنێن براوەبێن دوویێ و سێیێ و بێن دیتر دهەلبژارتنێن بوری دا، ئەڤە و ل وی دروشمێ مەزنێ کو پارتی دیموکراتی کوردستان د هەوا بانگەشەیاندا بلندی کری کو ئەو ژی بەرەڤ کوردستانەکا بهێز بوو و لدویڤ دا ڕژدیێا پارتی ل وەرگرتنا پوستێن سیاسی کو ئارمانجا وێ یا سەرەکی نەک پلەوپایە بوونە، بەلکو ئارمانجا وێ ئەوبوویە کو لدویڤ ئەو بەرنامەیی داریشتی بکاریت پتر خزمەتا هاولاتیێن کوردستانێ و عیراقێ بکەتن و ئەو کێشە و ئاریشەیێن یاسایی و قانونی کەفتینە دنێڤبەرا هەردوو لایەناندا ب زمانێ دایەلوکێ و گفتوگویان و دوور ل بەرژەوندییێن بەرتەسک یێن حزبایەتی و مایتێکرنێن دەولەتێن هەرێمی بهێنە چارەسەرکرن، لەوما ئەڤرۆ پتر ل هەمی ڕۆژەکا دی تر پێدڤییە یا بەرهەڤ بیت و هەروەکی بەرهەڤ بوویە بەربیا نها ژی تاکۆ گەلێ عیراقێ ب گشتی و نەمازە یێ کوردستانێ ل هەر داهاتەکا چاڤەرێ نەکری و ل ڤان قەیرانێن سیاسی و دارایی رزگار بین کو ئەڤە ژی دکەڤیتە ستویێ خولا پەرلەمانی یا کابینا عادل عەبدولمەهدی، ب بۆچوونا مە سەرکەفتنا پارتی دیموکراتی کوردستان لڤێ قوناغا هەستیاردا کو دەڤەر تێدا دەرباز دبیت ب چەند خالەکا بەرچاڤ دکەین:

1- پارتی دیموکراتی کوردستان دڤێت ب جورئەت و ب ویژەکی یا بەردەوام بیت ل ئالوگۆرکرنا بەرپرسێن حزبی و حکومی و لەشکری و ئەڤ گورانکاری یە دبەردەوام بن و دویر ل مەحسوبیەت و مەنسوبیەتێ تاکو ئەو بەرپرس نەبنە زەلامێن پشت کورسییێ ب تنێ بەلکو دخزمەتا گشتی دا بن.

2- دیسان فەرە دڤێ یا پارتی دیموکراتی کوردستان مافەکێ وێ یە یێ ڕەوا و سروشتی و یاسایی کو پشکا شێری ل پوستێن سیادی بسپور و شارەزا دزانستێن سیاسی و ئابووری و کومەلایەتی و ئەکادیی و دلسوزو نیشتیمانپەروەر و وەلاتپاریزە، هەروەتوث هەولا دانا دەستهەلاتا ژی بن تاکو خودانێ بریارەکا ساخلەم و دیواربن جودا جودا بن.

3- هەروەتوث بەرچاڤگرتنا تەڤایا خاست و ویستێن کوردستانیان و گەلی ستەمدید بیت و دادوەرانە سەرەدەریێ ددامەزراندنا وان دا بکەت و شیانێن وان بدەتە کاری ب دەستهەلاتڤە.

4- هەست کرن ب وێ بەرپرسیارەتیا مەزن ئەوا خەلکێ کوردستانێ پێدایی و ب نوێنەرێ خو یی ڕاستەقینە زانی و ب هەمی شیانێن خوڤە ودگەل وێ ڕێکخستنا مەزن و ئەو ڕێبەر و سەرکردەیی مەزن و کاریزما سەرۆک بارزانی یا کەمترخەم نەبیت بۆ گەهاندنا خزمەتگوزاریان چ لسەر ئاستێ تاک یا ن کوم، چونکە خەلکی ئەڤرۆ کریار دڤێت نەک ب تنێ درویشم و گوتن.

5- گومان تێدا نیە ب سەرکەفتنا وێ قەوارە یا مەزن و بەرفراوان و موتمانەیا خەلکی بوویە و دئەنجام دا ل هەر قەیران و نەهامەتەیەکێ دا خەلکێ کوردستانێ وێ ب بەرپرس دزانیت لەوما فەرە ب هوشیاریانە سەردەریی دگەل بارودوخ و واقعێ ئەڤرۆ دا بکەتن.

6- ب دیتنا مە ڕژدیا پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرەدان و کومبون دگەل لایەنێن سیاسی یێن عیراقێ و چوونا سەرۆک بارزانی بو بەغدا و دەولەتێن کەنداڤ و کومبونێن پارتی دگەل لایەنێن کوردستانێ ئارمانجا پارتی ئەوە کو بەرپەرەکێ نوی ڤەبکەتن چونکە باش دزانیت ئەڤی مللەتی چەند ئێش و ئازار و ستەم و مەینەتی دیتینە چ ل سەردەمێ ڕژیمێن ئێک للدویڤ ئێک یێن عیراقێ و دیسان شەڕێ تیرۆریستێن داعش و ئەو قەیرانێن سەخت و دژوار ب سەر مللەتێ مە داهاتین.

7- خالەکا دی یا گرنگ ئەوە کو پارتی داکوکیێ لسەر بکەتن و تاکو دادوەریا جڤاکی سەر بگریتن ئەو ژی چەسپاندنا یاسایی یە ل خانقین تا زاخۆ ول جێ بە جێ کرنا یاسا و فەرمانا.

8- هەر ل ڕۆژا دامەزراندنا پارتی دیموکراتی کوردستانێ ب ڕێبەرایەتیا هەردوو وسوبەهی پارتی باوەری ب سیستەمێ دیموکراسیەتێ هەبوویە کو ئەڤە ژی نیشانێ بهێزکرنا برایەتی و پێکڤە ژیانا نەتەوی و سیاسی و ئولی یە کو ئەڤە ڕێبازا پیروزا پارتی و بارزانییێ نەمرە و فەرە دڕێژە ب ڤێ سیستەمێ پێکڤە ژیانێ بهێتە دان.

9- کاندیدکرنا نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکایەتیا هەرێما کوردستانێ و مەسرور بارزانی بۆ سەرۆکایەتیا حکومەتا هەرێما کوردستان کو ئەڤ هەردووبە خودان بسپۆڕی و شارەزانە ل هەمی ئالیەکێ ڤە ، لێ فەرە سەرکردایەتیا پارتی و ب تەڤایا کادر و ئەندامێن وێڤە پشتگیر بن و ل هەر کێم وکاسیەکێ یا حکومەتی ئەڤ هەردوویە بهێنە ئاگەهدارکرن کو ئەو ژی دێ ب ڤەکرنا ئوفێسێن تایبەت و پۆستەیان یان سایتا بیت تاکو هەر بەرپرسەک هەست بکەت کو بەلێ دویڤچوونەک یا لدویڤ وی هەیی.

ئەو دایکەی 30 ساڵ چاوەڕێی کوڕە ئەنفالکراوەکانی بوو کۆچی دوایی کرد



ئەو ئافرەتەی ماوەی 30 ساڵ بوو چاوەڕێی کوڕە ئەنفالکراوەکانی دەکرد دوێنێ لە گوندێکی سنووری گەرمیان، کۆچی دوایی کرد.

بێستوون ژاڵەیی، بەڕێوەبەری کارە مرۆییەکان لە ئیدارەی گەرمیان، ڕای گەیاند: نەزیرە نەجم حەمە، کە یەکێکە لەو ئافرەتانەی کەسوکارەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، دوێنێ لە گوندی شێخ لەنگەر لە ئیدارەی گەرمیان، کۆچی دوایی کرد.

بە پێی زانیارییەکان، نەزیرە نەجم حەمە ماوەی30 ساڵە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی دوو کوڕە ئەنفالەکەیدا بووە و ماڵی بۆ گەڕاندنەوەیان ئامادە کردووە.

لەبارەگای لقی 24ی سەفین
کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نێوان دووبنەماڵە چارەسەرکرا

دوێنێ بەسەرپەرشتی هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی، بەئامادەبوونی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لق و کارگێڕانی لق و بەرپرسی ناوچەی هەریر و، بەئامادەبوونی بەرپرسانی ئیداری حەریر،کێشەی کۆمەڵایەتی نێوان دوو بنەماڵە چارەسەرکرا بەئامادەبوونی کەسایەتی و ڕێش سپی و پیاوماقوڵانی هەردوو بنەماڵەکە.

لەووتەیەکدا بەرپرسی لقی 24ی سەفین دڵگرانی خۆی نیشاندا بە دروست بوونی ئەم کێشەیە لەنێوان ئەم دوو بنەماڵەیە ،تیشکی خستە سەر ئەوەی کە نابێ جارێکی تر کێشەی لەم جۆرە لەنێوان ئەو دوو بنەماڵەیە ڕووبدات و سوپاسی بارەگای بارزانی کرد بۆگرینگی دانیان بەکێشەکەو هەروەها سوپاسی کەسایەتی هەردوو بنەماڵەشی کرد کەڕۆڵیان هەبووە لە گەورەنەبوون و هێورکردنەوەی کێشەکە.

لەکۆتاییدا کۆنووسێک کەئامادەکرابوو لەلایەن مەکتەبی کۆمەڵایەتی لق لەلایەن ڕیش سپی و پیاوماقوڵانی هەردوو بنەماڵە واژۆ کرا، بەم جۆرە کێشەی نێوان هەردوو بنەماڵە کۆتایی پێهێنرا.

لە کۆتایی دا هەردوو بنەماڵە سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی بارەگای بارزانی و لقی 24ی سەفین و مەکتەبی کۆمەڵایەتی لق یان کرد کەڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە چارەسەرکردنی کێشەکە.

لقی دوو ڕێز لە 45 دکتۆر و کارمەندی تەندروستی دەگرێت



بەرامبەر ئەو هەوڵە سەرکەوتووەی نواندیان لە پێدانی پێکوتەی دژی ئیفلیجی بە منداڵانی زیاتر لە10 گەڕەکی شاری هەولێر لە چوارچێوەی هەڵمەتی دژی ئیفلیجی، لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێزی لە45 دکتۆر و کارمەندی تەندروستی سێ بنکەی تەندروستی سەر بە لیژنەی ناوچەی ڕزگاری گرت.

سەر لە بەیانی دوێنێ بە ئامادەبوونی ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەنگەر کانەبی کارگێڕی لقی دوو و کارۆخ سەعید بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ڕزگاری و د.سامان بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر، لیژنەی ناوچەی ڕزگاری مەراسیمێکی ڕێزلێنانی بۆ45 دکتۆر و کارمەندی تەندروستی لە بارەگای لیژنەی ناوچە ڕێکخست.

لە بەرایی مەراسیمەکە، کارۆخ سەعید بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ڕزگاری لە وتەیەکدا، باسی ئامانجی ڕێککخستنی مەراسیمەکە کرد کە لەپێناو زیاتر هاندانی دکتۆر و کارمەندانی تەندروستیە بۆ ئەوەی خزمەتێکی زیاتر بە هاوڵاتیان بکەن. دواتر ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتەیەکدا ڕێزی لە دوو و کارۆخ سەعید بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ڕزگاری بۆ ئەوەی خزمەتێکی زیاتر بە هاوڵاتیان بکەن، لە ئەنجامدا کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتەیەکدا ڕێزی لە دوو و کارۆخ سەعید بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ڕزگاری و د.سامان بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر، لیژنەی ناوچەی ڕزگاری مەراسیمێکی ڕێزلێنانی بۆ45 دکتۆر و کارمەندی تەندروستی لە بارەگای لیژنەی ناوچە ڕێکخست.

لە بەرایی مەراسیمەکە، کارۆخ سەعید بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ڕزگاری لە وتەیەکدا، باسی ئامانجی ڕێککخستنی مەراسیمەکە کرد کە لەپێناو زیاتر هاندانی دکتۆر و کارمەندانی تەندروستیە بۆ ئەوەی خزمەتێکی زیاتر بە هاوڵاتیان بکەن. دواتر ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتەیەکدا ڕێزی لە دوو و کارۆخ سەعید بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ڕزگاری بۆ ڕێز گرتن لە تویژێکی گرنگ کە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکەن، ستایشی دکتۆر و کارمەندانی تەندروستی هەر سێ بنکەی برایەتی خێزانی و هەوڵیری نوێ و بێتواتەی نوێی کرد کە توانیویانە لە هەڵمەتی پێدانی پێکوتەی دژی ئیفلیجە ڕۆڵێکی باش ببینن لە خزمەت کردن بە منداڵانی 10 گەڕەکی شاری هەولێر کە کەوتوونەتە سنووری لیژنەی ناوچەی ڕزگاری،بەرپرسی لقی دوو جەختی لەوە کردەوە کە ئەرکی ئەوان لە شێوەی ئەرکی پێشمەرگەیەکی قارەمان دەچێت کە بەرگری لە خاکی کوردستان دەکات،ئەوان بەرگری لە نەوەی داهاتووی کوردستان دەکەن و هەوڵدەدەن کۆمەڵگایەکی تەندروست بونیات بنێن،ئەوەش ئەرکێکی تەواو مرۆییە و جێی شانازیە.

گرێبەستی مامۆستایان نوێ دەکرێتەوە

خەبات ـ سەبریە یوسف:

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار لە ئاگاداریەکدا کە ئاڕاستەی مامۆستایانی گرێبەستی کردووە داوا دەکات لەماوەی هەفتەیەکدا سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکە بکەن بەمەبەستی نوێکردنەوەی گرێبەستەکانیان.

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، لە ئاگاداریەکەدا کە وێنەیەکی بۆ خەبات ناردوە ڕایگەیاندووە سەرجەم مامۆستایانی گرێبەستی سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان ئاگادارەکەینەوە لەماوەی هەفتەیەکدا سەردانی بەشی یاسایی پەروەردە بکەن بەمەبەستی نوێکردنەوەی گرێبەستەکانیان. ماوەی چەند ساڵێکە پرۆسەی دامەزراندن لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕاگیراوە و بەو هۆیەشەوە وەزارەتی پەروەردە بۆ پرکردنەوەی بۆشایی لە ناوەندەکانی خوێندندا مامۆستا بەشێوەی گرێبەست یان وانەبێژ دادەمەزرێنێت.

کاتی دەست پێکردنی شەقامی 150 مەتری هەولێر ئاشکرا دەکرێت



بەڕێوەبەری پرۆژەی ڕێگای بازنەیی شەقامی 120 مەتری شاری هەولێر ڕای دەگەیەنێت، لە دوای جەژنی نەورۆزی 2019 پرۆژەی شەقامی150 دەست پێ دەکات. ئەندازیار ئەمیر عەبدولخالق، بەڕێوەبەری پرۆژەی شەقامی 120 مەتری شاری هەولێر بە باسنیوزی ڕاگەیاند: لە دوای دانانی بەردی بناغەی شەقامی 150 مەتری بەهۆی ئەوەی ڕێژەیەکی زۆر بارانباری، نەتوانرا دەست بە دروستکردن و جێبەجێکردنی پرۆژەکە بکرێت، لەبەر ئەوەی کرداری خۆڵتێکردن و هەڵکۆڵین لە وەرزی زستاندا کارێکی ئەستەمە. گوتیشی: لە دوای جەژنی نەورۆزی ئەمساڵەوە دەست بە جێبەجێکردنی پلانی دروستکردنی شەقامی 150 مەتری دەکرێت. ئەوەشی خستە ڕوو، کە هەندێک کەموکوڕی لە شێوازی نەخشەی شەقامەکەدا هەبووە، بۆیە سەرلەنوێ دیزاینی بۆ کراوەتەوە، گوتیشی: مانگی شوباتی ئەمساڵ دەست بە یەکەم قۆناغی پرۆژەی 150 مەتری دەکرێت. پرۆژەی شەقامی 150 مەتری لە شاری هەولێر لە 2018/9/16 لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی دانرا، کە درێژییەکەی 70 کیلۆمەترە، واتە42 کیلۆمەتر لە شەقامی 120 مەتری درێژترە و هەروەها ڕێگەکە پێنج سایدە و هەر سایدێکیش 14 مەترە.

پشکنین بۆ منداڵە ونبووەکەی هەڵەبجە دەکرێت



کەسێک بە ناوی محەمەدئەمین ئیسماعیلی، خۆی بە منداڵی هەڵەبجەیی دەزانێت و داوای چارەنووسی دەکات. سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران هەڵەبجەش دەڵێ، تەواوی ڕێکارەکانی پشکنین بۆ ناوبراو گیراونەتەبەر، تا بزانن منداڵی هەڵەبجەیە، یان نا، بەڵام بە گوتەرەی ئەو بەڵگەیەی پێیەتی ڕاگەیاندنی ئەنجامدراوە.

کەوت و تەواوی ڕێکارە یاساییەکانیمان لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی عێراق و ئێرانەوە بۆی تەواو کرد و گەڕاندمانەوە بۆ کوردستان.

عەبدولقادر دەڵێت: محەمەدئەمین ئیسماعیلیمان گەڕاندووەتەوە بۆ کوردستان و لە لایەن دادگای هەڵەبجەوە وتەی لێ وەرگیراوە و ئەمڕۆش لە لایەن پزیشکیی دادی سلێمانییەوە سمپڵی خوێنی لێ وەرگیراوە بۆ پشکنینی DNA بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ تەواوی ئەو هاووڵاتییە هەڵەبجەییانەی کە سمپڵی خوێنیان کردووە و منداڵیان لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا لێ ون بووە.

ناوبراو گوتی: ئەو کەسەی بانگەشە دەکات کە منداڵی هەڵەبجە بێت، ناوی محەمەدئەمین ئیسماعیلییە، لە تەمەنی حەوت مانگی لە خێزانەکەی دابڕاوە، ئێستا ژیانی هاوسەریەتیی پێک هێناوە و خاوەنی منداڵێکە، ئەو کەسەی بۆی بووە بە باوک و گەورەی کردووە، ناوی مەنووچەهرە و لە ژیاندا ماوە و لە شیرازە، بەڵام محەمەدئەمین ئیسماعیلی ئێستا لە قوم نیشتەجێیە، بە پێی ئەو بەڵگەیەی پێیەتی و لە پارێزگای فارسی ئێران بۆی کراوە، دەیسەلمێنێت هەڵەبجەییە.

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: 78 مالی هەڵەبجەیی سکالایان تۆمار کردووە کە منداڵیان لێ ون بووە لە کارەساتی 1988/3/16 تا ئێستا8 منداڵی هەڵەبجەیی بە کەسوکاریان شاد کراونەتەوە، 8 کەسی دیکەش سمپڵی خوێنیان لێ وەرگیراوە، خۆیان بە منداڵی هەڵەبجەیی دەناسێنن و پشکنینیان بۆ دەکەین.

ئاڵوگۆڕی پۆستی بەڕێوەبەری ئەوقافی شەقڵاوە ئەنجامدرا



دوێنێ 2019/1/8 بەئامادەبوونی د. دیار جباری بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئەوقاف بەیاوەری شاندێکی وەزارەت لەچواچێوەی ڕێککخستنەوەی هەیکەلی کارگێڕی و پێکخستنی زێتری کاروبارەکانی وەزارەتی ئەوقاف لەمەراسیمێکدا گۆڕانکاری لەپۆستی بەڕێوەبەری ئەوقافی شەقڵاوە ئەنجامدراو تیایدا سەرباز ئەحمەد شێخۆ بەڕێوەبەری پێشووی ئەوقافی شەقڵاوە گوازرایەوە دیوانی وەزارەت، هەروەها مامۆستا شوان زاهیر بەڕێوەبەری پێشووی دڵنیایی جۆری دیوان وەک بەڕێوەبەری تازەی ئەوقافی شەقڵاوە دەست بەکار بوو. لەوتەیەکدا بەڕێوەبەری گشتی دیوان سوپاسی وەزارەتی ئەوقافی ئاراستەی بەڕێوەبەری پێشوو کرد کە لەماوەی حەوت ساڵی ڕابردوو تواناویەتی بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتوو کارەکانی ڕاپەڕێنێ و هەموو هەوڵێکی داوە بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی وەزارەت بەتایبەتی جێ بەجێ کردنی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی ڕێکخستنی گوتاری ئایینی.

بەڕێوەبەری گشتی دیوان ئاماژەیدا کە گۆڕانکاریەکانی وەزارەت شتێکی سروشتیەو بەئامانجی پێش خستنی کاروبارەکانە بەڕێوەبەری تازەی ئەوقافیش خاوەنی بڕوانامەی بالایەو ئەزموونێکی زۆر باشی کارکردنی هەبووە وەک بەڕێوەبەری دڵنیای جۆری وەزارەت هیوای سەرکەوتنی بۆخواست. دواتر مامۆستا شوان زاهیروەک بەڕێوەبەری تازەیی ئەوقافی شەقڵاوە دەست بەکار بوو.

بۆ سەری ساڵ 136 هەزار گەشتیار ڕوویان لە هەرێمی کوردووە

بۆ پێشوازی لەسەری ساڵی نوێ، ئەمساڵ بایی400 هەزار دۆلار یاری ئاگرین لە هۆتێل و ڕێستۆرانت و شوێنە گەشتیاری و شەقامە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان تەقێندراون. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەستەی گەشتوگوزار،136 هەزار گەشتیار بۆ سەری ساڵ ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، بەو هۆیەشەوە لە زۆربەی هۆتێل و ڕێستۆرانت و شوێنە گەشتیاریەکانی هەرێمی کوردستان ئاهەنگی سەری ساڵی نوێ و یاری ئاگرینی تێدا تەقێنرا. مەولەوی جەبار، سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان دەڵێت: بۆ بەشداری لە ئاهەنگی سەری ساڵی نوێ ، ئەمساڵ زیاتر لە 136 هەزار گەشتیار ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، بەم هۆیەشەوە زۆربەی هۆتێل و ڕێستۆرانتەکان جمەیان دەهات لە میوان. ناوبراو گوتیشی: لە 80%ی ئەو هۆتێلانەی میوانیان هەبوو، ئاهەنگ سازکراوە و لە زۆربەی ڕێستۆرانت و هۆتێلەکانیش بۆ ڕازاندنەوەی شوەکە یاری ئاگرین تەقێندراوە. بۆ پێشوازی لەسەری ساڵی نوێ، ساڵانە لەزۆربەی شار و پایتەختە گەورەکانی وڵاتان ئاهەنگی گەورە ساز دەکرێت و یاری ئاگرین دەتەقێنرێت. لە هەرێمی کوردستانیش ماوەی چەند ساڵێکە تەقاندنی یاری ئاگرین لەو شەوەدا بووەتە شتێکی باو.

لە ئێستادا 1731 کاندیدی خوێندنی باڵا و خوازیاری نازناوی زانستی کۆرسی تەواوکاری زمانی ئینگلیزی ئەنجامدەدن

دوای ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کۆرسی تەواوکاری زمانی ئینگلیزی لە سێنتەرەکانی زمان لە ژمارەک لە زانکۆکانی کوردستان کردەوە، لە ئێستادا 1731 کاندیدی خوێندنی باڵا ماستەر و دکتۆرا و، خوازیارانی نازناوی زانستی کۆرسی تەواوکاری زمانی ئینگلیزی وەردەگرن.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ڕوانگەی بەرپرسیاریەتی و بۆ بەرژەوەندی کاندیدانی خوێندنی باڵا ماستەر و دکتۆرا و خوازیارانی نازناوی زانستی، ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا و نازناوی زانستی هەموارکردەوە، بەپێی هەمواردەکەش ڕێگە بە کاندیدان و خوازیاران درا کۆرسی تەواوکاری ئەنجامبدەن.

دواتریش تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاستەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی AMIDEAST ئەمریکی قازانج نەویست لەهەڕیەک لە سێنتەری زمان لە زانکۆکانی سەڵاحەددین، سلێمانی، دهۆک، ڕاپەڕین، سۆران و گەرمیان دەستی پێکردەوە و، لە ئێستادا 1674 کاندیدی خوێندنی باڵا و خوازیاری نازناوی زانستی کۆرسی تەواوکاری دەخوێن، بەشێوەیەک لە زانکۆی سەڵاحەددین 640 کاندید و خوازیار، لە زانکۆی سلێمانی 462 لە زانکۆی دهۆک 266 لە زانکۆی ڕاپەڕین 165 لە زانکۆی سۆران 98 و لە زانکۆی گەرمیان 43 کاندید و خوازیار بەشدارن لە کۆرسەکان.

لەئێستاشدا وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئامادەکاری دەکات بۆ ئەو کاندیدو خوازیارانەی کە لە ڕێکەوتی 2018/9/26 تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاستەکانیان ئەنجام نەدابوو، بۆ ئەوەی لە داهاتوبەکی نزیکدا تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاستەکانیان ئەنجامبدەن.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/1/9 ژمارە (5668)


ڕۆژانا ئەلبوومەکەی پێشکەش بە وەزیری پەروەردە کرد



دوێنێ سێشەممە 2019/1/8 ڕۆژانای هونەرمەند کە تەمەنی هەشت ساڵە و یەکەم ئەلبوومی خۆی بڵاوکردووەتەوە، سەردانی وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر پشتیوان سادقی کرد. وەزیری پەروەردە دڵخۆشی خۆی بە بەرهەمەکەی ڕۆژانا دەربڕی کە ناوی "پاراستنی زەوی"یە و گوتی: بە سەردانی ئەم میوانە چکۆلەیە زۆر دڵخۆش بووم، میوانێک کە دونیایەک بەهرە و وزەی تێدایە، بۆ ئەوەی لە ئێستاوە کار لەسەر ژینگەپارێزی و پاراستنی ژینگەی ولاتەکەی بکات.

ڕۆژانا کە تەمەنی هەشت ساڵە و 10 کلیپی لە نێو ئەلبوومەکەیدا هەیە و ئەم ئەلبوومە گۆرانییەی لە لایەن ڕێکخراوی دۆق شارتەرەوە بەرهەم هێناوە و ناوی "پاراستنی زەوی" لێ ناوە، لەسەر پاراستنی ئاو و سرووشتی زەویە و داواش دەکات هەموو ئایینەکان پێکەوە هەڵکەن و هەمووان وەک یەک خێزان بین، چونکە زەوی جێگەی هەموومانی تێدا دەبێتەوە. هاوکات دکتۆر پشتیوان سادق هیوای خواست وەک چۆن ڕۆژانا لە لایەن بنەماڵەکەیەوە پشتگیری هونەری لێ دەکرێت، بە هەمان شێوەش دایک و باوکان ڕێگر نەبن لە بەهرەی منداڵەکانیان و هەوڵیان لەگەڵ بدەن.

عەلی حوسێن سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانی کرد



بەمەبەستی هەماهەنگی و پەیوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، دوێنێ عەلی حوسێن بەڕێسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەڕێسی دیسکی پارتە کوردستانییەکان و ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانیان لە شاری هەولێر کردو لە لایەن باپیر کامەلا سکرتێری پارتی کرێکاران و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران پێشوازی کران.

لەو دیدارەدا بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین پێشهات و گۆڕانکارییەکان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەت لە کوردستان و گفتوگۆکانی نێوان لایەنە سیاسیەکان لەم بارەیەوە تیشکی خرایە سەر، هەر لەو دیدارەدا باس لەپەیوندی و هەماهەنگی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان و کاری هاوبەشی نێوان هەردوولاو یەکدەنگی و تەبایی سیاسی نێوان هەموو لایەنە سیاسیەکان بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەدا کەبوەتە زەرورەتێکی پێویست بۆ ئێستا و ئایندەی خەڵکی کوردستان و پرۆسە سیاسیەکەی کرایەوە، هەروەها ڕەوش و بارودۆخی کەرکوک و هەنگاوەکان بۆ ئاسایی کردنەوەی شاری کەرکوک و خراپی ڕەوشی کەرکوک و ناوچەکە باسی لێوەکرا، بەڕپرسی پەیوەندییەکانی پارتی ستایشی هەلوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانی کرد کەلە وێستگە جیاجیاکانی رابردوو ڕۆل و هەنگاوی پێویستیان بەرامبەر پرسە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستان هەبووە، هاوکات تەئکید لەئەرک و بەرپرسیارەتی نیشتمانی و نەتەوەیی هەموولایەک بۆ داکۆکی کردن و سەرکەوتنی ئەم قۆناغەکە کرایەوە.

پێشمەرگەی دێرین مام سەعید شەعبان کۆچی دوایی کرد



خەبات ـ سەفەر ژلاوکی

بەیانی دوێنێ دوای ململانێی زۆر لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی دێرینی شۆڕش مەزنی ئەیلوول و گوڵان سەعید شەعبان کۆچی کرد لە مەراسیمی شایستەدا بە ئامادەبوونی جەماوەری دەڤەری بارزان و کەسوکار و هاوسەنگەرانی لە گۆڕستانی هەسنەکا سەر بە دەڤەری بارزان بە خاک سپێردرا.

خوالێخۆشبوو سەعید شەعبان بارزانی لە ساڵی 1932 لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە گوندی هەسنەکای سەر بەدەڤەری بارزان لە دایکبووە، لەگەڵ کەسوکاری لە ساڵی 1945 ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن، بۆ شەهیدی فەرماندە عەلی شەعبان بەشداری لە پاراستنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکات و دەبێتە شۆڕشگێر و بەشداری شۆڕشی دووەمی بارزان و کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕێڕەوی مێژوویی لەگەڵ بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی بۆ سۆڤیەتی جاران، هەتا گەورە بوونی زۆر غەریبی و دەردەبەری بینووە، خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی دێرین سەعید شەعبان لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەسەر ڕێبازی کەسوکاری دەبێتە پێشمەرگە لەگەڵ بۆ شەهیدی فەرماندە شەعبان عەلی کە یەکێک لە فەرماندەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە بە بڕیاری بارزانیی نەمر لە ساڵی 1963 دەبێتە فەرماندەی هێزی بێتواتە لەو دەڤەرە خزمەت دەکات، ڕۆلێبان دەبێتە لەدوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران دەبن، بەشداری لەشۆڕشی گوڵان دەکات و دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە کوردستان لە قەزای سۆران نێشتەجێ دەبێت، خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی دڵسۆز سەعید شەعبان بەکەسێکی دڵسۆز و بەردەم ناسراو بووە و هەروەها لەساڵی 1995 بۆ شەهیدی فەرماندە عەلی شەعبان و لەگەڵ برازای هەمزە عەلی شەعبان و پۆلێکی پێشمەرگە لە پێناو ڕێبازی بارزانیی نەمر گیانیان فیدای خاکی کوردستان دەکەن و شەهید دەبن، بنەماڵەکەیان بەردەوام دەبن لە خەبات و تێکۆشان، پێشمەرگەی دێرین



هونەرمەند عەدنان کەریم:

خۆشەویستیی بۆ ئینسان لە هەموو شتێک گرینگترە

ڕەنگەکان هەر چییەک بن و هەر چەندە بیری جیاوازیان هەبێت دەتوانن یەکتر بگرن و تێکەڵ بەیەکتر بن

ئێمەش خەبات دەکەین لە ناوخۆی کوردستاندا بۆ ئەوەی مۆسیقایەکی کوردیمان هەبێت و ناسنامەی خۆی هەبێت

خەبات: هێمن ئاری

کاتێک ناوی عەدنان کەریم دەبیستین، راستەوخۆ خەیاڵمان دەچێتە سەر ئەو وێنەیەی لە نێو یادەوەریدا لە نەغمە و سۆزەوە ئاڵاوە، بەڵام ئەمجارەیان دەبینین لەم ئەزموونەدا فاکتێکی دیکەمان بۆ زیاد دەبێت و بەر حەقیقەتێکی تر دەکەون کە دەبینین ئەم هونەرمەندە لە کایەیەکی دیکەدا دۆخێکی ئەفرێنەرانە دەخولقێنێ، ئەو جارەیان ئەو شێوەکارێکە لەگەڵ ڕەنگ و سرووشتدا سەرگەرمی یارییەکە جیاواز تێکەڵاو بە سروشتی نیشتمانەکەی دەبێت و بە هەستێکی هونەرییەوە نەخشی سرووشت دەکات.

شەپەنگێک لە نەغمە و شیعر و ڕەنگ

شەپەنگێک لە نەغمە و شیعر و ڕەنگ، ناونیشانی پرۆژەیەکی هاوبەشی هونەری هەردوو هونەرمەند عەدنان کەریم و د.ڕێبوار سەعیدی شێوەکار بوو، کە لەشاری هەولێر لە پێشەنگایەکی هاوبەشدا (30) تابلۆی جوان و ناوازە و پر مانای لەخۆ گرتبوو.

بۆ کارکردن لەسەر هەر تابلۆیەک ئەم دوو هونەرمەندە هەوڵیانداوە بەیەکەوە بە دوو فلچەی جیاواز لەسنووری یەک تابلۆدا جیهانبینی دەربارەی (هەور) بنەخشێنن، واتە کۆنسێپتی پرۆژەکە لەسەر ڕێمای هەورە.

لێرەدا هەور یەکەیەکی سمبولی، تێکەڵ بەسروشت و فیگەرەکانی ناو تابلۆکان کردووە، بۆ هەر تابلۆیەک دوو ئەزموون، دوو دید، دوو تێڕوانین و یەک ڕەهەند بۆ ئەنجامدانی مەبەستێک نمایشکراوە. ئەم دوو کارەکتەرە هەر چەندە جیهانبینییان لە یەکتر جیاوازە، بەڵام هەوڵیانداوە بۆ خولقاندنی کەسی سێیەم دوو ڕەنگی جیاواز تێکەڵ بەیەک بکەن و تابلۆکان لەناو یەک ڕووخساری هاوبەشدا ژیانی بەبەردا بکرێت. هەر چەند ستایلی جیاواز و کۆکردنەوەی لەناو ئاستێکی فراواندا بۆ پرۆژەیەکی هونەری هاوبەشی لەم چەشنە هێند ئاسان نییە، چونکی ئیگۆی هونەرمەند هەمیشە زاڵ دەبێت بەسەر خۆ سەپاندنی ڕووپێو و پانتایی تابلۆکان، بەڵام بۆ دەربازبوون لەو هەژموونە، ئەم دوو هونەرمەندە لە تەجروبەیەکی تازەدا هەوڵیانداوە کار لە سەر کالبوونەوەی خۆسەپاندن بکەن تا ئاستی توانەوە، خاڵی جەوهەری کارکردن بێت لە سەر یەکتر قبوڵکردن.

هەر بۆیە لێرەدا سنووری حەرامکراوەکان هەڵاڵ دەکرێن، ڕەنگە خۆشەویستەکانیش لە هاوبەشی دەردەچن، کاتێک پڕی قبوڵکردن دێتە ئاراوە دەتوانرێت زۆر جوانی بەرهەم بگرێت و بەرهەمداربێت، زۆر ئایدیای نوێش لە دایک بێت.

ئامانجمان دڵخۆشکردنی مرۆڤە

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا پەیامی ئێوە لەم کارەدا چییە؟ کە بە دوو هونەرمەند لە تەجروبەیەکی تازەدا وەک ئامانجەوە ڕەنگەکانتان تێکەڵ بە یەک کردووە، هونەرمەند عەدنان کەریم گوتی:

زیاتر پەیامان ئەوەیە دەکرێت دوو ڕەنگی جیاواز، دوو هەستی جیاواز، دوو ستایلی جیاواز لە چوارچێوەی یەک تابلۆدا کۆبکەیتەوە دوو کەس ئیش لە سەر کێشانی تابلۆیەک بکات، ڕەنگە سبەی بێت بەسێ کەس یان چوار کەس یان پێنج کەس. ئەمە ئەوە دەخولقێنێت تۆ وەکو مرۆڤ کەسایەتی خۆت هەبە، کەسی دووەم خۆیەتی کەسی سێیەم خۆیەتی، کەسی چوارەم خۆیەتی.

گوتیشی: لەم ئەزموونە هاوبەشەماندا دەمانەوێت بڵێین: دەکرێ لە نێو یەک چوارچێوەی تابلۆیەکدا هەست و خەیاڵی دوو هونەرمەند، بگرە سیان و چواریش کۆبکرێتەوە و تابلۆیەکی ناوازە بخولقێ.

جا بۆیە دەتوانرێت ئەو هەستانە کۆ بکرێتەوە، جا تۆ وەرە گەورەتری بکە لە ناو سیاسەتدا ئەم ڕەنگە سووڕە ئەو ڕەنگە زەردە ئەو ڕەنگە سەوزە یان پرتەقاڵییە... هتد.

بۆیە ئەو ڕەنگانە هەر چییەک بێت هەر چەندە بیری جیاوازیان هەبێت دەتوانن یەکتری بگرن و تێکەڵ بەیەکتر بن. بۆیە ئامانجان لە ئیشەکانمان ئەوەیە مرۆڤ بتوانێ دڵی خۆش بێت لە هەر جێگایەک بێت، خۆشەویستی بۆ ئینسان لە هەموو شتێک گرینگترە، خۆشەویستی و یەکتر قبوڵکردن، تۆ وەکو من بیر ناکەیتەوە با من تۆ سفر نەکەمەوە، قابیلە چی دەبێت با تۆ وەکو من بیر نەکەیتەوە، من خۆمم، تۆش خۆتبە. جا وەرە تۆ ئەوە بخەرە سەر مۆسیقا بە هەمان شێوە، تۆ ئەگەر کۆپی کەسێکی دیکە بیت جوان نیت، بەڵام ئەگەر تۆ خۆت بیت جوانتری. چۆن تۆ تەمەشا دەکەیت لە مۆسیقادا مۆسیقای تورکی و فارسی و مۆسیقای عەرەبی هەیە، ئێمەش خەبات دەکەین لە ناوخۆی کوردستاندا مۆسیقایەکی کوردیمان هەبێت و ناسنامەی خۆی هەبێت، جا چۆن بەوە دەگەین ؟ ئەو کاتە بەوە دەگەین ئێمە هەموومان خودی خۆمان بین و هەوڵ نەدەین کۆپی میللەتانی تر بین، بەڵکو دەبێت بیر لەوە بکەینەوە خۆمان بین، خۆمان خۆمان بناسێنین.

هەور لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی بۆچی زیاتر لە تابلۆکاندا هەور بە کارهاتووە، هەور گوزارشتە لە چی ؟ بۆ وەڵامی ئەوە عەدنان کەریم گوتی:

لای من هەور لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، چونکی ئەگەر هەر نەبێت ژیان نابێت، ئەگەر هەور نەبێت ڕەهێڵە نابێ، ئەگەر هەور نەبێت باران نابێت، ئەگەر هەور نەبێت گۆڕانکاری نابێت... بۆیە هەور بەشێکە لە ژیان.

هەروەها گوتی: لە سەر سەکۆی هەورەوە دەڕوانینە زنجیرە چیا سەرکەشەکان و دۆڵ و ڕووبارو کانیاوە شیرینەکان و مێرگ و دەشتی پڕ لە گوڵ و گوڵزاری ئەم کوردستانە. لە بەرزترین ئاستی بینینەوە. لە نێو پەڵە هەورەکانەوە دەڕوانینە سیحری جوانی سروشت و دەستەملان و جوڵەی عیشقی ئەبەدی مرۆڤ لە سەر پانتاییەکانی سەر زەوی. بۆیە ئەم هەستانە دەبنە فۆرم و جوڵەی جوانی عاشقانەو لە دەستپێکی هێڵەکانی ناو پەنجەکانی هاوڕێم هونەرمەند ڕێبوار سەعید تابلۆکان دەنەخشێن. هەر لە نێو ئەو دنیا جوانە هێمنە پڕ لە هەستە هونەرییەدا ساتێک بۆ من دەخولقێ کە پەڵە هەورە ڕەنگاو ڕەنگەکان و کەمەی ڕەنگی جوانییەکانی سروشت بکەمە بەرگێکی ئەو جوڵانە، ئا لێرەدا منی (من) لە بیر دەکرێ و تابلۆیەکی ناوازەی دوو هونەرمەند دەخولقێنن.

لە ڕوانینێکی تردا، لای ئێمە هەستی دەربڕینی وشەو ڕستەی شیعری بۆ جوانی ڕەنگەکانی هەور دەخولقێ و بە ئاوازێک دەنەخشێ و دەبنە گۆرانییەک، منی (من) لە هەستی مرۆڤدا دەشێ بگاتە ئاستی خۆپەرستی، توانا و بیرو هەستی کەسانی تر قبوڵنەکات و سەرەنجام ژیان کونجێکی تیا نامێنێ بۆ خۆشەویستی و یەکتر قبوڵکردن.

هەروەها گوتیشی هەمیشە هونەرمەند سەرچاوەیەک یان ستایلێک هەڵدەبژێرێت بۆ ناساندن و دەربڕینی هەستی خۆی تاکو بیگەیەنێت، بۆیە ئەگەر سەیرکەین میوزیکی کەس لە هی کەس ناچێت... بۆیە گرینگە تۆ کە ئیشێک دەکەیت کەسایەتییەک بۆ خۆت بدۆزیتەوە ناسنامەیەکی خۆت هەبێت و مۆتیڤێکی تایبەت بە خۆت هەڵبژێریت کە چۆن کاری خۆت دەکەیت لە کوێدا دەبینیتەوە، من دەڵێم خۆم لە هونەردا دەبینمەوە، جا ئەگەر هونەر مۆسیقا بێت، ئەگەر مامەڵەکردن بێت لەگەڵ شیعر و هەڵبژاردنی شیعر، ئەگەر ئاواز بێت، یان وێنە کێشان بێت، هەموو ئەمانە بەشێکن لە خۆت و تۆ ڕۆ دەچیتە ناوینەوە، هەندێجار تۆ خۆت لە وێنەکێشاندا دەبینیتەوە یان هەندێجار خۆت لە مۆسیقادا دەبینیتەوە ، واتە گرنگە تۆ بتوانی لە هونەردا کارێک بکەیت گوزارشت لە ڕۆح و ناخی خۆتدا بکات، گرنگ نییە هونەرەکە وێنەکێشان بێت یان مۆسیقا بێت یان هەر بوارێکی دیکە لە هونەربێت، بۆیە پێموایە ئینسان ئەو کاتە بەختەوەرە خۆی بەتاڵدەکاتەوە، ئەو کاتە بەختەوەرە خۆی دەداتە دەست ڕۆحی خۆی.

ئێمە ئەو ڕێچکەیەمان شکاند

لە وەڵامێکی دیکەدا، سەبارەت بەو پێشەنگا هاوبەشەی لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار ڕێبوار سەعید کە بە هاوبەشی کردوویەتییەوەو تابلۆکانیان بە هاوبەشی وێنە کێشاوە، کە ئەمەش شتێکی تازەیە لە هونەردا ئاخۆ لە هونەری شێوەکاریدا ئەو هونەرە بوونی هەیە، بۆ ئەوە هونەرمەند عەدنان کەریم گوتی: بەڵێ ئەوە تەجروبەیەکی تازەیە کردوومانە، ئەوەشی خستە ڕوو کە زۆر هونەرمەند هەیە سنوورێک دادەنێت و دەڵێت تۆ بۆت نییە فلچەیەک لە تابلۆکانی من بدەیت، بەڵام ئێمە ئەو ڕێچکەیەمان شکاند. ئەو پرۆژەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵێک لە مەوبەر لە نێوان من و د.ڕێبوار سەعید، زیاتر هەوڵماندراوە ڕەنگەکان ئاوێتەی یەکتری بکەین، زۆر ستەمە هەندێجار دوو هونەرمەند ڕەنگەکانی خۆیان لە یەک چوارچێودا کۆبکەنەوە و سنوور بۆ تابلۆکانیان دانێن، بەڵام ئێمە وەک ئەزموونێک





مۆبایلی هۆنەر10 لایت باشترین تایبەتمەندی بە توانایەکی سەرکەوتوو و دیزاینێکی جوان

دوای ئەو سەرکەوتنەی وەشاندنی مۆبایلی هۆنەر 10 لایت بەدەستی هێنا کە تازەترین بەرهەمی هۆنەرە، ئێستا ئەم بەرهەمە لە بازارەکانی عیراق بەردەستە ، ئەم مۆبایلە تایبەتمەندی سەرسوهێنەری هەیە لە پەیکەر و بەشکانی و دیزاینە جوانەکەی کەوای لێدەکات ببێتە باشترین بژاردە بۆ بەدستهێنانی یان بۆ ئەوە بیکەیتە دیاری لەسانی تازەدا. ئەم مۆبایلە بەرەنگە پلەدارەکانی ناسراوە بۆ دیمەنێکی گەنجانە کە ئامێرەکە دەکاتە نمونەیەک بۆ جوانی و سەرتایەکی تازەت پێدەبەخشێت بۆ ساڵی 2019. لەگەڵ بەردەوامی گرنگی زیرەکی دەستکرد لە ئامیرەکان لەساڵی 2019 و ساڵانی ئایندە، کامیرای پێشەوەی مۆبایلی هۆنەر 10 لایت پاڵپشت بە زیرەکی دەستکرد ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە گرتنی وێنەی سێلفی دەبەخشێت لەهەر کاتێکدا، ئەم کامیرا زیرەکە توانای ناسینەوەی 8 سیناریۆی هەیە لە ڕێگای داتاکانی زیرەکی دەستکردەوە کەوا دەکات ڕوخسار و باکراوند باشتر بکات لە ڕێگای چاککردنەوەی ڕەنگەکان بە پێی دیمەنە جیاوازەکان، داتای جوانکردنی وێنەکان بە زیرەکی دەستکرد توانای سێ لایەنی بەکاردێنێت بۆ ناسینەوەی ڕوخسار و دانانی فاکتەرەکانی جوانکردن بەپێی تەمەن و ڕەگەز و ڕەنگی پێست کە یارمەتیدەرە بۆ داهێنانی پێناسەی تایبەتی جوانی لە ساڵی تازەدا.

هەروەها مۆبایلی هۆنەر 10 لایت باشترین بژاردەیە بۆ ئەوانەی لەدوای مۆبایلێک دەگەڕێن کەنەک تەنها توانای سەرسوهێنەری هەبێت بەڵکو تایبەتمەندیەکانی هەڵگرەکەی جیابکاتەوە لەگەڵ ئەوانی تر.

وون بوون
ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە/ ١٣٦٦٩ بەناوی گولالە حامد صوفی وون بووە تکایە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان بەناوی ابراهیم حمد احمد ژمارەی ناسنامە ٩٧٤٧ وون بووە تکایە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقود : ١- هورى خديده قندو ٢- على عمر عربو
قدم السيد / عمر عربو على طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٤ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / حسام الدين احمد علي
***
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقود : خالد تمو مراد
قدم السيد / علي تمو مراد طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / حسام الدين احمد علي
***
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقود : امين حجيا مجو
قدم السيد / عزيز حجيا مجو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / حسام الدين احمد علي
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ٥/ش/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/١/٨
راگەهاندن
بو/ داوالێکری: لیسنیا أنجلینا
ل دیف داخازیا داواکار (نزار مصطفی رسول) و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا:
(تصديق طلاق) كرى و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ناکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ (دهوك/ ماسیك قرب كنسة الارمن) ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا (٢٠١٩/١/١٦) یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشملی هێتە کرن.
دادوەر/ مروان عادل اسماعیل
***
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە: ٢٧٨/ب/٢٠١٨
روژ: ٢٠١٨/١٢/٢٠
جاردان
بۆ/ داوالێکەراو/ بیی حنا توما/ شوێنی دانیشتنت نەدیارە
ئەم دادگایە بریاریدا لە رۆژی ٢٠١٨/٩/١٩ لە داوای ژمارە ٢٧٨/ب/٢٠١٨ بە پێگێریکرنا تە ب دانا پارەی ٦٨,٠٠٠,٠٠٠ شێست و هەشت ملیۆن دینارێت عیراقی بو داواکاری تومای کورکیس حنا وەك دەین دابونە تە (قرضة حسنة) ل هەیڤا شوات سالا ٢٠٠٦ دگەل دانا پێداچوونێت داوێ و ماندیبوونێت پارێزەری کوژمێ دوو ملیون دینار، ژبەر نەشتەجێبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی سێجێ ل قەزا سمیل ل روژا ٢٠١٨/١١/٢٦ بۆیە دادگا بریاریدا کە بریارەکەت پێ راگەیەنێت بەهۆی دوو روژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت و هەوە مافی نەڕازیبوونێ و تێهەڵچوونێ پێداچوونەوە هەیە لەماوەی یاسایی دا و بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبرو وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ابراهیم خشمان گرگری
***
ئاگاداری
بەرێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەرێگای لیژنەی زیادکردنی ئاشکرا (المزايدة العلنية) بۆ جاری دووەم هەڵدەستێ بە بەکرێدانی کۆشکی ژمارە ٤ چوار لە پارکی (شانەدەر/١) لەرێگای زیادکردنی ئاشکرا بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ١٥ یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/٢٣ لەناو دیوانی بەرێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی بەرێوەبەرایەتیان بکات بۆ دانانی بارمتە (تأمينات)ی یاسایی، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی.
راگەیاندنی بەرێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٥١٩٥/ش/٢٠١٨
ڕێکەوت:٢٠١٨/١٢/٢٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (زید فاضل حسن) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سۆدد محمد جواد) داوای ژمارە (٥١٩٥/ش/٢٠١٨)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفريق للهجر) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی عارەبان) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١/٣٠, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ طارق حسين كريم
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٥٦٥١/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١/٧
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (عثمان مصطفى احمد)، شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (بەڕێز سلیمان قادر) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت داوالێکراو بە ژمارە ٥٦٥١/ش/٢٠١٩ تیایدا داوای (جیابوونەوە) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- بەحرکە) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٢/١٧) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.
دادوەر/ صباح قادر كاملا
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٥٦٥٠/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١/٧
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (عثمان مصطفى احمد)، شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (بەڕێز سلیمان قادر) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت داوالێکراو بە ژمارە ٥٦٥١/ش/٢٠١٩ تیایدا داوای (جیابوونەوە) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- بەحرکە) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٢/١٧) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.
دادوەر/ صباح قادر كاملا
***
بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
بەرێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر/ داراتوو گەرەکی برایەتی بۆیە دادگا بڕیاری بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٢/١٧) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.
دادوەر/ طارق حسين كريم
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٥٦٥١/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١/٧
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (عثمان مصطفى احمد)، شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (بەڕێز سلیمان قادر) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت داوالێکراو بە ژمارە ٥٦٥١/ش/٢٠١٩ تیایدا داوای (بژێوی) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- بەحرکە) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٢/١٧) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.
دادوەر/ صباح قادر كاملا
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٥٦٥٠/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١/٧
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (عثمان مصطفى احمد)، شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (بەڕێز سلیمان قادر) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت داوالێکراو بە ژمارە ٥٦٥١/ش/٢٠١٩ تیایدا داوای (جیابوونەوە

مردن لەکۆستێکەوە بۆ بەڵایەکی گەورەتر ..



گۆڕ هەڵکەنێک : ئێمە بەپێی ڕێساکان مرۆڤ سپاردەی زەوی دەکەین

ڕیپۆرتاژی : کەنعان بەهادین

لەو کاتەوەی کە مرۆڤ هیچ دەرگایەکی تری نابێت تەنها پابەندبوون نەبێت بەو تەقالیدانە ، تووشی مەسروف و ئەرکی زۆر دەبێت ، کە دەکرێ لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە دیراسەی دیکەی وورد بکرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە بازێکی گەورەتر بهاوێت و لە هەندێ شت رزگاری بێت ، مردوو کە دەمرێ خاوەنەکەی روو لەکێ دەکات ، لە کێ دەنێژرێت ، ئەو کولفەو تێچووە لە کوێ بێنێ تا وەکو کۆمەڵگە پابەند بێت ، ئەگەر نەیبێت روو لە کێ بکات ، !! لێرە کۆمەڵێک باس و خواسی تایبەت بەم پرسە باس دەکەم ..

لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری کاتێک مرۆڤێک مااڵئاوایی لە ژیان دەکات ، کۆمەڵێک تەقلید و پابەندی کۆمەاڵیەتی جێ بە جێ دەکات کە هەر کەسێک بەپێی ڕێچکەو ئایینی خۆی مردووی خۆی دەنێژێت ..

کە دەگەنە ئای ئێمە ..

گۆڕ هەڵکەنێک بەنێوی ڕەشید حەیدەر بۆمی باسکردوو گوتی: ئێمە بەردەوام لە نێو الکۆاڵن و ژێر دیواری گۆڕستانەکان چاوەڕێین تەلەفۆنێکمان بۆ بێت تا دەست بکەین بە هەڵکەندنی گۆڕێکی تازە ، ناپرسین کە پیاوە یان ئافرەت ، گەورەیە یان بچووک ، تەنها ئەوە دەزانین کە دەبێت چاڵێکی وەها هەڵبکەنین مرۆڤ لەنێویدا وون ببێت ، لەنێو ئەو چاڵەشدا چاڵێکی تری سندووقی بەقەد الشەی مرۆڤێک هەڵدەکۆڵین ، ئەوێ دەبێتە مەنزڵی کۆتایی ئەو ئینسانە ...

ڕەشید حەیدەر زیاتر گوتی : لەگەڵ بەرز بوونەوەی دەنگی مۆبایلەکەم ، ناپرسین لەوەی کات دەرنگە یان زوو ، تاریکە یان ڕوون ، تەنها دەبێت بە حەفارەیەک و کۆمەڵێک بلاجکتۆری ڕووناکەرەوە و خاکەناس و پێمەڕەو قازمە بگەینە گۆڕستان تا چیرۆکی ونبوونی ئینسانێکی تر بنووسینەوە ..

ڕەشید دەڵێت: ئێمە ڕاهاتووین کە چاڵ بۆ مرۆڤەکان هەڵبکەنین ، بە شێوەیەک و بەدەم قسە و هەڵس و کەوتی ئاسایی چاڵ هەڵدەکەنین ، لەپڕ کەژاوەی ماڵباتێکی کۆست کەوتوو دەگەنە گۆڕستان و تەرمێک دەیان و سەدان ماشێن و مرۆڤ بە دواوەیە و بەڕەو پیری ئێمەوە دێن ..

ڕەشید دەڵێت : ئیدی ناوی ئەو مرۆڤە دەبێتە مردوو ، یاخود جەنازە ، ئەو ناوەی بەسەرەوە نامێنێ کە کاتی لە ژیاندا پێوەی بانگ دەکرا ، ئێمەش بەپێی شەرع و هەموو ڕێساکان ، ئەو مرۆڤە ئەسپاردەی زەوی و خۆڵ دەکەین و ئیدی چواردەوری ئەو ئینسانە چۆڵ دەبێت و خەڵک پەرتە دەکات و گۆڕستان دووبارە چۆڵ دەبێت ...

مام ڕەمەزان کە خاوەنی دروستکردنی کێڵ و تاخمی قەبرە و نوسینگەکەی لەنێو گۆڕستانی شێخ ئەحمەدە و بۆ من گێڕایەوە گوتی : مرۆڤ عەزیزانێکی زۆر لە دەست دەدات ، ئیدی لەو کاتەوە دەشێوێت ، دەیەوێت هەموو شت بۆ ڕازی کردنی دڵی ئەو مردووەی خۆی بدات بەاڵم ئۆقرەی نابێت و لە ئاست مردن زۆر سیست و الواز و بێ دەسەاڵتە ، دەپرسێ کە گرانبەهاترین تاخمی گۆڕ کامانەن ، بە هەموو شێوەیەک مەزاری ئەو مردووە ڕازاوە دەکات، تا نزیکەی شەش حەوت مانگ بەدەوری گۆڕی مردووەکەی گوزەر دەکا و جوانکاری بۆ دەکات ، بەاڵم ئیدی بێ ئومێد دەبێت ، دەزانێ تازە ناگەڕێتەوە ... مام ڕەمەزان چیرۆکی گۆڕستانی زیاتر بۆمن گێڕایەوەو گوتی : گۆڕستان خۆ هەر شوێنی ئەو شتانە نیە کە باسم کرد ، گۆڕستان پڕە لەو عاشقە زیندووانە کە هیچ شوێنێک پەی نابەن بۆ ماچ و مووچ ، دێن بەدیار مردووەکان هەموو شتێک دەکەن ، چونکە دەزانن مردوو بێ دەنگن و لێیان ناکەن بە هەاڵ ..

گوتیشی : ئەم گۆڕستانە شتی زۆر سەیری لێ ئەنجام دەدرێت ، لەوانە زۆربەی ئەو فاڵچی و سیحربازو نووشتە چیانە ، گۆڕستان بۆ مەرامەکانیان بەکار دێنن و زۆربەی کات ئافرەتان لە گۆڕستان بەتەنیا دەبینرێن کە هاتوون نووشتەو سیحرەکانیان لێ دەشارنەوە ، تەنها نووشتە بازەکان لە نهێنی ئەوە تێ دەگەن ..

مام ڕەمەزان گوتی : کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی خۆشباوەڕو بەدبەختە ، چونکە دەیان هەزار دۆاڵر بۆ پارچە کاغەزێک سەرف دەکەن بەنێوی نووشتە ، ئێمە زۆرجاران لێرە تووشیان دەبین ، بەداخەوە دەگوترێ ئەمە دەبێتە هۆکاری لێکترازانی کۆمەڵگە ...

ڕەشید حەیدەر کە گۆڕهەڵکەنە بۆ خەبات گوتی : دەکرێ پۆلیس و ئاسایش زیاتر ئەمنیەتی گۆڕستان بپارێزن لە و دیاردانەی کە شیاو نیە، دەکرێ خەمێکی جدی لەم بارەوە بخورێت ، چونکە گۆڕستان بۆ ئارامی و شوێنێکی تایبەتە بۆ مرۆڤی مردوو ، کاتێک دەبێت لە دوای مردنیش مرۆڤ ڕێز لێگیراو بێت ..

لە ڕووی ئاینییەوە مامۆستا مەاڵ مازن مامۆستای ئاینی و قورئانخوێن بۆ خەبات گوتی : لە ڕاستیدا ئەرکی خاوەن مردوو لەکاتی لەدەستدانی ئازیزانیان قورس بووە ، بۆ نموونە بنەماڵەیەک 60 مەتر زەویان بە نزیکەی هەشت ملیۆن دیناری عێراقی کڕیووە، ئەم بابەتە ڕۆژ بە ڕۆژ تەشەنە دەکات و نرخی زەوی گۆڕستان لە بەرزبوونەوەدایە، بۆ نموونە پێشتر حکومەت گۆڕستانی کەسنەزانی بۆ هاواڵتیان بێ بەرامبەر دابین کردبوو ، وا دیارە لەوێش شوێن نەماوە ، بۆیە داواکارین لە شارەوانی جێگای شیاو و فراوان دابین بکات بۆ خەڵکی ...

لەبارەی ساتی مردنی مرۆڤێک و بەهاناوە چوونی چەند ستافێکی خۆبەخشان ، مامۆستا مەاڵ مازن گوتی : بە خۆشحاڵییەوە چەندین ستافی خۆبەخش هەن و دروست بوون بۆ بە هاناوە چوونی خەڵکی لێقەوماو کاتی لە دەستدانی ئازیزانیان لەرکی گۆڕهەڵکەندن دەگرنە ئەستۆ کە بەشێک لە خەمەکانیان سووک دەکەن ، ..

دەربارەی چۆنیەتی هەڵگرتن و بیناکردنی گۆڕی مردوو مامۆستا مەاڵ مازن بۆ خەبات گوتی : دەبینرێت دوای مردن گۆڕ لە شێوەی شووشە و مەرمەڕ دروست دەکرێت تا ئەو ئاستەی کە گۆڕی وا هەبووە نزیکەی 20 ملیۆن دیناری عێراقی تێدا سەرف کراوە ، کە لە ڕووی شەرع و عورفەوە جائیز نیە و نادروستە ، دەکرێ ئەو پارەیە بکرێتە هاوکاری و یارمەتی بۆ کەسانی کەمدەرامەت و ماڵباتی شەهیدان کە بۆ مردووەکە سوودی دەبێت ..

مامۆستا مازن گوتی: لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا پرسە بۆ کێبڕکێی نێوانی خانەوادەکان بەکار دێت کە چەندە مەسروفی تێدا زیاتر بکرێت کاتێک ئەمە دیاردەیەکی ناشرین و ناشایستەیە ، لەنێو ئێمەدا کۆمەڵگەی کوردەواری پرسەیان وەکو پرسێکی کۆمەاڵیەتی ئەژمار کردووە و گرنگی پێدەدرێت ، بەاڵم ناکرێ زیادە ئیسرافی تێدا بکرێ ..پرسە بۆ ئەوە دروست کراوە مرۆڤ ناتوانێ لەماڵەکەی خۆی پێشوازی لەم هەموو میوانە بکات ، بۆیە پرسە بۆتە بەدیلی ئەوەی کە لە هۆڵێک بە شێوەیە کی شارستانی پێشوازی لە میوانان بکرێت ، ئەگینا هیچ پەیوەندییە بە هیچ ئاینێکەوە نیە ..

ڕۆژنامەنووسێک دەڵێت پرسە کە بەمشێوەیەی کە لە کوردستان گوزەراوە و تا ئێستاش دەگوزەرێت، نەک دڵنەوایی کردنە بەڵکو ڕێک پێچەوانەیەتی ...


نووری بێخاڵی نووسەرو ڕۆژنامەنووس بۆ خەبات گوتی : باشترین ڕێگا بۆ دڵنەوایکردن و هاوبەشیکردنی خەمی کۆستی دۆست و ئازیزان ، ئەوەیە کە لەکاتی ناشتنی تەرمەکە (ئەگەر بۆت ڕێککەوت) بەشدار بیت، دەنا دانیشتنی ڕۆژەکانی مزگەوت و شەوەکانی ماڵ لە بێمانایی بێماناترە .. بێخاڵی گوتی : ئاخر کابرا کۆستی کەوتووە کەچی دەبێ وەک پاسەوانی بەر دەمی فەرمانگە دوو ڕۆژ و دوو شەو (لەهەندێ شوێن هێشتا سێ ڕۆژە ، ئەمەو چش لەو میوانە ناوەختانەی دوای هەفتەیەک یان زیاتری تەشریفی موبارەکیان دێنن) بەپێوە و دەست لە سە سینگ بێت ، خەو و خواردنی لێ تاڵ بێت..

ئەو ڕۆژنامەنووسە گوتیشی : لایەنێکی دیکەی نەخوازراوی دانانی پرسە (ئینجا لە کوردستان کە بەهۆی خراپی ڕێگاو بان و زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێل و سەرەڕۆیی شۆفێرەکان) ئەوەیە کە زۆر جار پرسەی دیکەی بەدوای خۆیدا هێناوە ، بەتایبەتی ئەوانەی (لەشەرمان ، یان بەهەر هۆیەکی دیکەوە بێت ، لە دوورەوە هاتوونە پرسەکە ، ئیدی لەهاتن ، یان گەڕانەوە تووشی ڕووداوی هات و چۆ بوونە)بۆیە ئەگەر مرۆڤ توانی ئامادەی سەر گۆڕستان و کاتی ناشتنی تەرمەکە بێت ئەوە نەک هەر کارێکی باشە بەڵکو ئەرکە بەرپرسیارێتیشە، دەنا وەکوتر دەتوانێ بەتەلەفۆنێک ، بەنامەیەک (لەم سەردەمە دەیان ئاسانکاری تەکنەلۆژیا هەن لەم بوارە) سەرەخۆشی و دڵگرانی و هاوخەمی خۆی بە خاوەنی پرسە ڕابگەینێت ..

دواجار بێخاڵی ڕۆژنامەنووس گوتی : جگە لەوەش بە نەهێشتنی پرسە ئەم کەش و فشەی خەڵکی ریاکار کۆتایی دێت، کە پرسەی ئەوان جمەی دێت و هی هەژارانیش ساردو سڕ ، ئینجا لە کۆتایش بە دیاردەی بازرگانی کردن بە قورئانخوێندن و سەردولکەی مەجلیسی ژنانیش دێ ..



مامۆستایەکی ئایینی : گۆڕی وا هەبووە بیست ملیۆن دیناری عێراقی تێدا سەرف کراوە ..!



ڕۆژنامەنووسێک : پرسەی ریاکاران و دەستڕۆیشتوان جمەی دێت و هی هەژارانیش ساردو سڕ

گۆڕستان پڕە لەو عاشقە زیندووانە کە هیچ شوێنێک پەی نابەن بۆ ماچ و مووچ ، دێن بەدیار مردووەکان هەموو شتێک دەکەن ، چونکە دەزانن مردوو بێ دەنگن و لێیان ناکەن بە هەاڵ



www.xebat.net
چوار شەممە 2019/1/9 ژمارە (5668)
خەبات

چەند کێشەیەکی بە روالەت بچووک بەڵام ڕووخێنەر لە پەیوەندی هاوسەرێتیدا



و/ لەیلا سلێمان

تەنیا کێشەگەلێکی وەک شەڕانگێزی، خەیانەت و ئالوودەبوون بە موخەدەرات و ... هتد هۆکاری هاوسەرێتی ناشێرێنن. هەندێ کێشەی بە روالەت بچووک دەتوانێت کاریگەری زۆر ڕووخێنەری لەسەر ژن و مێرد هەبێت. ئەو کێشانە دەتوانێت دڵنیشانی بچووک دروستبکات، بەڵام وێرانکاری پەیوەندییەکی باشی هاوسەران بێ.

خووە ئازاردەرەکان: ژن و مێرد هەندێ کات ناتوانن خووەکانی یەکتر قبوڵ بکەن و سەرەڕای ئەوە لە بارەیەوە ڕاشکاوانە گفتگۆ ناکەن و کاتێک بە تێپەڕانی کات لەو بارودۆخە ئازاردەرە ماندوو دەبن، هەر بیانوویەکی بچووک دەبێتە هۆکاری شەڕە قسە. لە بڕی ئەوەی بێدەنگ بن و سەبر بگرن داوای لێبکەن واز لە خووەکەی بێنێت. ڕەنگە ئەو خووەی هەست بەو ڕەفتارە ناموێیەی نەکات!

کۆنترۆڵ کردن: هەندێجار بە هۆی خۆشەویستی زۆرەوە ژن و مێرد هەوڵ دەدەن یەکتر کۆنترۆڵ بکەن و بچووکترین جوڵەی یەکتر دەخەنە ژێر چاودێری. سەرەڕای ئەوەی ئەم کارە بە نییەتێکی باش دەکرێت، بەڵام دەتوانێت یەکجار ئازاربەخش بێت. ئەوان بە میهرەبانی و خۆشەویستی دەتوانن یەکتر دڵنیا بکەنەوە کە پێویست بە نیگەرانی ناکات.

جیاوازی کەسی: سەرچاوەی زۆربەی ڕەنجاندنەکان لە جیاوازییەکاندایە. ڕەنگە کەسێک لە هەندێ تایبەتمەندی هاوسەرەکەی بێزار بێت و هاوسەرەکەی بە هۆی نەبوونی هەمان ئەو تایبەتمەندییانە لە ژنەکەیدا لێی دڵگران بێت. بۆ وێنە لەوانەیە هەست بکات هاوسەرەکەی زیاد لە پێویست کۆمەڵایەتییە یان بە پێچەوانەوە کەسێکی تێکەڵ نییە. ئەگەر بە هەر شێوەیەک لەو جیاوازییانە تێنەگەن و یەکتر بەو جیاوازییانەوە قبوڵنەکەن ئەگەری لێکترازانی خێزانی هەیە.

ڕەخنەگرتن لە یەکتر: کاتێک هاوسەران لە یەکتر دەڕەنجێن ڕوودەکەنە ڕەخنەگرتن لە یەکتر، بەڵام ڕەخنە خۆی، ئازاردەرێکی یەکجار مەترسیدارە و دەتوانێت پەیوەندی لەنێوبەرێت. ڕەخنە ئەو باوەڕە لە تاکدا دروست دەکات کە هاوسەرەکەی خۆشی ناوێت. ڕەواناسان پێیانوایە کە دەکرێت ڕەخنە ناڕاستەوخۆ و لە چوارچێوەی گاڵتەدا باس بکرێت و لە حاڵەتی ڕووخێنەر ببێتە شێوەیەکی بونیاتنەر.

لەیەکتر نزیکنەبوون: نەبوونی پەیوەندییەکی نزیک و دۆستانە دەتوانێت پەیوەندییەک لەنێوببات. کاتێک ژن و مێرد نەتوانن کاتی پڕ لە خۆشەویستی و هەستی هاوڕێیەتیان هەبێت کەم کەم لە یەکتر دوور دەکەونەوە و ڕەنگە لە پڕ واز لە ژیانی هاوبەش بێنن. پەیوەندییەکی نزیک و دۆستانە پێویستی ژیانێکی بەختەوەرە.

پێزانین: کاتێک ژن و مێرد هەستێکی خۆشیان بەرامبەر یەکتر هەبێت هەوڵ دەدەن یەکتر خۆشحاڵ بکەن بە تایبەت ئەگەر سوپاس و پێزانین بەرامبەر ئەو ڕەفتارە هەبێت زیاتر هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن. بەڵام ئەگەر ئەو هەوڵە لەبەرچاو وەرزشکردن پێویستە زانیاری لەگەڵ بێت ئەگینا ڕەنگە لە بڕی قازانج زیان بگەیەنێت بە تایبەت ئافرەتان کە جەستەیەکی ناسکتریان هەیە و پێویستە بە خۆبەندنەوە و ڕۆشنبیرییەوە ڕوو لە وەرزش بکەن. سوارچاکی بۆ تەندروستی ئەو ئافرەتانەی نەخۆشی و کێشەیەکی تایبەتیان نییە، هیچ مەترسیەکی نییە و زۆر دوورە کە یەک دوو کاژێر سوارچاکی لە هەفتەدا کێشەیان بۆ دروست بکات.

ئەو ئافرەتە دوو گیانانەی کە دکتۆر ڕایسپاردوون ئیستڕاحەت بکەن و مەترسی لەبارچوونی کۆرپەیان هەیە، وابباشترە تا ماوەیەک لە مەڵەکردن دوور کەونەوە.

ئەو ئافرەتانەی کە جمک دووگیانن نابێت زۆر بە ڕێگەدا بڕۆن.

ئەگەر ماسولکەی لەشتان لاوازە وابباشترە لەبڕی وەرزشی قورس یوگا بکەن. ئەو وەرزشانەی شێوازی ریلەکس و خۆکێشانیان هەیە باشترین بژاردەن. ئەو جۆلانەی جمناستیکار لەسەر دۆشەگ ئەنجامی دەدات، پێویستی بە ئێسکی زۆر بەهێز هەیە، بۆیە ئەنجامی ئەو وەرزشە وەک پێشەگەری بۆ مێرمندالان نەگونجاوە. لە کاتی سووڕی نەیەت و سەرنج بخرێتە سەر ئەو کارانەی کە نەکراوە، خۆشەویستیان کەم دەبێتەوە و هەست دەکەن بێ هۆ هەوڵیان داوە.

چۆن کردەوە نەشیاوەکانی منداڵان بگۆڕین



ئا/ نەرمین بازید

هیچ باوک و دایک و منداڵی بێ کێشە بوون نییە، چونکە منداڵان هەموو کات بەدڵی خێزانەکان هەڵسوکەوت ناکەن و دایک و باوک وا هەست دەکەن کە ناتوانن کردەوەی منداڵەکانیان بگۆڕن و پەروەرش و نیگەران دەبن و متمانەبەخۆبوونیان لەدەست دەدەن.

ئەمڕۆکە زۆربەی دایک و باوکان لە ڕووی خوێندەواری لە ئاستی باڵا دان و لە ڕووی پەروەردەی منداڵەوە ڕووبەڕووی زۆر پرسیار دەبنەوە. کاتێک منداڵ لە مۆڵ یان فرۆشگایەک کردەوەیەکی نەشیاو دەکات چۆن هەڵسوکەوت دەکەن؟ کاتێک کۆڕەکەتان نانەکەی ناخوات یان جلەکانی ڕێکناخات چی دەکەن؟ کاتێک کچەکەتان خووی پەنجەمژینی هەیە چ کاردانەوەیەکتان دەبێت؟ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە یەکەم خاڵ ئەوەیە کە نابێت چاوەڕێی گۆڕانکاری لە ماوەیەکی کورتدا بکەن. گەر بتانەوێت بە خێرایی هەڵسوکەوتە نەشیاوەکان بگۆڕن سەرکەوتوو نابن. ئەو کردەوانە لە ماوەیەکی زۆردا دروست بوون و ڕەنگە بۆ گۆڕینیان پێویست بە ماوەیەکی زیاتر لە دروستبوونی هەبێت. منداڵەکان بە گشتی لە تەمەنێکی دیاریکراودا یەک شێواز ڕەفتاریان نییە، هەر بۆیە ناکرێت شێوازێکی گشتی بۆ منداڵانی هاوتەمەن لەبەرچاو بگیرێت.

سەرەتا کێشەکان لە ڕووی بایەخەوە دەسنیشان بکەن، بۆ وێنە ڕەنگە لای ئێوە گرنگییەکە نانخواردن بێت بەڵام بۆ کەسێکیتر کۆکردنەوە و ڕێکخستنی کەل و پەل. بۆ ئەوەی بزانن چەند لە ڕەوتارەکانی منداڵەکەتان لاتان پەسەندە و چەند ناپەسەند، جەدوەلێک دروست بکەن. لە لایەک ڕەوتارە باشەکان و لە لایەکیتر ڕەوتارە نەشیاوەکان بنووسن. غەیری مومکینە منداڵێک هەموو ڕەوتارەکانی هەڵە و نەشیاو بێت. ئەگەر دایک و باوکێک وابیردەکەنەوە ئەوە دەبێت بزانن کێشەکە لەوانە. ئەگەر منداڵەکەتان نان ناخوات پێویستە لە بارودۆخێکی وەهادا لە هەندێ تەکنیک وەک گۆڕانکاری لە دیزاینی خواردن و کەلکوەرگرتن لە پێکهاتەگەلێک کە بەدڵی منداڵە لە خواردندا سوود وەربگرن. تەنانەت هەندێ کات پێویستە شوێن و جۆری نانخواردنتان بگۆڕن. لە دوای گۆڕانکاری لەو ڕەوتارانە کە ڕەنگە بە روالەت بچوک بن، دەبێن گۆڕانکاری لە ئاکارەکانی دیکەش ڕوودەدات. هەوڵ بدەن کاری سەرنجڕاکێش بکەن بۆ وێنە بە منداڵەکە بڵێن وەرە با ئەمڕ بەیەکەوە خواردن ئامادە بکەین. یان لە بڕی ئەوەی ڕەخنە لە ژووڕە شپرزەکەی بگرێن بڵێین ئەمڕۆ میوانی تۆین و بەنیازین لە ژووری تۆ نان بخۆین کەواتە بڕۆ ژووڕەکەت ڕێکبخە. هەر بەو یاری و سوود وەرگرتن لە وشەی شیاو دەتوانن گۆڕانکاری بکەن نەک بە زمانی هەڕەشە و توندی قسەی لەگەڵ بکەن. کە بە دڵی ئێوە هەڵسوکەوتی کرد هانی بدەن و خەڵاتی بکەن. بۆ گەیشتن بە ئامانجتان دەبێت سەبر بگرن و پێداگر بن ئەگینا ناگەنە ئەنجام. لەبەرچاوگرتنی کردەوە باشەکان و هاندانی بە کەم مەزانن. متمانەی بەدەنێ خۆشتان دەوێت و ڕاشکاوانە پێی بڵێن لە کام هەڵسوکەوتی ڕازین و کام ڕەفتاریتان بەدڵ نییە. منداڵ لە هەموو تەمەنێک پێویستی بە هاندان هەیە. بە ڕستەی هاوشێوەی گەورەکان قسەی لەگەڵ منداڵ مەکەن. مەڵێن بەرپرسایەتی وەربگرە و ئاکارت باش بکە چونکە ناتوانێت لێی تێبگات. منداڵ دەبێت بزانێ ڕێک چیتان لێی دەوێت. بۆ وێنە بڵێن هەر ئێستا وەرە بەیەکەوە جلە پیسەکانت کۆبکەینەوە و بیخەینە جلشۆرەکەوە. گۆڕینی هەڵسوکەوت زەحمەتە بەڵام بە تۆزێک سەرنج و سەبرگرتن و پێداگری دەگەنە ئەنجامی پێویست.

کام جۆلەی وەرزشی بۆ ئافرەتان قەدەغەیە؟



مانگانە، هیچ ڕێگرییەک بۆ وەرزش تەنانەت وەرزشی لەشجوانیش نییە، تەنیا کەسانێک کە لەو کارە قەدەغە کراون بەسالاچوانن.

ئەگەر مێزدڵدان خزابێت تا چارەسەری تەواو وەرنەگرن تەنافێن مەکەن. بە پێچەوانەوە یاری بە تەناف وەرزشێکی بەسوودە بۆ خانمان و دەتوانێت پێش لە ژانی ئەژنۆ بگرێت.

جۆلەکانی وەرزشی وەک تایکواندۆ و کاراتی و... ئەگەر بە ڕاوێژی کارناسان ئەنجام بدرێت، بەگشتی هیچ کێشەیەکی تەندروستی بۆ ئافرەتان نابێت.

شیلان سەعدی بۆ کەمپی بەهرەدارانی بەرلیناله بانگهێشت کرا



شیلان سەعدی وەک یەکێک لە دەسنیشانکراوانی کەمپی بەهرەدرانی بەرلیناڵەی 2019 ناسێنرا. کەمپی بەهرەدارانی بەرلیناله (Berlinale Talents)یەکێک لە بەشەکانی فێستیڤاڵی بەرلینە و یەکێک لە گرنگترین ڕووداوەکانی سینەمایی جیهانە و سالانە بانگهێشتی 250 کەسی دەکات بۆ بەشداری لە کارگەکانی ڕاهێنان و خولە جیاوازەکان. ئەمساڵ ئەو ژمارەیە لە نێوان 3400 داواکراو لە 130 وڵات هەڵبژێردراوە. لە بەرلینالەی 2019 شیلان سەعدی بە پرۆژەی (I promise) بەڵێنی من لە کەمپی دیکۆمێنت ئاماده دەبێت کە لەو بەشە تەنیا 10 پرۆژە هەڵبژێردراوە. لەو فیلمە دیکۆمێنتاریە چوار ساڵ ژیانی پڕ هەوراز و نشیوی 7 کچی ئێزدی کە پاش هێرشی داعش لە کەمپی پەنابەرانی دیاربەکری تورکیا نیشتەجێ بوون و ئێستا لە وڵاتی جیاواز ژیان دەگوزەرێنن، خراوەتەڕوو. ئەو فیلمە نزیکەی چوارساڵ لە وڵاتی جیاوازی وەک تورکیا، ئەڵمانیا و هۆڵندا وێنەگیراوە. کەمپی بەهرەدارانی بەرلین (Berlinale Talents) لە 9 تا 14ی شوبات بە دروشمی "هەڵەکان چۆن دەبنە هۆکاری سەرکەوتن؟" هاوکات لەگەڵ فەستیڤاڵی فیلمی بەرلین بەڕێوەدەچێت.

فیلمی دیکۆمێنتاری "بەڵێنی من" چیرۆکی هەڵاتن، هاوڕێیەتی، ژیان و کۆچی هەفت کچی ئێزدی پاش هێرشی داعش بۆ سەر شەنگالە. و شیلان سەعدی هەوڵی داوە گۆشەیەک لە درندەیی و بێ بەزەیی داعش کە بەرامبەر کچانی ئێزدی کراوە بخاتەڕوو.

شیلان خەڵکی شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و پێشتر فیلمێکی بە ناوی "کۆڵانەکانی پشت مالی ئێمە" هەبووە.

فستیڤاڵی بەرلین بۆ یەکەمین جار، ساڵی 1952ی زایینی، بە پیشاندانی فیلمی "ڕێبێکا" دروستکراوی "ئالفرێد هیچکاک"، دەستی بە کارەکانی کرد.

خەڵاتی ورچی زێڕین بە باشترین فیلمی ئەو فستیڤاڵە دەدرێت.

پاڵەوانی ئەمریکای ناوەراست لە دیمانەیەکی خەباتدا
پینۆلۆپی دیاز: هەموو هەوڵی خۆم بۆ ئەوەیە لە تەمەنی 18ساڵیدا نازناوی WIM بەدەست بهێنم

گرنگی شەترەنج لەوەدایە کە لە مانای کات ئاگادارت دەکاتەوە



دیمانە: هاوار مورتکەیی

پینۆلۆپی گۆنزالیس دیاز Penelope Gonzalez Diaz پێی وایە شەترەنج فێری ئەوەی کردووە ژیان بە جۆرێکی تر و بە جوانتر ببینێت، هەروەها تیگەیشتن لەوەی کات لە ژیاندا چەندە گرنگە، ئەمە تێڕوانینی ئەو کچە شەترەنجزانە کوبییەیە بەرامبەر شەترەنج هەیەتی، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی لەگەڵ ئەو کچە پاڵەوانەی فیستیڤاڵەکانی پەنەما و فەنزویلایە ئەنجامداوە، خاتوو دیازی تەمەن 15 ساڵ هەڵگری نازناوی WFM، بەڵام خەونی گەورەی ئەو بەدەستهێنانی نازناوی WIM لە تەمەنی 18 ساڵیدا.

لەتەمەنی 7 ساڵیدا دەستی پێکرد

پینۆلۆپی گۆنزالیس دیاز باس لە سەرەتاکانی چوونە نیو جیهانی شەترەنجەوە گوتی: لە کۆتا رۆژەکانی ساڵی 2003 لە هاڤانا لە کوبا لەدایک بووم، و ئێستاش لە پۆلی دەیەم کە پێش زانکۆیە دەخوێنم، لەتەمەنی 4 ساڵیدا منیان خستە سەر ستێجی شانۆ و لەوێ کاری نمایشی منالانم دەکرد، بەڵام زۆر حەزم بە وەرزش دەکرد و دواجار شەترەنجیشم کرد و لە تەمەنی 7 ساڵیدا فێری شەترەنج بووم، زۆر بەزووبی فێری شەترەنج بووم و تەنها لەماوەی سێ مانگدا دوای فێربوون، بەشداریم لە خولێکدا کرد توانیم بەئاستێکی باش دەربکەوم، دوای ئەمە هەستم کرد کە دەتوانم لە وەرزشی شەترەنجدا خۆم پیبگەیەنم و بۆ ئەمەش ماڵەوەم هاندەرم بوون و پاڵپشتییان کردم.

یەکەمی ئەمریکای ناوەڕاست

دواتر ئەو کچە شەترەنجزانە لاوەی کوبا گوتی: لەزۆربەی بۆنەکاندا بەشداری پاڵەوانێتییەکانم کردووە، لەسەر ئاستی کوبا سێ جار پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمم بەدەستهێناوە، بەڵام ئەوەی زۆر بەلامەوە گرنگ بوو بەدەستهێنانی نازناوی WFM بوو کاتێک توانیم پلەی یەکەم لە فیستیڤاڵی سینترۆنێریکان بۆ لاوان لە پەنەما لە ساڵی 2017 بەدەست بهێنم،هەروەها پلەی یەکەمی (دووبارە) لە پاڵەوانێتی ئەمریکای ناوەڕاست کە لە 2018لە فەنزویلا بەڕێوەچوو بۆ خوار 18 ساڵ، ئێستاش بۆ ئەوە هەوڵ دەدەم کە کە بڕوانامەی WIM لەتەمەنی 18 ساڵیدا بەدەست بهێنم بۆ ئەمەش دەبێ بە جدی هەوڵی بۆ بدەم چونکە ئێستا لە کوبا ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی هاوشێوەی تەمەنی من لەوپەڕی بەهێزیدانە، بەڵام ئەمەش مەحال نییە، و ژیانیش بەردەوامە

شەترەنج هەموو شتێک بووە

لە کرتاییدا پینیلۆپ گۆنزالیزی پاڵەوانی ئەمریکای ناوەراست لەبارەی شەترەنجەوە گوتی: سەترەنج بەلای منەوە زۆر مانا هەڵدەگرێت، شەترەنج بەجۆرێکی تر ژیانم پی نیشان دەدات، لەمانای کات ئاگادارت دەکاتەوە، بەهۆی شەترەنجەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ زۆرێک لە بەرادەران دروست کردووە، ئاشنای کلتوری گەلان بووم، دەزانم میللەتانی تر چۆن دەژین، ئەمانە هەمووی لەشەترەنجەوە فێربووم، کەواتە شەترەنج بۆ من هەمو شتیک بووە، من زۆر بەختەوەرم بەو وەرزشەی دەستم پێکردووە، چونکە هەمیشە ئاستی خۆم بەبەرزی دەبینم



دیاز بووە یاریزانی ریال مەدرید

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە دووشەمەی رابردوو بەفەرمی یاریزانی تازەی یانەکەی ئیبراهیم دەیازی بەمیدیاکانی جیهانی و ناوخۆیی ناساند، دوای ئەوەی بۆ یاریکردن رووبکرەدە یاریگای سانتیاگۆ برنابیۆ، یانەی شاهانە لە بڵاوکراوەیەکی فەرمیدا رایگەیاند کە لەگەڵ یانەی مان سیتی گەیشتۆتە رێککەوتن بۆ گواستنەوەی یاریزان لاوی ئیسپانی ئیبراهیم دەیاز بۆ ریزی یانەی شاهانە، ئەوەبوو یانەی سیتی بەبۆندەکەی رازی بوو و ناوبراویش توانی بەسەرکەوتوویی پشکنینی پزیشکی تێپەڕێنێت. یاریزانی لاوی ئیسپانی دەیاز درێسی ژمارە 21ی لەیانەی مێرینگۆ پێدەدرێت، ناوبراویش خۆشحاڵی خۆی بەیانەی مەدریدی دەربڕی و گوتی: گەیشتمەوە ولاتەکەم، پەیوەندیم بەیانەیەک کرد کە بەردەوام خەونم پێوە دەبینی یاری لەریزەکانی بکەم، سێ شت لەژیانم دا هەبووە، هەر هەموشیان ریال مەدرید بووە.



مان سیتی
لەپێشەنگی لیستی زۆرترین گۆڵی ئەم وەرزەو ریال مەدریدیش لەپلەی 40دایە

ریال مەدرید بەردەوشێکی زۆر خراپی ئەم وەرزەدا تێدەپەڕێت، دوای ئەوەی تووشی شکستی سێیەم هاتەوە لەگەڵ راهێنەری تازەی سانتیاگۆ سۆلاری، کە دواینیان لەسەر دەستی یانەی ریال سۆسیداد بوو بە ئەنجامی 2گۆڵی خاوێن، بەمەش ریال مەدرید بۆ دووەمین جار لەسەر یەک تووشی بەربەست هاتەوە، کە تیایدا تەنها یەک خاڵی بەدەستهێناوە، بەمەش گەڕایەوە پلەی پێنجەم لەدوای یانەی دیپۆرتیڤۆ ئالاڤێش بەجیاوازی یەک خاڵ، لەماوەی 18یاریدا یانەی ریال مەدرید تەنها 26گۆڵی تۆمارکردووە، بەرێژەی 1.4گۆڵ بۆ هەریارییەک، ئەمەش زۆر کەمترە لەرێژەی ئەو گۆڵانەی لەوەرزی 1993-1992تۆماریکردوون. ریال مەدرید لە پلەی 40ئەو یانانە دێن کە خاوەنی بەهێزترین هێرشبردن، لەخوەکانی ئەوروپا لەم وەرزەدا، کە 39یانە لەپێش ریال مەدرید دێن و گۆڵەکانیان لەیانەی شاهانە زیاترن، کە پێشەنگی ئەم لیستە مان سیتی ئینگلیزی گرتوویەتی. لیستەکەش بەمشێوەیە دێت:

(مان سیتی 56گۆڵ، بەرشلۆنە 50گۆڵ، پاریس سان جێرمان/فەرەنسا 50گۆڵ، لیڤەرپوول/ئینگلتەرا 49گۆڵ، ئارسنال/ئینگلتەرا 46گۆڵ، تۆتنهام/ئینگلتەرا 46گۆڵ، بۆرۆسیا دۆرتمۆند/44گۆڵ، مان یونایتد/ 43گۆڵ، ئەتلانتا/ئیتاڵیا 39گۆڵ، چێلسی/ئینگلتەرا 38گۆڵ، یۆڤنتۆس/ئیتاڵیا 38گۆڵ، ناپۆلی/ئیتاڵیا 37گۆڵ، بایرن مونیخ/36گۆڵ، بۆرۆسیا مونشنگلادباخ/ئەڵمانیا 36گۆڵ، فرانکفۆرت/ئەڵمانیا 34گۆڵ، ڕۆما/ئیتاڵیا 34گۆڵ، هۆفنهایم/ئەڵمانیا 32گۆڵ، ئیڤرتۆن/ئینگلتەرا 31گۆڵ، ئەشبیلیە/ئیسپانیا 31گۆڵ، ئینتەرمیلان/ئیتاڵیا 31گۆڵ، بۆرنموس/ئینگلتەرا 31گۆڵ، لایبزیگ/ئەڵمانیا 31گۆڵ، ستراسبۆرگ/ 30گۆڵ، لیۆن/فەرەنسا 30گۆڵ، مارسیلیا/فەرەنسا 30گۆڵ، لیڤانتی/ئیسپانیا 30گۆڵ، ساسۆلۆ/ئیتاڵیا 30گۆڵ، وێستهام/ئینگلتەرا 29گۆڵ، لیل/فەرەنسا 29گۆڵ، ڤێردەربریەن/ئەڵمانیا 28گۆڵ، سێلتا فیگۆ/ئیسپانیا 28گۆڵ، لازیۆ/ئیتاڵیا 28گۆڵ، سانت ئیتیان/فەرەنسا 27گۆڵ، فۆلفسبۆرگ/ئەڵمانیا 27گۆڵ، رین/فەرەنسا 27گۆڵ، لیڤەرکوزن/ئەڵمانیا 26گۆڵ، هێرتا بەرلین/ئەڵمانیا 26گۆڵ، ریال مەدرید/ئیسپانیا 26گۆڵ.



www.xebat.net
چوارشەممە 2019/1/9 ژمارە (5668)
خەبات

کچانی تۆپی دەستی ئافرۆدیت لەبارەی کەمیی یانەکانی تۆپی دەست بۆ خەبات دەدوێن

ڕاپۆرت و بەدواچوون:
سەرهەنگ نەجمەدین

یانەکانی تۆپی دەستی کوردستان لەسەر ئاستی کچان بەگشتی لەسەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵەی ڕابردوو تاوەکو ئێستا لەپەنجەی دەست تێپەر ناکات، ئەگەر بپرسین بۆچی یانەکان بەم شێوەیە بوونیان یەکجار کەمە لەکوردستان، لەوەڵامدا ڕاستەوخۆ دەڵێن قەیرانی دارایی و نەبوونی بوودجە بۆتە هۆکارێکی سەرەکی دانەمەزراندنی تیپی تۆپی دەستی کچان ، گرنگیان ئەگەر قەیرانی دارایی هەبێت ئەی بۆچی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان بیر لەوە ناکاتەوە لەکاتی نەکردنەوەی خول یاری تۆپی دەست بەرەو نەمان دەچێت، ئەی بۆچی ساڵانە یەکێتی ناوەندی تۆپی دەستی کوردستان وەک یەکێتی تۆپی پێ خەرجی بۆ کردنەوەی خول پەیدا ناکات، گرنگیان ئەگەر ئەم کارانەیان پێ ناکرێت بۆچی بیر لەدەست لەکارکێشانەوە ی خۆیان ڕاناگەیەنن، ئەگەر بپرسین ڕەوشی تۆپی دەستی کچان لەم ماوەیەدا چۆن بووە و لەچ ئاستێکدا بووە ، ئەوا وەڵامەکەی لەم کچە وەرزشوانانەی خوارەوە دەستمان دەکەوێت، هەروەها لەکوردستان تاچەند بایەخ وگرینگی بەوەرزشی ئافرەتان دەدرێت،بۆ وەڕگرتنی وەڵامەکانی ئەم پرسیارانە بەباشمانزانی لەڕاپۆرتێکی مەیدانیدا چەند کچە وەرزشوانێکی تیپی کچانی تۆپی دەستی یانەی (ئافرۆدیت)ی شاری سلێمانی بدوێنین وسەرەتا لەگۆڵپارێزی یانەی ئافرۆدیت خاتوو شانۆ محەمەد دەستمان پێکرد و ناوبراو لەبارەی چۆنیەتی هاتنی بۆ نێو دونیای وەرزش

ئەو بۆ لاپەرەی ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند: بێگومان هەر لەسەر دەمی قوتابخانەوە دەستم بەوەرزش کردن کرد تا ئەو کاتەی کەئاست وتوانایەکی باشم بۆ دروست بوو بۆ یاری کردن لەیانەکان، ئەم هۆکارەش وایکرد کەبچمە یانەی ئافرۆدیت و هەر لەوێ پەرە بەئاست وتوانای خۆم بدەم، خۆشبەختانە بەهۆی ئەم یانەیەوە بۆ ڕێزی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی عێراق دەستنیشانکرام ، هەروەها لەگەڵ ئەم هەڵبژاردەیە توانیم بەشداری پاڵەوانیەتی ئاسیا بکەم کەلەوڵاتی ئەردەن سازکرابوو، بەڵام ئەنجاممان وەک پێویست نەبوو کە شایەنی باسکردن بێت.

هەر لەبارەی ڕەوشی وەرزشی ئافرەتان لەکوردستان بەگشتی ولەسلێمانی بەتایبەتی خاتوو شانۆ محەمەد بۆ ئەم مەبەستە گوتی: ڕەوشی وەرزش کوردستان بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی بوودجەی گشتی بۆ یانەکان، بێگومان وەرزش پەکی کەوتووە و وەک جاران بایەخ و گرینگی پێ نادرێت، بەڵام لەشاری سلێمانی وەرزشی ئافرەتان بەردەوامە و بەهۆی دڵسۆزیان بۆ یانەکانیان کچە یاریزانەکان هیچ کات لەوەرزش کردن دوور ناکەونەوە، هەمیشە یاریزانەکان بەگشتی بیر لەبەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیان ناکەنەوە تەنها بیر لەبەرژەوەندی یانەکانیان دەکەنەوە پێش بەرژەوەندی خۆیان.

ئەو کچە وەرزشوانە لەبارەی بەرنامەی مەشق وڕاهێنانیان گوتی: بەهۆی نەبوونی خول وپاڵەوانیەتی، مەشقەکانمان جێگیر نییە، بەڵام لەهەفتەیەکدا دوو جار بەردەوام مەشق وڕاهێنان دەکەین ، خۆم زۆر دڵخۆش دەبم کاتی ئامادەی مەشق وڕاهینان دەبم، بەتایبەتی لەئاست و توانای خۆم وەک پێویست رازی نیم ، بۆیە هەوڵ دەدەم خۆم ماندوو بکەم تا بگەمە لوتکە.

گوتیشی: نەکردنەوەی خول وپاڵەوانیەتی بۆتە هۆکارێک کە یاریزانان لەیاری کردندا سارد ببنەوە، بەڵام ئێمە وەک پاڵپشتیەک هەموو کات هانی یەکتر دەدەین بۆ ئەوەی لەوەرزش کردن هەمیشە بەدوور نەبین و بەردەوام بین لەوەرزش کردندا .

هەر لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەماندا ئەمجارەیان خاتوو گەردان محەمەد دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی سلێمانی یاریزانی هەمان یانەی ناوبراو ئەمەیش لەبارەی ڕەوشی وەرزشی ئافرەتان لەکوردستان بەگشتی قسەی خۆی هەبوو ئەو بەوشێوەیە گوتی: وەرزش لەم کات و ساتەدا بەرەو خراپی هەنگاو دەنێت، نەکردنەوەی خول وپاڵەوانیەتی و دابەش نەکردنی پێداویستی وەرزشی بەسەر یاریزانان و یانەکان ، هەمووی هۆکارن کە وەرزشی ئافرەتان بەرەو خراپی و لەناو چوون و سستی بروات.

ئەو کچە وەرزشوانە بەمتمانەیەکی زۆر و بڕوایە ، وانەی وەرزشیم لەسەرجەم خوێندگاکانی کوردستان دەکردە وانەیەکی سەرەکی، بەڵام بەداخەوە هەر لەقوتابخانەکانی بنەرەتی تا دەگەیتە قۆناغی گۆلێژ بەهیچ شێوەیەک وەک پێویست بایەخ و گرینگی بەوەرزش نادرێت، ئەگەر وەرزش وەک وانەیەکی سەرەکی لەقوتابخانەکان بناسرێت، بێگومان قوتابی هەر لەتەمەنی منداڵییەوە فێری یاریکردن و زانستی وەرزشی دەبێت.

لەبارەی ئەو گرفتانەی کەبۆتە ڕێگر لەپێشخستنی وەرزشی ئافرەتان خاتوو گەردان بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە وەڵامی ئەم پرسەی دایەوە و گوتی: لەئێستادا گرفتێکی زۆر هەن بێ چارەسەرکردن مانەوە کە تەنگی بەوەرزشی ئافرەتان هەڵچنیوە.

کچە یاریزانێکی دیکەی یانەی ئافرۆدیت خاتوو سۆز حەسەن مەجید ئەمەیش وەک یاریزانەکانی دیکەی هەمان یانەی ئامادەبێکراو لەبارەی چۆنیەتی هاتنی بۆ نێو دونیای وەرزش و سەرەتای دەستپێکردنی ناوبراو بۆ لاپەرەی وەرزشی خەبات گوتی: وەک هەر قوتابیەک سەرەتا لەقوتابخانە دەستم بەوەرزش کردن کرد، پاشان بۆ گرنگیدان بەئاست و توانای خۆم، ڕوومکردە یانەی ئافرۆدیت و ئێستا لەم یانەیە بەسەرکەوتوویی یاری تۆی دەست ئەنجام دەدەم.

لەبارەی ئاستی وەرزشی ئافرەتان لەکوردستان بەگشتی و لەشاری سلێمانی بەتایبەتی خاتوو سۆز بۆ ئەم پرسیارەیش گوتی: سالانی ڕابردوو ئاستی وەرزشی ئافرەتان زۆر لەئێستا باشتر بەتواناتر بوو ، چونکە کاتی خۆی هەموو کات خول وپاڵەوانیەتی بۆ یانەکان ڕێکدەخرا، بەڵام ئێستا بۆ ماوەی 3 ساڵ تێپەر دەبێت بەفەرمی هیچ پاڵەوانیەتیەکی کوردستان لەسەر ئاستی یانەکان ئەنجام نەدراوە.

هەر لەدرێژەی قسەکانیدا ئەم کچە وەرزشوانە ئامارەی بۆ تەورێکی دیکە کرد و گوتی: زۆر گرفتمان هەیە، بەڵام باسی کامیان بکەین، ئەوەتا نەبوونی یاریگای تایبەت بەیاری تۆپی دەست و نەکردنەوەی خول و دابەش نەکردنی مینحەی یانەکان، ئەمانە هەمووی گرفتن لەبەردەم یاریزانانی یانەکان، بەڵام کەی و چۆن ئەم کێشانە چارەسەر دەکرێت.

سۆما عەلی ئەو یاریزانەی کەهەمیشە لەناو پێکهاتەی تیپی تۆپی دەستی ئافرۆدیت دا شوێنی دیارە و ئەو لەزۆر یاریبەکان بۆتە هەوێنی سەرکەوتن،ڕاهێنەر زۆر متمانەی بەم یاریزانە هەیە لەکاتی یاریبەکاندا، بۆ زیاتر ئاشنا بوون و نزیک بوونەوە لەم کچە یاریزانە ئاست بەرزەی یانەی ئافرۆدیت بەپرسیاری بۆچی بەدیاریکراوی شاری سلێمانی بەتایبەتی وەرزشی ئافرەتان هەست دەکرێت فەرامۆش کراوە لەزۆر ڕووەوە دەستمان پێکرد و

ئەو لەوڵامدا بەمشێوەیە گوتی: لەشاری سلێمانی ئەوەی گرینگی پێ نادرێت تەنها بواری وەرزشە بەگشتی،هەر ئەم هۆکارەش وایکردووە کە بواری وەرزش لەشارەکە بەردەو کزی و سستی و خراپ بوون بڕوات.

ئەو کچە وەرزشوانە لەدرێژەی قسەکانیدا زیاتر گوتی: هیچ بروا ناکەم جارێکی دیکە وەرزش بگەڕێتەوە دۆخی جارانی خۆی، تەنها ئەوەی گوێ بیستی دەبین قسەی بریقەدار و بێ کردار وبێ بەڵێنن، هەموو کات بەڵێنی ئەوە دەدەن کەبەنیازن خول وپاڵەوانیەتی بکەنەوە، بەڵام پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت (سالّ بەسالّ خوزگە بەپار) .

لەبارەی ئاست نزمی وەرزش و نەبوونی ڕاهێنەرێکی پرۆفیشنالّ بۆ یانەکانی کوردستان خاتوو سۆما عەلی بۆ ئەم پرسەیش دەڵێت: بەتەئکیدەوە دەڵێم خراپی باری دارایی بۆتە هۆکارێکی سەرەکی کە ڕاهێنەری پرۆفیشنالّیش هیچ کات خۆی ناچار ناکات بەبێ هاوکاری ماددی و پاڵپشتی نەکردن خۆی بۆ یانەکان ماندوو بکات .

سەبارەت بەچۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی کەبەروکی وەرزشی گرتووە خاتوو سۆمای یاریزانی ئافرۆدیت بۆ ئەمەیش گوتی: تا وڵاتی ئێمە تەنها بیر لەکاری تاکە کەسی وبەرژەوەندی خۆیان بدەن، هیچ کات شتە بەکۆمەڵەکان باش و یەکگرتوو نابن، ئەگەر دەیانەوێت کێشەکان چارەسەر بکەن ، دەبێت هەموو بەیەک ڕەنگ و بەیەک دەست کار بکەن تا سەرکەوتووبن .بەڵام بەپێچەوانەوە بیر لەبەرژەوەندی خۆیان بکەنەوە وەک تاکە کەسی ئەوا هیچ کات ئەو وڵاتە پێش ناکەوێت.

گوتیشی: ئەوانەی لەئێستادا لەیەکێتیە وەرزشییەکان کار دەکەن و پۆستیان هەیە، تەنها کەسێکن سەر بەحزب ولایەنێکن، بۆیە پێویستە کەسی شیاو و خاوەن ئەزموون لەیەکێتیە وەرزشییەکان دابندرێت.

لەبارەی نەکردنەوەی خول بۆ یانەکانی کوردستان و هۆکاری دواخستنی بۆ کاتێکی نادیار خاتوو سۆما بۆ ئەم پرسە گرینگە قسەی خۆی کرد و گوتی: تائەو کاتە هیچ کات و وادەی کردنەوەی خولی تۆپی دەستی کوردستان دیار نییە، بۆیە وایلێهاتووە بڵێین هەر کاتێک یانەی هەولێر تیپی ئامادە نەبوو بۆ خولەکە ئەوا خولەکە بەڕێوەناچێت، هەر کاتێک تیپی هەولێر ئامادەکاری خۆی ڕابگەیەنێت ئەوا خولەکە ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەم مەبەستە یاریزانانی یانەکان ئێستا تەنها بوونەتە یاریزان و پاڵەوانی مەشق وڕاهێنانەکان، نەک یاریزانانی خول پاڵەوانیەتیەکان.

ئەو کچە وەرزشوانە لەبارەی پێکهاتەی و ڕاهێنەری تیپەکەیان گوتی: بۆ ئەم وەرزە زۆر لەیاریزانەکانی نێو تیپەکەمان زۆربەیان لاون، هەندێکیشان بەهۆی ژیانی تایبەتی خۆیان لەوەرزش کردن دوورکەوتوونەوە.

دواجار خاتوو سۆما لەبارەی دڵسۆزی و وەفاداریان بۆ یانەکان ڕاشکاوانە گوتی: ئەوەی ئێمەی لەو یانەیە کۆکردۆتەوە ماددەو پارە نییە، تەنها و تەنها خوشەویستی و دڵسۆزی یاریزانەکانە بۆ خودی یاریبەکە بەگشتی و یانەکە بەتایبەتی.

سۆما عەلی:
پێویستە کەسی شیاو و خاوەن ئەزموون لەنێو یەکێتییە وەرزشییەکان دابندرێت

شانۆ محەمەد:
یاریزانەکان بەگشتی پێش بەرژەوەندی خۆیان بیر لەبەرژەوەندی یانەکانیان دەکەنەوە

سۆز حەسەن:
سالانی ڕابردوو ئاستی وەرزشی ئافرەتان زۆر لەئێستا باشتر بوو



مێسی
بەتەنها پێش هەموو یاریزانانی ریال کەوتەوە

یانەی بەرشلۆنە لەگەڕی 18ی خولی ئیسپانیادا زۆر بەزەحمەت لەیانەی خیتافی بردەوە بە ئەنجامی 2-1گۆڵ، کە یەکەمین یاری یانەی کاتەلۆنی بوو لەساڵی 2019دا. لەو یاریبەدا ئەفسانەو گۆڵکاری مێژوویی خولی ئیسپانیا لیۆنێل توانی هەروەکو پیشەی ئاسایی خۆی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە بەئاستێکی بەرز دەربکەوێت. مێسی گۆڵی یەکەمی یانەی کاتەلۆنی لەو یاریبەدا تۆمارکرد و بەمەش گەیشتە گۆڵی ژمارە 16ی ئەم وەرزەی لەخولی لالیگا، بەم گۆڵەش مێسی لەم وەرزەدا بەشداری 26گۆڵی کردووە، بە تۆمارکردنی 16گۆڵ و دروستکردنی 10گۆڵ. ئەم ڕێژەیەی تۆمارکردن و دروستکردنی گۆڵی لیۆنێلا مێسی ژمارەی ئەو گۆڵانەیە کە ریال مەدرید لەم وەرزەدا تۆماریکردوون.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 9. Jan. 2019 No: (5668)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



وادەی بێری لە باکوور

هاوتا ئەسعەد: بۆ دەبێت زیاد خۆی نەبێت؟!

ئەو گۆرانییەی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بلاوکرایەوە زیاد ئەسعەد بوو؟

توانا زرار



چەند ڕۆژێکە لەچەند و پەیج و ئەکاونتێکی تۆڕەکۆمەلایەتییەکان لە فەیسبووک گۆرانییەک بلاوکرایەوە ،کەگوایە ئەم گۆرانییە دواین بەرهەمی هونەرمەند زیاد ئەسعەدە و ،بەبلاوکردنەوەی ئەم گۆرانییە ،ئەم هونەرمەندە ئەو بێدەنگییەی شکاند کەسالانێکی زۆرە هەوادارانی چاوەڕوانیان لێدەکرد.

لەڕاستیدا دەرکەوت ئەو گۆرانییەی لەتۆڕەکۆمەلایەتییەکان بلاوکراوە بەناوی هونەرمەند زیاد ئەسعەد، هونەرمەند زیاد ئەسعەد نییە.بەڵکو کەسێکی دیکەیە لاسایی دەنگی ئەوی کردۆتەوە. بەپێی بەشێک لەوانەی کۆمێنتیان نووسیووە ئاماژە بەوە دەکەن . وەک دەنگ و ئاوازەکەی کەمێک دەچێتەوە سەر دەنگی هونەرمەند زیادئەسعەد، بەڵام زیاد ئەسعەد نییە.هەر بۆ بەرچاو ڕوونی هەواداران و وەک ڕووتکردنەوەیەکیش هونەرمەند هاوتا ئەسعەد ، کە دەکاتە برای هونەرمەند زیاد ئەسعەد لەکۆمێنتێکدا بۆ ئەوە نووسیوویەتی: سەیرە... تۆ بڵێی ئەو هەموو ساڵەی زیاد بێدەنگە .. ئەمە بەرهەمی تازەی بێت..؟ هەروەها نوسیوویەتیشی : ببوورن ئەمە هیچ پەیوەندی بەزیادی برامەوە نییە، لەڕاستیدا گۆرانییەکە گۆرانییەکی خراپ نییە ، بەڵام ئەو کەسەی گۆرانییەکەی گوتووە دەنگی لەزیاد دەچێت، بەڵام بۆ دەبێت خۆی نەبێت؟هونەرمەند زیاد ئەسعەد، ساڵانێکە دوور لەکوردستان دەژیت و بێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکی هونەری یان هەواڵێکی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە هەوادارانی چاوەڕوان و تامەزرۆی ئەوەن وەک ساڵانی پێشوو بەرهەمی نوێی بلاوبکاتەوە، بەڵام ئەو تا ئێستا بێدەنگی هەڵبژاردووە، لەڕووی ئاواز و هۆنراوەشەوە یارمەتی زۆرێک لەهونەرمەندانیداوە و هەمیشە کاری بۆ کردوون.



کێشی چەندە قەڵەو بووە؟

کریستاڵ بەستایل و شێوازی نوێ دەردەکەوێتەوە

وریشە عومەر

خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژ کریستاڵ لە نوێترین دەرکەوتنیدا، لەکاتی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان لێیان پرسی بۆ دیارنیت؟ گوتی: واباشترە بۆی خۆشەویست بێت، کاتێک لێیان پرسیی خۆشەویست بوویت؟ بەپێکەنینەوە گوتی: تەقریبەن، دەربارەی هۆکارچییە کەماوەیەکی زۆرە لەبواری نواندن و گۆرانی گوتندا بەرهەمی نوێی نییەودیارنییە گوتی: بێ گومان هەرکەس بارو دۆخی ژیانی تایبەتی خۆی هەیە، ناتوانم بڵێم وازم لەهونەر هێناوە چوونکە هونەر لەخوێنم دایە، بەڵام نەبوونی سپۆنسەر هۆکاری سەرەکی بووە، دەشبێیت تەوازنێک ڕابگریت لەو نێوەندەدا، زیاترگوتی: بەرنامەم هەیە بۆکارکردنەوە لەبواری هونەر، لەدوای سەری ساڵ دەست بکەمەوە بەکاری هونەری بەشێواز و ستایلی نوێ و زۆر باشتر لەجاران. دەربارەی کاری ڕابردووی گۆرانی وەیش، کریستاڵ گوتی: لێی پەشیمان نیم چونکە ئەوکات منداڵ تر بووم لەئێستا ئەوکارەشم بۆمنداڵ کردوە، دەربارەی ڕەخنەش کریستاڵ دەڵێیت: هەرئافرەتێک کاری هونەری بکات بیگومان ڕەخنەی لێ دەگیرێیت،گرنگە ڕەخنەکان دروست کەربن نەک ڕووخێنەر، من هەردووجۆر ڕەخنەم لێ گیراوە، بەڵام من ڕەخنە دروست کەرەکانم لای خۆم هەڵگرتوە و کارم لەسەرکردوون.

دوور لەهونەر لێیان پرسی چیە دەڵێت کێشت زیادی کردووە؟ کریستاڵ بەپێکەنینێکی پێ ناخۆش بوونەوە گوتی: ناکوا کێشم زیادی کردوە هەروەکو خۆم (66-67) کیلۆم،هیچ زیادم نەکردوە، بەڵام ئەوکێشەیەم هەیە کەلەبەردەمی کامێرا وەکو خۆم دەرناکەوم. دەربارەی ئایە جوان کاریت ئەنجام داوە بەپێکەنینەوە گوتی: ئەوە کەی پرسیارە من بۆخۆم هەرجوانم.

لەدوومداهیدا کریستاڵ گوتی: پێویستەپشتگیریی باشمان بکرێت بۆ ئەوەی کار و بەرهەمی باشتر و جوانتر پێشکەش بکەین، وەک هەر هونەرمەندێکی دیکە پێویستم بەپشتگیریی بەهێزە بۆ ئەوەی بتوانم کاری جوانتر پێشکەش بکەم، چ لە ڕووی نواندنەوە چ لەڕووی گۆرانی گوتنەوە. کریستاڵ پێیوایە پێویستە هونەرمەند کارێک بکات کە لەگەڵ ئاست و توانا و ستایلی خۆیدا بگونجێت بۆیە دەڵێت: حەزم کردووە کاری زۆرو بۆر نەکەم، حەزم کردووە بەستایلێکی نوێوە دەربکەومەوە، کە سەد لەسەد لەگەڵ توانا و کەسایەتی و دەنگ و ڕەنگی منداڵ بگونجێت و یەک بگرێتەوە، کریستاڵ سەرەتا بەکارکردن لە دراماو نواندن هاتە ناوبواری هونەرییەوە، دواتر دەستی بەگۆرانی گوتن کردووە و ئەلبومێکی گۆرانی و چەند ڤیدیۆ کلیپێکی تۆمارکراوی هەیە.

